**بەکارهێنانی پرسیار لە توێژینەوەدا بابەتێکی باوە لە توێژینەوە وەسفییەکاندا مەبەست لەو توێژینەوانەیە کە ژمارە و ژماردنی تێدا نییە چونکە زیاتر پەیوەندیان بە تایبەتمەندێتی و ئاراستەکانەوە هەیە بەڵام لە توێژینەوە ئەزموونییەکاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکار دەهێنرێت، توێژەران زۆرجار لە هەمان کاتدا پرسیار و گریمانەش بەکار دەهێنن ئەمەش بە ئامانجی قوڵبوونەوەیە لە توێژینەوەدا هیچ جۆرە کێشەیەك لە بەکارهێنانیاندا نیە .**

**جۆرەکانی گریمانە لە توێژینەوەی زانستیدا :**

Types of hypotheses in scientific research أنواع الفرضيات في البحث العلمي

١) **گریمانەی ئەرێنی :** الفرضية الإيجابية Positive hypothesis

**وا تە پەیوە ندی ڕا ستەوخۆ لە نێوان گۆڕاوە سەربەخۆکە و گۆڕاوە وابە ستەکاندا هە یە، وا تە لە حاڵەتی زیادبوونی گۆڕاوە بەربەخۆکەدا بڕ یان کوالیتی گۆڕاوە وابەستەکە زیاد دەکات . بۆ نموونە :**

**تاوەکو کوالیتی بەرهەمهێنان زیاتر بێت ڕێژەی کڕین زیاتر دەبێت .**

٢) **گریمانەی نەرێنی :** الفرضية السلبية Negative hypothesis

**بەو مانا یە د ێت، وا تە پەیوە ندی پێ چەوانە لە ن ێوان گۆڕاوە سەربەخۆکە و گۆڕاوە وابە ستەکاندا هە یە، وا تە لە حا ڵەتی ز یادبوونی گۆڕاوە سەربەخۆکەدا بڕ یان کوالیتی گۆڕاوە وابە ستەکە کەم دە کات وە بە پێچەوانەشەوە. بۆ نموونە :**

**تاوەکو نرخەکان بەرز تر بێت ڕێژەی کڕین کەمتر دەبێت .**

٣) **گریمانەی پووچ :** الفرضية الصفرية Null hypothesis

**بوونی هەرجۆرە پەوەندییەك لە نێوان گۆڕاوی سەربەخۆ و وابەستەدا ڕەتدەکاتەوە. بۆ نموونە :**

**زانستی ژمێریاری هۆکاری بەشدارە لە بەرزکردنەوەی ڕێژەی جەستی جەستە** (اللياقة البدنية) .

**بەڵام لە هەندێك باردا گریمانەی جێگرەوە** ( فروض البديلة) **هەیە، ئەویش لەو کاتەدا گۆڕانکاری یان پەیوەندی لەنێوان گۆڕاوەکاندا هەیە بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم .**

**گرنگترین سەرچاوەکانی بۆ دارشتنی گریمانەکان :**

The most important sources of hypothesis formulation أهم مصادر صياغة الفرضيات




**لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەی لە دارشتن**

١) **توێژینەوەکانی پێشوو :** الدراسات السابقة Previous studies

**مەبە ست لە بابە تەکانی توێژی نەوەکانی پێ شوو کە پەیوەی ندییان بە توێژینەوە کەی ئێ ستاوە هە یە ، بە یەکێك لە سەر چاوە گرنگەکانی دارِ شتنی گریما نەکان دادەنر ێت کە تو ێژەر دەتواێت سودیان لێ وەربگرێت .**

٢) **ئەزموونە کەسییەکان :** الخبرات الشخصية Personal Experience

**پسپۆڕییە زانستییەکان لە نێوان سروشتی و کۆمەلاّیەتیدا جیاوازن ، هەروەها لە شێوازی توێژینەوەی توێژەرەوە لە زانکۆی و خوێندنی بالاّدا ، لەسەر ئەم بنەمایە توێژەر دەتوانێت گریمانەکان داهێنێت کە بە بۆچوون تێڕوانینی توێژەر چارەسەری کاتی کێشەکان دەبێت .**

٣) **داهێنەری فکری :** الإبداع الفكري Intellectual creativity

**ئەم سەرچاوەیان بەیەکێك لە لەهێزترین و باشترین ڕێگاکانی دارشتنی گریمانەکان دادنرێت ، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانە عەقلێیەکان و بیرکردنەوەی داهێنەری ، بەهۆیەوە توێژەر دەتوانێت بگاتە چارەسەرێکی سەرەتایی بۆ کێشەکانی توێژینەوە لە شێوەی چەند گریمانەیەك دارشتنیان بۆ بکات .**

**مەرجەکانی کوالیتی گریمانە : شروگ جوده الفرچیات** Quality conditions for hypotheses



**گریمانە پێویسنە چەند تایبەتمەندییەکی تێدابێت ،ئەمەش لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە ئەرێنییەکان، لێرەدا بەم شێوەیە ڕوونی دەکەینەوە :**

١) **ڕوونی مانا** : وضوح المعنى Clarity of meaning

**گریمانەکان لە ڕستەی هەواڵییەوە دادەڕێژرێن ، گرنگە توێژەر ووشەسازی سادە و ساکار بەکار بهێنێت ، ئەگەر هەرجۆرە زاراوەیەك لە گریمانەکاندا هەبێت پێویستە توێژەر لە ڕووی زمانەوانی و ڕێکارییەوە (** اللغوي والإجرائي**) لە بڕگەی پێناسینی زاراوەکاندا پێناسەیەکی ڕوونی بکات .**

٢) **کورتکراوە** : الاختصار Shortcut

**گرنگە توێژەر گریمانەکان بە شێوەیەکی پوختکراوە دەربڕێت ، هەروەها جۆری پەیوەندی نێوان گۆڕاوە سەربەخۆ و وابەستەکان دابڕێژێت ، لێرەشدا پێویستە کەمترین ووشە بەکاربهێنێت .**

٣) **لۆژیکی** : الواقعية Realism

**گرنگە گریمانەکانی توێژینەوە لە هەردوو ڕووی لۆژیکی و پرەنسیبەکانەوە قبوڵکراو بێت ، پێش ئەوەی شیکاریان بۆ بکرێت .**

٤) **توانای پێوانە کردن** : القابلية للقياس Measurability

**گرنگە گریمانەکانی توێژینەوە بتوانرێت پێوانە کردن و تاقیکردنەوەیان بۆ بکرێت .**

**چەند نموونەیەك بۆ دیاریكردنی گۆڕاوەكانی توێژینەوە لە توێژینەوەكاندا :**

- تأثير العولمة على توجهات الشباب والفتيات في الأردن:

**گۆڕاوە سەربەخۆكە** (العولمة)، **گۆڕاوە وابەستەكە** (توجهات الشباب والفتيات في دولة الأردن)

- تأثير الوعي الثقافي على الصحة العامة:

**گۆڕاوە سەربەخۆكە** (الوعي الثقافي)، **گۆڕاوە وابەستەكە** (الصحة العامة)

- تأثير ضغط الدم على قلب الإنسان:

**گۆڕاوە سەربەخۆكە** (ضغط الدم)، **گۆڕاوە وابەستەكە** (قلب الإنسان)

- تأثير المبيدات الحشرية على الثروة الحيوانية والنباتية:

**گۆڕاوە سەربەخۆكە** (المبيدات الحشرية)، **گۆڕاوە وابەستەكە** (الثروة النباتية)

- تأثير الكالسيوم على عظام وأسنان البشر:

**گۆڕاوە سەربەخۆكە** (عنصر الكالسيوم)، **گۆڕاوە وابەستەكە** (أسنان البشر)



**دیاری کردنی بوارەکانی توێژینەوە (نموونەی ، کات ، شوێن) ی توێژینەوەکە :**

Identify areas of research تحديد مجالات البحث



**بوارەکانی توێژینەوە پێك هاتووە لە :**

1) **بواری نموونەیی (بواری مرۆیی) : واتە جۆری ئەو نموونانەی کە توێژینەوەکەی لەسەر بەجێدەگەیەنرێت.**
2) **بواری کات : واتە دیاری کردنی کاتی دیراکراو بۆ بەجێگەیاندنی توێژینەوەکە .**
3) **بواری شوێن : واتە شوێنی بەجێگەیاندنی توێژینەوەکە.**

**دیاری کردنی بوارەکانی توێژینەوە بە هەمان شێوەی هەنگاوەکانی دیکەی توێژینەوە لە ناونیشانەوە سەرچاوە دەگرێت چونکە ناونیشان دیاری دەکات نموونەکان و کاتی پێویست و شوێنی توێژینەوەکە لە کوێیە .**

**بواری نموونەی لە هەر توێژینەوەیەکدا جیاوازە چونکە بە گوێرەی توێژینەوەکان نموو نەکان دەگۆڕێت ، لەو توێژینەوەوانەی لە سەر مرۆڤ ئەنجام دەدرێت بواری نموو نەی بریتییە لە(مرۆڤ)، لە کاتێکدا بواری نموو نەی لە توێژینەوەیەکی کیمیادا بریتییە لە ماددەیەك یان چەند ماددەیەکی جیاواز هەروەها لە بواری کشتوکاڵدا جۆرێك ڕووەك دەبێت و لە بواری گیانەوەریدا جۆرێك لە گیا نەوەر ، لە بواری فیزیادا دەکرێت جۆرەکانی ڕووناکی یان هەربابەتێکی دیکە بێت ، لە هەندێك توێژینەوەی تاقیگەیدا لەوانەی جۆرێك میکرۆب یان نەخۆشی بێت .**

**بواری کات لە توێژینەوەدا ، بە چەند جۆرێك شێوازی جیاواز دیاری دەکرێت ، بیروڕاکان بۆ دیاری کردنی کات بەم شێوانەن :**

A. **لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکی دارشتنی پلانی(چوارچێوەی) توێژینەوە تاوەکو ئەو ڕۆژەی توێژەر لە نوسینی توێژینەوەکە تەواو دەبێت .**

B. **ئەم جۆرەیان لە سەرەتای دەسپێکی ئەزموونەکانی پشکنین** (التجارب الإستطلاعية) **واتە توێژینەوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ئەنجامدانی ئەزموونەکانی سەرەکی کۆتای توێژینەوە تاوەکو کەمترین هەڵە لە بەجێگەیاندنی ئەزموونەکانی سەرەکیدا نەبێت ، تاوەکو کۆتای ئەزمونەکانی سەرەکی .**

C. **لە جۆرێکی دیکەدا کاتی پێویست بۆ توێژینەوەکە لە بەرواری دەستپێکی تاقیکردنەوە سەرەکییەکان تاوەکو کۆتای تاقیکردنەوەکان ، واتە تەنها کاتی تاقیکردنەوەکان هەژمار دەکرێت.**

D. **لە ڕایەکی دیکەدا لە بەرواری دەستپێکی جێبەجێکردنی پرۆگرامی توێژینەوەکە تاوەکو کۆتا بەرواری بەجێگەیاندنی پرۆگرامی توێژینەوەکە .**

**ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە هەریەك لەو بنەمایانە بۆ دیاری کردنی کاتی توێژینەوە ، ڕوون دەبێتەوە هەر یەك لەو جۆرە دیاری کردنانە بۆ جۆرێك لە توێژینەوە گونجاوە ، ئەوەی پسپۆڕان و ئەندامانی لیژنەیە ئەو بڕیارە دەدەن ، ئایا توێژینەوەکە کاتی دیاری لە چ کاتێك بۆ چ کاتێکی ترە .**

**ئەو شێوازانەی بۆ بڕگەی کات لە توێژینەوە لە ڕێگەی بەش و کۆلێژەوە دیاری دەکرێت یان توێژەر خۆی یەکێك لەو شێوازانە هەڵدەبژێرێت ، دواتر لە گفتوگۆی کۆتایدا ئەگەر ئەندامانی لیژنەی بۆچوونی جیاواز یان هەبوو ، بەکۆی دەنگی ڕەزامەندی ئەندامانی لیژنەکە کاتی دیاری کراوی توێژینەوەکە یەکلای دەکرێتەوە . ئەگەر ئەو توێژینەوەکە بۆ گۆڤارێك نێرابوو ئەوای لە ڕێگەی پسپۆڕی هەڵسەنگێنەری تایبەت بە گۆڤارەکە تێبینی ڕێکخستنەوەی کاتی توێژینەوەکە بۆ توێژەر دەنێرن ،ئەگەر لە کاتێکدا پسپۆڕی هەڵسەنگێنەر ڕای جیاوازی هەبوو .**

**بواری دیاری کردنی شوێن ، بابەتێکی ڕوونە چونکە بواری شوێن مەبەستی لە ژینگەی بەجێگەیاندنی توێژینەوەکەیە ئیتر ژینگەکان بە گوێرەی توێژینەوەکان جیاوازن ئەکرێت ( تاقیگەیەکی پشکنین ، کۆشکێك ، کارگەیەك ، کۆمپانیایەك ، گۆڕەپانێکی وەرزشی ، ناوچەیەکی جوگرافی ، ناوچەیەکی مێژووی ، سەردەمێك ، ... هتد ) بێت .**

**بواری شوێن لە هەندێك توێژینەوەدا دەکرێت چەند شوێنێك بێت لەبەر ئەوە پێویستە توێژەر ئاماژە بە هەموو ئەو شوێنانە بدات کە توێژینەوەکەی تێدا بەجێگەیەنراوە .**

**چەند نموونەیەك لەسەر بوارەکانی توێژینەوە لە چەند توێژینەوەیەکی جۆراوجۆردا :**

Time Limitations: The academic year 2019-2020

Spatial Limitations: The United Kingdom and the European countries

Objective Limitations: the impact of fostering entrepreneurial innovation in multinational enterprises on the country's national economy

Human Limitations: Management and staff of multinational enterprises

**بوارەکانی چەند توێژینەوەیەك :**

**بواری مرۆیی/** مجال البشري: طلاب المدراس من الصف الثالث إلى الصف التاسع التربية الأساسية.

**بواری کاتی/** مجال الزمني: المدة الزمنية من ٠٥/ ٢٠٢١/١٢ إلى ٢٠٢٢/٠٦/٠٥

**بواری شوێنی/** مجال المكاني: مدارس الحكومية في مركز مدينة.

مجالات البحث:

**بواری مرۆیی/** المجال البشري: عينة مصابين بألام أسفل الظهر.

**بواری کاتی/** المجال الزماني: المدة من 22 /06 /2019 ولغاية 05/ 2019/12. المجال المكاني: المستفشى الحكومية

**بواری شوێنی/** بعض العيادات الطبية خاصة لمتخصين آلام الظهر – القاعات الرياضية

مجالات البحث:

**بواری مرۆیی/** مجال البشري: مختلف شريحات وطبقات المجتمع في مدن كردستان

**بواری زەمانی/** مجال الزمني: المدة الزمنية من ١٨/ ١٠ / ٢٠٢٠ إلى ١٠/ ٠٥/ ٢٠٢١

**بواری شوێنی/** مجال المكاني: مدارس الحكومية و غير الحكومية.



**دیاری کردنی  زاراوەکان لە توێژینەوەی زانستیدا :**

Define scientific research terminology   تحديد مصطلحات البحث العلمي




**دیاری کردنی زاراوەکان لە توێژینەوەدا هەروەك هەموو تەوەرەکانی دیکەی توێژینەوە ( پێشەکی، ئامانجەکان ، گریمانەکان . دەرەنجامەکان ، پێشنیارەکان ، ...هتد . گرنگی تایبەتی هەیە چونکە توێژینەوە پێویستی بە وردەکاری و کۆی سەرنجی هەیە ، بەهۆیەوە تەوەرەی دیاریکردنی زاراوەکان بەشێکی چوارچێوەی توێژینەوە پێکدێنێت ، بەبێ بوونی دیاری کردنی زاراوەکان خوێنەر مەبەستی توێژەری لاڕوون نابێت ،ئایا مەبەستی لە زاراوەیە چییە بەکاری هێناوە .**

**پێناسینێك بۆ زاراوەکان :**

**بریتییە لە چەند ووشەیەك یان چەند بڕگەیەك بە گوێرەی بیروڕای توێژەر گوزارش لە چەند چەمكێك دەکات .**

**کەواتە پێویستە پێناسەی هەر جۆرە زاراوەیەك بکرێت کە لە ناونیشان و ئامانج  وگریمانەکانی توێژینەوەکەدا هاتووە . بۆ نموونە لەم توێژینەوەیەدا :**

**الأبعاد الاقتصادية والاجتماعية لإعادة استخدام المياه العادمة المعالجة في الإنتاج الزراعي؛ بالتركيز على المناطق الريفية**

١) المياه العادمة: المياه التي يتم التخلص منها عادة عن طريق شبكة مجاري، وتحتوي على مواد وبكتيريا على شكل معلقات ومحاليل (. سلطة المياه الفلسطينية، ٢٠٠٩).

٢) المياه الرمادية water Grey: هي المياه الخارجة من المرافق المختلفة باستثناء مياه المراحيض، أي أنها المياه الخارجة من حوض الاستحمام والغسالات والمغسلة. ومياه المطبخ تحتوي على تراكيز المواد العضوية. (الجمعية العلمية الملكية، 2009 ).

٣) المياه السوداء water Black: هي مياه المراحيض  . (الجمعية العلمية الملكية، ٢٠٠٩)

## مقارنة التطور المورفولوجي بين تلاميذ المرحلة المتوسطة الممارسين وغير الممارسين للنشاط البدني و الرياضي

**١) المرفولوجيا:**

هو علم يدرس شكل وتركيب أعضاء الجسم أو دراسة الشكل الخارجي، فإذا تعدى الوصف إلى القياس فإنه يسمى بعلم الانتروبولوجيا وهو جزء أو فرع من علوم المرفولوجيا.(عقبوبي حبيب، بن لكحل منصور، ٢٠١٥،٣٨)

**٢) النشاط البدني والرياضي:**

عرفه قاسم حسن حسنين بأنه " ميدان من ميادين التربية عموما والتربية البدنية خصوصا، ويعد عنصرا فعالا في إعداد الفرد من خلال تزويده بخبرات ومهارات حركية تؤدي إلى توجيه نموه البدني والنفسي والاجتماعي والخلقي للوجهة الايجابية لخدمة الفرد نفسه ومن خلاله خدمة المجتمع. (قاسم حسن حسنين، ١٩٩٠، ٦٥)

**٣) المراهقة:**

عرفها الدكتور مصطفى زيدان: المراهقة كلمة مشتقة من الفعل اللاتيني Adolescere، ومعناها التدرج نحو النضج الجسمي والجنسي والعقلي والاجتماعي.(محمد زيدان، ١٩٧٢،١٥١)

## فاعلية التخطيط الاستراتيجي في زيادة موارد الدولة

١) لتخطيط الاستراتيجي لغويًّا :

وهو مصطلح يتألَّف من كلمتين، الأولى "التخطيط"، وهو اسم من المصدر الثلاثي "خطط"، ويعني اتخاذ التدابير اللازمة، كما يُمكن أن تستخدم الكلمة بمعنى رسم، وكلمة "الاستراتيجي" كلمة أعجمية، وهي ""strategy بالإنجليزية، وهي تعني في الأصل ترتيب القوى العسكرية والاقتصادي والسياسية، وجميع مفاصل الدولة في أوقات الحروب، والهدف هو تحقيق النصر.

٢) التخطيط الاستراتيجي إجرائيًّا :

عبارة عن وضع خطط مُسبقة للمُنشآت أو المنظمات، ومن خلال الموارد التي تُوجد في المُنشآت والمؤسسات بجميع أنماطها؛ من أجل الوصول لغايات أو أهداف محددة في المستقبل، وتبلغ مدة التخطيط الاستراتيجي خمس سنوات فأكثر.

٣) مــوارد الدولة إجرائيًّا :

وهي عبارة عن جميع ما تمتلكه أي دولة من مقومات مادية أو بشرية أو طبيعية.



**گرنگی دیاریکردنی وناساندن زاراوەکان لە توێژینەوەی زانستیدا :**

أهمية تحديد وتعريف مصطلحات البحث العلمي

The importance of defining and defining scientific research terms

**لێرەدا گرنگی دیاریکردن و پێناسینی زاراوەکان لە توێژینەوەی زانستیدا دەخەینە ڕوو :**

**١) دوورکەوتنەوە لە بە هەڵە تێگەیشتن لە زاراوەکانی توێژینەوە .**

**٢) دیاریکردنی وردی بۆچوونی توێژەر لە بەکارهێنانی زاراوەکاندا .**

**٣) پێناسەکردنی زاراوەکان وەك پێویستییەك بۆ زیاتر ڕوون کردنەوە .**

**هەڵەکان لە دیاریکردنی وناساندن زاراوەکان لە توێژینەوەی زانستیدا:**

الأخطاء الشائعة عند تعريف مصطلحات البحث العلمي

Common mistakes when defining scientific research terms

**١) پێناسە کردنی زاراوەکان بە شێوەیەکی هەڵە .**

**٢) زۆری پێناسەکان بۆ زاراوەکە بەلاَم مانای پێویست نەگەیەنێت .**

**٣) دیاری کردنی زاراوەیەکی زانستی زۆر پێویست نەبێت .**

**٤) بەکارهێنانی سەرچاوەیەك بۆ پێناسەی زاراوەکان متمانە پێکراو نەبێت .**



## دەروازەی دووەم

## چوارچێوە تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو لێکچوو

## الإطار النظرية والدراسات السابقة والمشابهه

## Theoretical framework and previous and similar studies




چوارچێوە تیۆرییەکان و توێژینەوەکانی پێشوو..........................................................................................

پێکهاتەکانی چوارچێوە تیۆرییەکان توێژینەوە.......................................................................................

خوێندنەوەی توێژینەوەکانی پێشوو و لێکچوو.......................................................................................

کۆنترۆڵە میتۆدییەکان لە هەڵبژاردنی توێژینەوەکانی پێشوو..........................................................................................

پێکهاتەکانی چوارچێوە تیۆری (الإطار النظري) لە توێژینەوەی زانستیدا.......................................................................................

سودەکانی خوێندنەوەی توێژینەوەکانی پێشوو و لێکچوو..........................................................................................

پێکهاتەکانی نوسینی توێژینەوەکانی پێشوو لێکچوو...........................................................................

نموونەیەك لە نوسینەوەی توێژینەوەکانی پێشوو و لێکچوو..........................................................................

چۆنییەتی هەڵبژاردنی شێوازی( ڕێباز) زانستی.......................................................................................

شێوازی (میتۆدلۆژیا) و ڕێکارەکانی توێژینەوە ..........................................................................................

پێناسەیەك بۆ میتۆدلۆژیای...........................................................................................................

دیارترین پۆلێنکردنی شێوازەکانی توێژینەوەی زانستی ......................................................................................

هەڵەباوەکان لەپێداچوونەوە و کورتکردنەوەی خوێندنەوە تیۆرییەکان......................................................................................

## چوارچێوە تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو لێکچوو

الإطار النظريه والدراسات السابقه والمشابهه

Theoretical framework and previous and similar studies




**چوارچێوە تیۆری وتوێژینەوەکانی پێشوو لێکچوو :**

**لە توێژی نەوەکانی زانکۆ یدا ( دک تۆرا ، ما ستەر ، دیب لۆمی بالاٚ ) ، چوار چێوە ت یۆری**(الإطار النظريه Theoretical studies ) **با بەتێکی گرنگی توێژینەوە کە پێکدێنن چونکە وەك بە شێکی گرنگ و تەواوکاری توێژینەوە دادەنرێت ، ئەمەش لەبەر ئەوەی توێژینەوە بەهۆی ئەم تەوەرەیەوە ڕوون کردنەوەی تەواوی زانستی بۆ سروشتی بابەکانی توێژینەوە لە هەموو لایەنەکانی ( پسپۆڕی گشتی توێژینەوەکە ،و پسپۆڕی وردی توێژینەوەکە ، و گۆڕاوە سەربەخۆ ،و گۆڕاوە وابەستەکان ،و جۆر ،و ڕەگەز ،و ئاستی نموونەکانی ،و گرنگی و کاریگەر و پەیوەندی) هەموو پێکهاتەکان بەیەکەوە ڕوون دەکاتەوە .**

**چوارچێوە تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو لێکچوو**( الإطار النظريه والدراسات السابقه والمشابه ) **گەورەترین بەشی توێژینەوە پێك دێنێت . لەبەر گرنگی چوارچێوە تیۆری**(الإطار النظريه Theoretical studies) **، پێویستە توێژەر لەکاتی گەڕان و دیاریکردنی بابەتەکاتی پێویست لە سەرچاوە زانستییەکان بەگوێرەی بنەمای توێژینەوەکە بینوسێتەوە ، واتە بابەت و پێویستییەکانی توێژینەوەکە چ جۆرە ئاڕاستە و پسپۆڕییەکە بەهەمان شێوە نوسینی و گەڕان لە توێژینەوەکانی پێشوو ، ئاماژەدان و ڕوونکردنەوە و شیکاریان بەهەمان شێوە بەگوێرەی پێویستی بابەتی توێژینەوەکە بێت .**

**پێکهاتەکانی چوارچێوە تیۆری لە توێژینەوەی زانستیدا :**

Contents of the theoretical framework in the research محتويات الإطار النظري في البحث

١) **گرنگترین پێکهاتە لە چوارچێوە تیۆری** (الإطار النظري Theoretical studies )**دا، توێژینەوەکانی پێشوو لێکچوو** ( الدراسات السابقه والمشابه)**ە عەرەبییەکاتە دواتر بێگانەکان .**

٢) **ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوە لێکچووەکان** ( المتغيرات المشابه Similar variables) **لە چێواچێوەی تیۆری** (الإطار النظري Theoretical studies) **توێژینەوەکە.**

٣) **ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوە لێکچووەکان** ( المتغيرات المشابه Similar variables) **لە توێژینەوەکە.**

٤) **دەرخستنی ئەو گۆڕاوانەی پەیوەندی بە بابەتی توێژینەوەکە هەیە.**

٥) **نوسینی گرنگی توێژینەوەکە و پاڵنەری نوسینەکە .**

**دوابەدوای نوسینی چوار چێوەی توێژینەوە ، چوار چێوە تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو لێکچوو** ( الإطار النظريه والدراسات السابقه المشابه Theoretical framework and similar previous studies) **بەشی ناوەڕاستی توێژینەوە یە لە دەروازەیەکدا پێ دەکەوە دەنوسرێنەوە . پەیوەندی نێوان چوار چێوە تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو وەك پەیوەندی نێوان بەشێك بە کۆی گشتییەوە . ئەم بەشەی توێژەنەوە تایبەت بە پۆلێن کردن و ڕوو کردنەوەی هەربابەتێك پەیوەست بە سروشتی بابەتی توێژینەوەکە هەبێت .**

**چوارچێوە تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو لێکچوو** ( الإطار النظريه والدراسات السابقه والمشابه Theoretical framework and similar previous studies ) **لە دوو بەش پێکهاتووە بەشی چوار چێوە تیۆری** (الإطار النظريه Theoretical studies ) **بەشی یەکەمە تێدا هەموو لایەنەکان و بابەتەکانی چوار چیوەی توێژینەوەی تێدا ڕوون دەکرێتەوە، هەرچی بەشی دووەمە توێژینەوەکانی پێشوو لێکچوو** ( الدراسات السابقه والمشابه Previous and similar studies ) **ئەو لێکۆلێنەوە و توێژینەوانە دەگرێتەوە کە پەوەندییان بە بابەتی پسپۆڕی توێژینەوەکەوە هەیە و پێشتر لە لایەن توێژەرانی دیکەوە ئەنجام دراوە . لەم بەشەدا بەگوێرەی پێویست چەند توێژینەوەیەك دەنوسرێتەوە، لە هەموو پێکهاتەکانی توێژینەوە ( لە ناونیشانەوە بۆ دەرەنجامەکانی) توێژینەوەکان خوێندنەوە و شیکاری زانستی تەواو بۆ هەر یەك لە توێژینەوەکان دەکرێت، دواتر توێژەر بە شێوەیەکی گشتی لایەنی لێکچوو و جیاواز هەموو توێژینەوەکان بەچەندخاڵێك یان بە چەند دێڕێك دەخرێتە ڕوو، وەك جۆرێك لە**

هەڵسەنگاندن بۆ هەموو توێژینەوەکان تاوەکو ڕووی بێتەوە تا چ ڕادە یەك توێژینەوەکان پەیوەند و نزیکن لە توێژینەوەکەوە .

پێویستە لەکاتی خوێندنەوە و نوسینەوەی چوارچێوە تیۆری ( الإطار النظریه Theoretical studies ) ڕەچاوی چەند خاڵێك بکات ، ئەوانیش :

١) نوسینی بابەتەکان لە بەشی دەروازەی دووەم (الباب الثاني Theoretical studies ) بەگوێرەی بنەمایەکی ڕیزبەندی دەنوسرێنەوە ، ئەو ڕێزبەندیە لە ناونیشان و چوارچێوەی توێژینەوەکەوە سەرچاوە دەگرێت ، دواتر پێویستە توێژەر لە پۆلێنێکی گونجاودا خوێندنەوە و نوسینەوە بۆ یەك دوایەکی پۆلێنەکان بکات .

٢) نوسینی بابەتەکان لە بابەتە گشتییەوە بۆ بابەتی وردی پسپۆڕی دەبێت ،بەجۆرێك لە پۆلێنەکەدا بابەتیانە یەك بەیەکی گۆڕاوەکان و گرنگی کاریگەری گۆڕاوەکان بۆ نموونەکانی توێژینەوەکە ڕوون بکاتەوە بەلاَم بەبێ هیچ جۆرە زیادەڕۆی و تێکەڵاوکردنی بابەتێك کە پەیوەندی بە بابەتەکانی توێژینەوەکە نەبێت .

٣) لە دوای کۆکردنەوەی زانیارییەکانی بابەتی چوارچێوە تیۆری( الإطار النظریه Theoretical studies) لە سەرچاوە زانستییەکان (یەکەمی و دووەمی) ڕێکخستنەوەی بۆ دەکرێتەوە و جەخت لە لایەنی زانستی نوسین و لایەنی متمانە پێکراوی سەرچاوە دەکرێتەوە، ئینجا لە بەشەکانی چوارچێوە تیۆری( الإطار النظریه) بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکانیان هەموو دەنوسرێنەوە .

٤) وەك پێشتر ئاماژەی پێدراوە، خوێندنەوە ،وشیکار ،و لێکدانەوەی توێژینەوەکان بە چەند شێوازێك دەبێت، یان یەك یەك شیکارکردنی توێژینەوەکە لە ناونیشانەوە بۆ دەرەنجامەکەی یان شیکاری ناونیشانی هەمووان پێکەوە دواتر ئامانجی هەموو پێکەوە دواتر تا دەگاتە دەرەنجامی هەموو توێژینەوەکانی پێشوو پێکەوە شیکاری بۆ دەکرێت.

وەك لای هەموو توێژەران واباوە ، چوارچێوە تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو لێکچوو ( الإطار النظریه والدراسات السابقه والمشابه) تایبەتە بە خودی توێژەر ، واتە تا ڕادەیەك لە ڕووی چەندێتی و چۆنییەتی نوسینەوە بە گوێرەی ڕێنماییەکان سەرپشك دەکرێت بەلاَم ئەمە ئەوە ناگەیەنێت هەر چییەك بنوسێت تەواوە، نەخێر لێپرسینەوەی و چوونە ژێر لێپرسراوێتی هەموو وشەیەکی لەسەر شانە ، هەروەها لەڕووی قەبارەی نوسین و ژمارەی پەڕەکانیەوە دیاکراوە .

**خوێندنەوەی توێژینەوەکانی پێشوو و لێکچوو :**

الإطار النظريه والدراسات السابقه و المشابه
Theoretical framework and similar previous and similar studies

**توێژینەوکانی پێشوو لێکچوو** ( الدراسات السابقه والمشابه) **لە توێژینەوە ئەکادیمییەکاندا گرنگی و جێگای بایەخیان هەیە چونکە بابەتەکانی توێژینەوە لە پێگەی گرنگی ئەوانەوە سەر چاوە دەگرێت ، توێژەر ناتوانێت توێژینەوەیەکی تۆکمە ئەنجام بدات بەبێ گەڕانەوە بۆ توێژینەوەکانی پێشووە جۆراوجۆرەکان کە لە سەر بابەتی توێژینەوەکە ئەنجام دراون . ئەم پێدا چوونەوەیە بە توێژینەوە پێشوو لێکچووەکاندا** (الدراسات السابقه والمشابه Previous and similar studies ) **ئاماژەیە کە بۆ بەهێزبوونی پایە سەرەکییەکانی توێژینەوە کە ، بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی زانینی و تواناکانی توێژەر وەك پێوەرێك دەبێت .**

**کۆنترۆڵە میتۆدییەکان لە هەڵبژاردنی توێژینەوەکانی پێشوو لێکچوو:**

الضوابط المنهجية فی انتقاء الدراسات السابقه والمشابه
Methodological controls in the selection of previous and similar studies

**لەگەڵ ئەوەی خوێندنەوەی توێژینەوەکانی پێشوو لێکچوو** ( الدراسات السابقه والمشابه Previous and similar studies) **هۆکاری بەهێزی توێژەر و تۆکمەکردنی لایەتی تیۆری و پراکتیکی توێژینەوەیە بەلاّم پێویستە توێژەر لەکاتی خوێندنەوە و نوسینیان لە ڕووی چەند خاڵێکی گرنگەوە لە توێژینەوەکەیدا دەستەبژێریان بکات ، ئەمانەن :**

١) **پێویستە توێژینەوەکانی پێشوو لێکچوو** ( الدراسات السابقه والمشابه Previous and similar studies )**ە لە سەرچاوەی یەکەمی تایبەت بە توێژینەوەکە وەربگیرێت .**

٢) **پێویستە توێژینەوەکانی پێشوو لێکچوو** ( الدراسات السابقه والمشابه Previous and similar studies )**ە لە ڕەفەی کتێبخانەکان یان لە بزوێنەری پشکنینەکانی تۆڕەکانی ئەنتەرنێدا** (محركات البحث) **بوونی هەبێت و بەردەست بێت ،**

٣) **ڕێکخستنی و ئامادەکردنی کرۆکی بابەتی توێژینەوەکە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو لێکچوودا.**

٤) **نابێت ناونیشانی توێژینەوەکانی پێشوو لێکچوو** ( الدراسات السابقه والمشابه)**ە بۆ ناونیشانی توێژینەوەیەکی نوێ دیاری بکرێت چونکە ئامانج لە توێژینەوە زیاد کردنی بابەتێکی نوێیە .**

٥) پێویستە توێژەر تاوەکو دەتوانێت سوود لە توێژینەوەکانی پێشوو لێکچووەکان ( الدراسات السابقه والمشابه) بلأوکراوەی ناو گۆڤارە زانستییەکان وەربگرێت .

سودەکانی خوێندنەوەی توێژینەوەکانی پێشوو لێکچوو ( الإطار النظريه والدراسات السابقه والمشابه) .

١) توێژەردەتوانێت سوود لەو سەرچاوانە وەربگرێت ئەو توێژینەوەیە بەکاری هێناوە .

٢) توێژەردەتوانێت سوود لە جۆری نموونە ،و داڕشتنی ئامانج ،و گریمانەکان ،و گونجاوی نموونەکان وەربگرێت .

٣) توێژەردەتوانێت سوود لە چۆنیەتی بەجێگەیاندنی پرۆگرامی توێژینەوەکە بکات.

٤) توێژەردەتوانێت سوود لە جۆری هۆکارە ئامارییەکان بەکارهاتووەکان وەربگرێت .

٥) ئاستی زانینی توێژەر بۆ بابەتی توێژینەوەکەی بەرز ترو فراوانتر دەکات.

٦) ڕێگری لە دووبارە بوونەوەی توێژینەوە هاوشێوەکان دەکات ، ناهێڵێت توێژینەوەکە تێکە بە توێژنەوە ئەنجام دراوەکان ببێت ئەمەش لە ڕێگای دیاری کردنی سنورێك بۆ توێژینەوەکە .

٧) هاوکارێکە بۆ توێژەر بۆ داڕشتنی کێشە و توێژینەوەکە لە چوارچێوەی بابەتی توێژینەوەکەدا.

٨) سەرچاوە و ئاماژەی جیاواز بۆ توێژەر دروست دەکات تاوەکو لەسەر ڕێگەی ڕاستی توێژینەوە لا نەدات .

تێبینی /

لە هەندێك توێژینەوەدا بەشی چوارچێوە تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو ( الإطار النظريه والدراسات السابقة) بە چوارچێوە تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو و لێکچوو ( الإطار النظريه والدراسات السابقه و المشابه) دەنوسرێت ، جیاوازی توێژینەوەی پێشوو ( الدراسات السابقه) لەگەڵ توێژینەوەی لێکچوو (الدراسات المشابه) لە وەدایە :

- توێژینەوەی پێشوو ( الدراسات السابقه) توێژینەوەیەکە لە پێشوودا ئەنجام درا بێت بابەتەکە پسپۆڕیەکەی هەمان شێوە بابەتی توێژینەوەکە بێت ، واتە لە هەموو بابەتەکانیدا وەك یەکەن .
- توێژینەوەی لێکچوو (الدراسات المشابه) توێژینەوەیەکە لە پێشوودا ئەنجام درا بێت لە زۆرێك بابەتکاندا وەك توێژینەوەکە بێتە بەلأم لە هەندێك بابەتی بواری توێژینەوەکە وەك یەك نەبێت .



**پێکهاتەکانی نوسینی توێژینەوەکانی پێشوو لێکچوو :**

Theoretical Framework & Similar Previus Studis مكونات كتابة الدراسات السابقه و المشابه

**پێکها تەکانی نو سینی توێژی نەوەکانی پێ شوو لێک چوو** (الدراسات السابقه و المشابه)، **بەگوێرەی ساڵی بە جێگەیاندنیان ڕێز دەکرێن و دەنو سرێنەوە ، بۆ هەریە کەیان ئا ماژە بە سەر چاوە متما نە پێکراوە دەکر ێت، نوسینی توێژینەوەکانی پێشوو و لێکچوو** (الدراسات السابقه و المشابه)**، بەم شێوەیە دەبێت :**

١) **لە ڕێزبەندی توێژینەوەکاندا، توێژینەوە عەرەبییەکان پێش توێژینەوە دادەنرێت.**
٢) **سەرەتا ناوی توێژەر یان توێژەران و ساڵی توێژینەوەکە .**
٣) **ڕێزبەندێکی ساڵی توێژینەوەکان لە کۆنەوە بۆ نوێی دەبێت.**
٤) **ناونیشانی توێژینەوەکە ، ناوی توێژەر، ساڵی توێژینەوەکە .**
٥) **ئامانجی توێژینەوەکە.**
٦) **نموونەی توێژینەوەکە .**
٧) **پرۆگرام** ( منهج) **و شێوازی** (الأسلوب) **توێژینەوەکە.**
٨) **کات و جۆری تاقیکردنەوەکان.**
٩) **ماوەی توێژینەوەکە.**
١٠) **جۆری هۆکاری ئاماری بەکارهاتوو .**
١١) **دەرەنجامی توێژینەوەکە.**
١٢) **ئاماژەدان بە سەرچاوەی وەرگیراوی توێژینەوەکە .**



**نموونەیەك لە نوسینەوەی توێژینەوەکانی پێشوو و لێکچوو** (الدراسات السابقه و المشابه):




دراسة "جالووكس وكليمنت، ١٩٨٦":

**عنوان الدراسة:**

**" التأثير العام للبرنامج التدريبي المائي في السعات الحيوية والحالة الصحية لاطفال مصابين بالربو"**

**هدف الدراسة:** معرفة امكانية حصول تأثير ايجابي من البرنامج التدريبي المائي في السعات الجسمية والحالة الصحية لاطفال مصابين بالربو.

**عينة الدراسة:** اشتملت عينة الدراسة على (١٤) طفلاً مصابين بالربو تراوحت اعمارهم بين (٤-١٣) سنة اذ بلغ الوسط الحسابي لهم (٧.٦) سنة وكانت مدة البرنامج (٦) اشهر وبمعدل (٣) ايام في الاسبوع وبشدة ٧٥٪ من الحد الاقصى لاستهلاك $O_2$ اذ اشتملت القياسات على الطول والوزن والاحجام الرئوية والحد الاقصى لاستهلاك $O_2$ والتسارع النبضي ونسبة الشحوم.

ودلت النتائج للدراسة الى ان هناك تحسن معنوي في الحد الاقصى لاستهلاك $O_2$ اذ كانت القراءة النسبية لهذه الحدود القبلية هي (٣٧.١) وانحراف معياري (± ١.٦) مللتر لكل كغم من وزن الجسم في الدقيقة الواحدة في حين كانت القراءة البعدية (٤٣.٢) وانحراف معياري ( ± ١.٥) مللتر/كغم/دقيقة والفرق المعنوي تحت احتمالية (٠.٠٥) كما كان هناك تحسن في التسارع النبضي معنوي، بالاضافة الى ان التأثير العام للبرنامج اشار الى تطور الحالة الصحية للاطفال وازدادت قياسات السعات الجسمية والوظيفية لمصابي الربو.

**Previous Studies**:

Marcotte، 2014: "ريادة الأعمال والابتكار في الاقتصادات الناشئة

**1. Marcotte، 2014: "Entrepreneurship and innovation in emerging economies"**

"This research aimed to gauge the perspectives of the economic and institutional contexts of opportunity entrepreneurship، emerging economies. Innovative entrepreneurship configurations and contextual variables were assessed using cluster analysis in 16 emerging countries. The study found four profiles which are Schumpeter Mark I Innovative Entrepreneurship، Kirznerian-Form Opportunity Entrepreneurship، Schumpeter Mark II Innovative Entrepreneurship and Group Four described as a potential profile for Schumpeter Mark II. Economic and governance indicators were favorable in the two groups of innovative entrepreneurships، while contextual indicators of innovation were particularly favorable in the Schumpeter Mark II group".

Ramadani et al، 2017: "تأثير انتشار المعرفة والابتكار على أداء الشركات: النتائج من دول البلقان"

**2. Ramadani et al، 2017: "The impact of knowledge spillovers and innovation on firm-performance: findings from the Balkans countries"**

This paper examined the factors that influence a company's performance. Using data from the business environment and enterprise performance surveys (BEEPS 2013-2014)، the results indicated that the following has a positive impact on the company's performance: "(1) innovative activities; (2) cognitive consequences; (3) foreign ownership; And (4) the proportion of skilled workers in the workforce". Consequently، the paper argued that innovation activities are internally related to a company's performance، and that corporate performance is affected by the indirect effects of knowledge and innovation activities، among other characteristics of the company. The paper contributed to the literature by identifying dependency impacts and innovation activities as causal variables of a company's performance - a new approach to investigating cognitive consequences and innovation activities.

Urbano et al، 2016: "توجيه التقدم الاجتماعي وريادة الأعمال المبتكرة: تحليل دولي"

Using the institutional approach، this paper examined "the impact of social progress on innovative entrepreneurship from an international perspective". Using "the multiple linear regression model with cross-sectional information from the Global Observatory of Entrepreneurship، the Hofstede ، the Global Values Survey، social development indicators، the Center، the United Nations Development Program، and global development indicators"، the researchers found that the dimensions of social orientation of progress such as "a voluntary spirit، correlation remain against values of self-expression and the distance of strength with entrepreneurial activity". More specifically، the main findings showed that high voluntary spirit has had a positive and statistically significant effect on early stage entrepreneurial activity (TEA).



**هەڵەباوەکان لەپێداچوونەوە و کورتکردنەوەی خوێندنەوە تیۆرییەکان:**

الأخطاء الشائعة في مراجعة وتلخيص الدراسات السابقة

Common mistakes in reviewing and summarizing previous studies

**زۆرێك لە توێژەران لە پێداچوونەوەی پووختکردنی توێژینەوەکانی پێشوو ولێکچووەکان هەندێك هەڵە دەکەن، ئەمەش بە هۆی نەبوونی ئەزموونی پێویستەوە، باوترین ئەو هەڵانە ئەمانەن:**

١) **پێداچوونەوەی پووختکردنی توێژینەوەکانی پێشوو ولێکچووەکان بەخێرای و پەلەکردن.**
٢) **پێداچوونەوەی پووختکردنی تەنها بەجۆرێکی دیارکراو لە توێژینەوە دەکەن وەك( تێزی دکتورا ، نامەی ماستەر)ەکان، ئەمەش هەڵەی، پێویستە پێداچوونەوە بۆ ئەو توێژینەوەانەش بکرێت کە لە گۆڤارە زانستییەکان و گۆڤارە وەرزییەکانی ناو ودەرەوەی وولاًت بلاًوکراونەتەوە.**
٣) **پێکەشکردنی هەڕەمەکی لە نوسینی توێژینەوەکانی پێشوو ولێکچووەکاندا .**
٤) **هەندێك توێژەر تەنها سەرنجیان لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکانە، ئەمەش جۆرێك لە لاوازی لە توێژینەوەکاندا دەردەکەوێت، کەواتە توێژەر لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی توێژەرانی پێش خۆی بیناد دەنێت، ئەمەش هیچ جۆرە زیادکردنێك بۆ بوای ئەکادیمی ناهێنێتەکایەوە.**
٥) **متمانەکردنی تەواو بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی پێشوو ولێکچوو، بەبێ ئەوەی پشتڕاستی بۆ ڕەوایی ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەیە بکەن.**
٦) **لاوازی توانای توێژەر لە بەستەوەی توێژینەوەکەی بە توێژینەوەکانی پێشوو ولێکچوو .**
٧) **پارێزگاری نەکردن لە داتا تایبەتەکانی توێژینەوەکانی پێشوو ولێکچوو ، وەك لە هەندێك کاتدا زانیاری لە توێژینەوەکان وەردەگرێت بەلاًم لە سەرچاوەکاندا ئاماژەیان پێنادات.**
٨) **کورت کردنەوەیەکی زۆری توێژینەوەکانی پێشوو ولێکچوو ، بەشێوەیەك ئەوەی خۆی پێویستی پێیان هەیە.**

## دەروازەی سێیەم

## میتۆد و ڕێکارەکانی لە توێژینەوەی زانستیدا

منهجية الدراسة وإجراءاتها في البحث

Study methodology and procedures in research




چۆنییەتی هەڵبژاردنی شێوازی( ڕێباز) زانستی ...........................................................................................................

شێوازی (میتۆدلۆژیا) و ڕێکارەکانی توێژینەوە ...........................................................................................................

پێناسەیەك بۆ میتۆدلۆژیای ...........................................................................................................

دیارترین پۆلێنکردنی شێوازەکانی توێژینەوەی زانستی ...........................................................................................................

جۆرەکانی ڕێبازی (شێوازی) توێژینەوەی زانستی ...........................................................................................................

کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوە لە توێژینەوەی زانستیدا ...........................................................................................................

کۆمەڵگەی توێژینەوە ...........................................................................................................

نموونەی توێژینەوە ...........................................................................................................

پاساوەکان بۆ بەکارهێنانی نموونەکان ...........................................................................................................

مەرجەکانی هەڵبژاردنی نموونەکانی توێژینەوە ...........................................................................................................

هەنگاوەکانی هەڵبژاردنی نموونەکانی توێژینەوە ...........................................................................................................

شێوازەکانی هەڵبژاردنی نموونەکانی توێژینەوە ...........................................................................................................

نموونەکانی ئەگەری ...........................................................................................................

**نموونەکانی نائەگەری** ................................................................................................................................
**جۆرەکانی نموونەکانی ئەگەری** ................................................................................................................................
**نموونەگری هەڕەمەکی سادە** ................................................................................................................................
**نموونەگری چینداری** ................................................................................................................................
**نموونەگری ڕێکخراو** ................................................................................................................................
**نموونەگری هێشووی** ................................................................................................................................
**نموونەگری فرە قۆناغی** ................................................................................................................................
**جۆرەکانی نموونەکانی نائەگەری** ................................................................................................................................
**نموونەگری ئەنقەست (بڕیاردان)** ................................................................................................................................
**نموونەگری پشکەکان** ................................................................................................................................
**نموونەی گونجاو** ................................................................................................................................
**نموونەگری تۆپەبەفرینەکان**................................................................................................................................
**نموونەگری فرە قۆناغی** ................................................................................................................................

**چۆنییەتی هەڵبژاردنی شێوازی( ڕێباز) زانستی :**

How to choose a scientific research methodology كيفية إختيار منهج البحث العلمي

**شێواز (میتۆدلۆژیا) و ڕێکارەکانی توێژینەوە :**

Study methodology and procedures منهجية الدراسة وإجراءاتها

**میتۆدلۆژ یا وڕێکاره کانی توێژی نەوە لە کارە سەرەتاییەکانی تو ێژەرە لە توێژی نەوەدا، بەو پێ یەی هەموو توێژی نەوە زان ستییەکان پێوی ستیان بە میتۆدلۆژ یای توێژی نەوە ( مهجیة البحث) هە یە تاوەکو تو ێژەر لە توێژینەوەکە یدا پەیڕەوی ب کات ، ئا مانج لەم پەیڕەوکرد نە ڤ بولّ کرد نی دەرەنجامەکا نە لە ڕووی هرزی و ئەکادیمییەوە بابەتێکی لۆژیکانە بێت ، دوور لە میتۆدی هەڕەمەکی لە ڕێکارەکانی توێژینەوەکا ندا کە نابێ تە هۆی هیچ جۆرە زیادکردنێکی بەسوود لە لایەنی زانستی ئەکادیمی و خزمەتێکی کۆمەڵگاییەوە .**

**پێناسەیەك بۆ میتۆدلۆژیای :**

Definition of study methodology تعريف منهجية الدراسة

**میتۆدلۆژیای توێژینەوە ئەو ستراتیژەیە لە توێژینەوەدا بە ئامانجی بەجێگەیاندنێکی زانستییانە لە توێژینەوەدا پەیڕەو دەکرێت . لەبەر ئەوە پێویستە توێژەر گونجاوترین شێواز هەڵبژێرێت کە یارمەتی ئەنجاندانی توێژینەوەکە بدات ، تاوەکو بەگوێرەی ڕێکارەکان ڕێکخستن بۆ بۆ توێژنەوەکە بکات.**

**ئێستا ڕوون بوویەوە جیاوازییەکی جەوهەری لە نێوان هەردوو زاراوەی شێواز (المنهج) ومیتۆدلوژیا ( المنهجية) دا هەیە ، بەم شێوەیە :**

**شێواز : هەنگاوێکە پەیڕەو دەکرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی ناسراو (دیاری کراو) .**

**میتۆدلۆژیا : بریتییە لە زانستی دەستڕاگەشتن بە ڕاستییە زانستییەکان بە پەیڕەوکردنی چەند هەنگاوێکی دروست. هەروەها گشتگیرترین چەمکە ، کەچەندین ڕێباز (شێواز) لە خۆ دەگرێت .**

**کەواتە میتۆدلۆژیای توێژینەوە ( منهجية البحث) :**

بريتييه له كۆمەڵێك ياسا ورێسا له لايەن پسپۆڕانی میتۆدلۆژیای توێژینەوەوە دارێژراوە و بڕیاری لەسەر دراوە ، پێویستە توێژەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پەیڕەوی بکات تاوەکو توێژینەوەکە دەرەنجامێکی زانستی و دروستی هەبێت .

**دیارترین پۆلێنکردنەکانی شێوازەکانی توێژینەوەی زانستی :**

أبرز تصنيفات مناهج البحث العلمي

The most prominent classifications of scientific research methods

**شێوازەکانی توێژینەوەی زانستی جیاوازن و تایبەتمەندێتی یەکگرتووی لە ڕێکاریا ندا هە یە، گۆڕانکاری یەکی بەرچاو لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکاندا بۆ ماوەیەکی دیاری کراوە، هەروەها بوونی هۆکارێك یان چەند هۆکار ێك بۆ ڕوودانی دیاردەیەك، پۆلێنبەندییەکانی زانستی شێوازەکانی توێژینەوە لە سەرچاوەکاندا بەم شێوەیە :**

١) **پۆلێنکردنی ویتنی :** تصنيف ويتني Whitney's classification

**شێوازی وەسفکردن** (المنهج الوصفي)، **شێوازی مێژوویی**(المنهج التأريخي) ، **شێوازیئەزموونی** (المنهج التجريبي)، **توێژینەوەی فەلسەفی** (المنهج الفلسفي)، **توێژینەوەی پێشبینیکراو** (المنهج التنبؤي)، **شێوازی کۆمەلاَیەتی** (المنهج الإجتماعي)**و داهێنەری**(المنهج الإبداعي) .

٢) **پۆلێنکردنی مارکینز :** ماركينز Markins classification

**شێوازی ئەنسرۆپۆلۆژی** (المنهج أنثروبولوجيا) ، **شێوازی فەلسەفی**(المنهج الفلسفي)، **شێوازی توێژینەوەی ڕوپێوی** (المنهج المسحية) ، **شێوازی مێژووی** (المنهج التأريخي)، **شێوازی کەیس**(المنهج الحالة)، **شێوازی ئەزموونی** (المنهج التجريبي).

٣) **پۆلێنکردنی جودۆسکێتس :** جودوسكيتس Judoskates classification

**شێوازی وەسفکردن** (المنهج الحالة) ، **ڕاپرسی وەسفکەر**(**المنهج** الوصفي)، ، **شێوازی ئەزموونی** (المنهج التجريبي)، **شێوازی توێژینەوەی کەیس** (المنهج حالة )، **شێوازی گەشە و پەرەپێدان** (المنهج النمو والتطور) .



**جۆرەکانی ڕێبازی (شێوازی) توێژینەوەی زانستی :**

Types of scientific research methods    أنواع مناهج البحث العلمي




**جۆرەکانی ڕێبازی (شێوازی) توێژینەوەی زانستی بەم شێوەیە :**

١) **ڕێبازی وەسفی** : المنهج الوصفي    Descriptive method

**ڕێبازی وەسفکردن بە ڕێبازی شیکاری ناسراوە، لە توێژینەوە زانستییەکاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردێت، ئا مانجی وە سف کرد نی ئەو د یاردە و ڕووداوانە یە کە بڕ یارە لێکۆڵی نەوەیان لە سەر بکر ێت، کۆکردنەوەی با بەت و زانیاریە و ڕا ستییە پەیوەند یدارەکان بە با بەتی توێژینەوە. ڕێبازی وە سف کردن لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان و توێژینەوە مرۆڤایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێت .**

**ڕێبازی وەسفی تایبەتمەندی نەرمی و توانای لێکۆڵینەو و شیکاری ڕاستی وردی پێکەوە بەستراو ، ئەمەش لە ڕێگەی دەستنیشان کردنی ئەو هۆکار و پاڵنەرانەی بووە بە هۆی ڕوودانی ئەو کێشەیە یان ئەو دیاردەیەی کە باسی لێوە دەکرێت و بەراوردی لەگەڵ کێشە یان دیاردەی تر هاوشێوەی دەکرێت، پاشان گەیشتن بە دەرەنجام و چارەسەر .**

**لایەنی باشی ڕێبازی وەسفی پشتت بەستنە بە زانیاری درو ست، لە ڕێگەی لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی دیاردە جۆراوجۆرەکان، هەروەها پێشبینی کردنی ڕووداوەکان لە داهاتوودا .**

**لایەنی خراپی ئەم جۆرە ڕێبازە، سەختی گشتاندنی دەرەنجامەکانە چونکە کێشە و دیاردەکان لە شوێنێك بو شوێنێکی تر بۆ کاتێکی جیاوازتر دەگۆڕێت ، هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە توێژەر لە کۆکردنەوەی زانیاریدا زانیاری هەڵەی دەست بکەوێت.**

**٢) ڕێبازی توێژینەوەی مێژوویی** : المنهج التاريخي Historical method

**ڕێبازەی کۆکردنەوەی ڕاستییە مێژووییەکان بە پشت بەستن بە چەند سەر چاوەیەك، وەك( کتێب، شوێنەوارە کلتورییەکان)، توێژەر لەسەر بنەمای میتۆدلۆژییەکان لێیان دەکۆڵێتەوە و شیکاریان بۆ دەکات . هەلسەنگاندنیان لەڕێگەی پێوەرەکانەوە تایبەتمەند بە وردبینی بۆ دەرخستنی ڕاستیان، ڕێکخستنیان بەگوێرەی بنەما لۆژیکییەکان، بۆ گەیشتن بە ڕاستییە زانستیەکان تێگەیشتن لە ڕابردوو، سوود وەرگرتن لێیان بۆ ئێستا و بەکارهێنانیان بۆ پلاندانان بۆ داهاتوو .**

**لایەنی باشی ڕێبازی مێژوویی پشت بەستنیەتی بە ڕەخنە بە شێوەیەکی وردی زانستی. بەڵام لایەنی خراپی ئەم ڕێبازە نەبوونی متمانەی تەواو بەو زانیاریانەی کۆکراوەتەوە بە هۆی ئەگەر ساختەکردن یان زیان گەشتن بە سەرچاوەکە متمانەیان کەم دەبێتەوە .**

**٣) ڕێبازی توێژینەوەی ئەزموونی ( تاقیکاری)** : المنهج التجريبي Experimental method

**ئەو ڕێبازەی لە ناساندنی هۆکارەکان بۆ کاریگەریان لە دیاردەکان پێکدێت ، بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەنجامی تایبەت یان بە مەبەستی پشتڕاستکردنەوەی گریمانەدارێژراوەکان، ئەم ڕێبازە پێویستی بە بەردەستبوونی بابەت یان کێشەی توێژینەوە کە هەیە، فاکتەری(گۆڕاوی) سەربەخۆ کاریگەری لە سەر فاکتەری(گۆڕاوی) وابەستە هەیە.**

**لایەنی باشی ڕێبازی تاقیکاری بە چەندین سوود تایبەتمەندە، گرنگترینیان بریتییە لە نەرمی ئەگەری دەستکاری کردنی تاقیکردنەوەکان بە گوێرەی بارودۆخە جیاوازەکان، هەروەها سەلماندنی بەڵگە و دەستنیشان کردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە و جۆری پەیوەندی نێوانیان .**

**لایەمی خراپی ڕێبازی تاقیکاری ئەوەیە، وردی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بە ئامرازەکانی بەکارهێنراوەوە هەیە، وەك تاقیکردنەوەکان و پێوەرەکان کە توێژەرخۆی دیاریان دەکات، هەندێکجار ئامێرو ئامرازەکان هەڵەی پێوانەیی تێدا دەکرێت، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی نموونەکان ڕەنگە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە ڕەسەنەکە نەکات.**

٤) **ڕێبازی توێژینەوەی بەراوردکاری :** المنهج المقارن The comparative method

**جۆرێکە لە تاقیکردنەوەی ناڕاستەوخۆ، پشت بە بەراوردکردنی دوو دیاردە یان زیاتر دەبەستێت، لە ڕێگەی لایەنە لێک چوو جیاوازەکان یان لە ماوە یەکی دیاریکراودا، ئەم ڕێبازە زۆر ترین جار لە گەڵ (زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ئەدەبیەکان، فقهی ئیسلامی، یاسایی، زمان ) دا بەکاردێت .**

**لایەنی باشی ئەم ڕێبازە ئەوەی گەشەیەکی زۆری بە زانستی سیاسی داوە، هەروەها باشترین ڕێبازە بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەراوردکردنی کۆمەڵگەکان لە چوارچێوەی کات و بارە جیاوازەکاندا . بەڵام لایەنی خراپی ئەم ڕێبازە ئەوەیە، هەندێکجار توێژەر ڕوو بەڕووی ئاستەنگ و بەربەستێک دەبێتەوە، وەك سەختی پێناسەکردنی هەندێك چەمکی بنەڕەتی کەسروشتی گشتیان هەیە.**

٥) **ڕێبازی توێژینەوەی خوێندنەوە بەشێك و چەسپاندنی بەسەر هەموو (ئێندێکتیف) :**

Inductive method المنهج الإستقرائي

**بە یەکێك لە گرنگترین شێوازەکانی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت، ڕێبازی ئیندێکتیف پشت بە چاودێری کردنی دیاردەکان وکۆکردنەوەی زانیاریە پەیوەندیدارەکان و دەرهێنانی هەندێك دەرئەنجام و گشتاندنیان دەبەستێت.**

**ئەو ڕێبازەیە بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان بە شێوەیەکی لۆژیکی پیشت بە بیرکردنەوە دەبەستێت، ئەمەش لە ڕێگەی بەستنەوەی پێشینەکان و ئەنجامەکانی نێوان بابەتەکان و هۆکاری پەیوەست بەوانەوە، ئەم ڕێبازە لە بەشێکەوە دەست پێدەکات بۆ ئەوەی بگاتە هەموو یان لە تایبەتەکانەوە بۆ گشتی.**

٦) **ڕێبازی توێژینەوەی دەرەنجامی یا خەملاندن :**

The inferential or inductive method المنهج الإستدلالي أو الإسنباطي

ئەو ڕێبازەیە بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان بە شێوەیەکی لۆژیکی پیشت بە بیرکردنەوە دەبەستێت، بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەیەك بە شێوەیەکی گشتگیر پێناسە دەکرێت، لەسەر بنەما تیۆرییەکان، یان زانستە گشتییە دامەزراوەکان دواتر دەچێتە ناو تایبەت مەندییەکانەوە، واتە لە (گشتییەوە بۆ تایبەت) یان( هەموو بۆ بەشی)
.

٧) ڕێبازی توێژینەوەی شیکاری : طريقة التحليل analysis method

پشت بە وەسفێکی وردی ناوەرۆکی دەقەکان دەبەستێت،بۆ ئەوەی دەرەنجامەکان دەربچێت، بەبێ ئەوەی پێویست بکات داوای یارمەتی لەسەر چاوەکانی تری زانیاری بکات .

٨) ڕێبازی توێژینەوەی پێکەوە بەستن (تەواوکەری) : المنهج المتكامل (التكاملي) The integrated curriculum

ئەو ڕێبازەی پشت بە ڕێبازە پێشکەوتووەکان و زۆرترین بەکارهاتووەکان دەبەستێت کە لەتوێژینەوەی زانستیدا کاریان پێکراوە . کار بۆ لابردنی بەربەستەکانی نێوان لایەنەکانی زانین دەکات و زانیاری زانینەکان پێکەوە دەبەستێتەوە و تەواوکاری یەکیان دەکات، لە ساڵی ١٩١٥ هاتەکایەی زانستی توێژینەوە، هۆکارێك باشە بۆ فێرکاری و فێربوون لە بواری خوێندنی قوتابی و خویندکاراندا .

٩) ڕێبازی توێژینەوەی نیمچە تاقیکاری : المنهج شبه التجريبي Semi-experimental method

ئەم ڕێبازەیە بۆ توێژینەوەی کۆمەڵێك بارودۆخی تایبەت( ئاینی، کۆمەڵایەتی، بارێکی مەترسی) بەکار دەهێنرێت، کەناتوانرێت بە ڕێبازی تاقیکاری ئەنجام بدرێت. بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی نێوان دوو گۆڕاو بەکاردێت بە بێ ئەوەی توێژەر گۆڕاوەکان کۆنترۆڵ بکات.

**کۆمەڵگە ونموونەی توێژینەوە لە توێژینەوەی زانستیدا**

مجتمع وعينة الدراسة في البحث العلمي Population and sample of the study in scientific research




کۆمەڵگەی دەستنیشان کراو

نموونە(سمپل)

نموونە(سمپل) توێژینەوە

**کۆمەڵەی توێژینەوە (مجتمع البحث Research Community ) ئەو کۆمەڵگەیە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت لەبەر ئەوەی پێویستە توێژەر زانیاری تەواوی لەسەر ئەو کۆمەڵگە یە هەبێت لە ڕووی قەبارە، وپێکها تە، وخەسڵەتە سروشتییەکان، وتایبەتمەندێتییەکان، ئەو هۆکارا نەی کاریگەری لە سەر گۆڕانی پێکها تەی کۆمەڵگە کە دەکات، خوێندنەوە و شارەزایی تەواوی توێژەر بۆ کۆمەڵگەی توێژینەوە کە ڕێژەی سەرکەوتنی لە توێژینەوە کەدا بەرز دەکا تەوە ئە مە جگە لەوەی بەهۆی نا سینی کۆمەڵگەوە زۆر ێك لە خەرجی ماددی، ومرۆ یی، و کاتی بۆ دەگرێتەوە. بەڵام ئەگەر کۆمەڵگەکەی گەورەبوو ناتوانێت کارگێڕی، و خەرجی، تاقیکرد نەوە، و پێوا نەکانی هەموو تاکەکانی (پێکهاتەکانی) ئەو کۆمەڵگەکەیە بکات، لێرەدا زانستی توێژینەوە ڕێگەی زانستی بۆ ئەم کێشەیە دارێژەوە تاوەکو توێژەر بەکاتێ، و تێچوویەکی کەمتری ماددی و مەعنەوی، و بوکۆنترۆڵێکی زانستییەوە کاری توێژینەوەکەی ب کات، ئە مەش لە ڕێ گەی هەڵ بژاردن و د یاری کرد نی چەند نموونە یەك( العينة Sample) لەو کۆمەڵگە یە توێژینەوە کە بە سەریاندا بەجێدەگە یەنرێت، هەڵ بژاردنی نموو نەکان لە هەر کۆمەڵگایە کدا با بەتێکی ئارەزوومەندانیە و لە دەستی توێژەردا نیە چونکە ئەگەر بەو شێوەیە بێت توێژینەوەکان بەهای زانستی لە دە ست دەدات، لە ڕا ستیدا شێوازی کۆکرد نەوە( جمع العينات Sample collection)،وهەڵبژاردنی نموو نەکانی( إختيار العينات Sample selection) وتاقیکردنەوە( إختيار العينات Sample testing )، توێژینەوە لە کاریگەرترین**

ڕێکارە کانی ئەنجا مدانی توێژینەوە یە، هەڵ بژاردن و د یاری کرد نی نموو نەکانی توێژی نەوە بەگوێرەی چەند بنچینەیەکی زانستییە کە دوا تر ئاماژە یان پێ دەدە ین، لێرەدا هەوڵ دەدە ین کۆمەڵگە و نموو نەکان بنا سێنین و جۆرەکانی نموونە ( أنواع العينة Sample types ) پۆلێن و پێناسەکانیان بخەینە ڕوو .

**کۆمەلگەی توێژینەوە : مجتمع البحث research community**

کۆمەلگەی توێژینەوە : بریتییە هەموو ئەو پێکهاتە و تاکانەی کۆمەلگەی توێژینەوە پێکدێنن .

وا تە هەموو ئەو پێکهاتانە یە کە پەیوە ندیان بە کێ شەی توێژینەوە کە هە یە کە تو ێژەر هەوڵ دەدات دەرەنجامەکانی گشتاندنی بەسەریاندا بکات، لەبەر ئەوە توێژەر هەوڵ دەدات هەموو پێکهاتە وتا کەکانی کۆمەلگە کە بە شداری پێبکات بەلاّم گرا نی و کێ شەکە لێرەدا دێتەکا یەوە ئە گەر کۆمەڵگەی توێژی نەوە گەورە بوو، بێگو مان توێژەر ناتوانێت هەموو تاکەکانی کۆمەلگەکە بە شداری پێبکات بۆ نموو نە ئە گەر تو ێژەر وی ستی هەمووتا کەکانی کۆمەلگەی ئەم توێژینەوەیەی خوارەوە بەشداری پێبکات، کارێکی مەحاڵە چونکە کۆمەلگەکە زۆر گەورەیە:

کاریگەری بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان لەسەر قوتابیانی قوتابخانە بنەڕەتییەکانی کوردستان لە ڕووی ئاستی نمرەوە .

قوتابیانی بنەڕەتی قوتابخانەکانی کوردستان بە دەیان هەزار دەبێت، ئایا توێژەر دەتوانێت کاریگەری هەموو ئەو قوتابیانە بپێوێت بێگومان نەخێر، چونکە لە ڕووی کات، وتێچووی ماددی، ومرۆیـیەوە پێویستییەکی زۆری دەوێت، لێرەدا زانستی توێژینەوە چارەسەری بۆ ئەم کێشەیە دا ناوە، ئەوەش هەڵبژاردنی نموونە یە( بە شێکە) لەو کۆمەلگەیەدا، بۆ نموونە وەرگرتنی چەند قوتابخانەیە لە هەر شارو شارۆچکەیەدا.

**نموونەی توێژینەوە : عينة البحث Research sample**

بریتیـ یە لە بە شێکی کەمی کۆمەڵ گەی توێژی نەوە، نوێنەرا یەتی کۆمەڵ گە ڕە سەنەکە دە کات، بەجۆرێك دەرەنجامەکانی ئەم نموونانە گشتاندن پێبکرێت بۆ هەموو پێکهاتەکانی ئەو کۆمەلگەکەیەی نموونەکەی لێوەرگیراوە . لە بەر ئەوە پێوی ستە نموو نەکان بە هەموو تایبەتمەندیـ یەکانی کۆمەلگە کەوە هەڵ بژێرێن تاوەکو نوێ نەراتی ڕاستەقینەی کۆمەلگەکە بکات، وەك لە نموونەی پێشوودا هاتووە ، پێویستە هەموو نموو نە بە شدار پیکراوە کان لە توێژینەوەکەدا قو تابی قوتابخا نە بنەڕەتیـ یەکان بن بە هەموو جۆرە کانی ( خوێ ندنی حکومی و ناحکومی) یەوە، هەروەها ڕەچاوی وەرگرتنی نموونە لە هەموو قوناغەکانی خوێندن (١-٩)بکرێت.




**پاساوەکان بۆ بەکارهێنانی نموونەکان :**

Justifications for using samples مبررات استخدام العينات




**وەك پێشتر ئاماژەی پێدراوە، هەڵبژاردنی بەکارهێنانی نموونە لە توێژینەوەدا لە بری کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەڵدەبژدرێن ئەمەش لە چەند ڕوویەکەوە بۆ کۆنترۆڵ کردنێکی نموو نەکانی هاو کاری بابەتیا نەی توێژینەوە کەی توێژەر دەکات، لە بەرچاوترین ئەو پاساوانەی بۆ هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوە هەیە، ئەمانەن :**

1) **کورت کردنەوەی کات و خەرجی ماددی و مرۆیی.**
2) **کۆنترۆڵ کردنی وردی زانستی و پاراستنی لە لایەنگری.**
3) **بەخێرای گەیشت بە دەرەنجامی لە توێژینەوەدا و خێرایی بڕیاردا.**
4) **بەدەستهێنانی دەرەنجامی ورد لەڕێگەی بەکارهێنانی چارەسەری ئامارییەوە.**
5) **ئەگەر هاتوو کۆمەڵگەکە نەژمێرابوو وەك( کۆگایەکی ئاو) .**

**مەرجەکانی هەڵبژاردنی نموونەکانی توێژینەوە :**

Conditions for selecting a research sample شروط اختيار عينة البحث

**لە گرنگترین ئەوە مەرجانەی پێویستە لە کاتی هەڵبژاردنی توێژینەوەدا ڕەچاو بکرێت، ئەمانەن:**

١) پێویستە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بێت و دوور لە لایەنگری بێت.

٢) نموونەکە بە ڕاستی نوێنەرایەتی کۆمەڵگە ڕەسەنەکە بکات .

٣) بەجێگەیاندنی هاوشێوەیی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەکە، بەلام ئەگەر ئەم هاوشیوەبوونە نەکرا.

٤) سنوردارکردنی پێشەکی بۆ هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە ڕەسەنەکە، ، پێویستە توێژەر کۆمەڵگە گەورەکە بۆ چەند کۆمەڵگەیەکی بچووك دابەش بکات.

٥) گونجاوی نموونە لە ڕووی قەبارە وجۆرەوە بە شێوەیەك لەگەڵ ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەدا بگونجێت.

**هەنگاوەکانی هەڵبژاردنی نموونەکانی توێژینەوە :**

Steps for selecting a research sample خطوات إختيار عينة البحث

١) دیاری کردنی کۆمەڵگەی ڕەسەن بۆ توێژینەوەکە بۆ هەڵبژاردنی نموونەکان.

٢) دیاری کردنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە ڕەسەنی توێژینەوەکە.

٣) دیاری کردنی شێوازی نموونەگەرییەکە.

٤) دیاری کردنی قەبارەی پێویستی نموونەکان.

**هێڵکاری هەنگاوەکانی هەڵبژاردنی نموونەکان لە کۆمەڵگەی توێژینەوە**

مخطط خطوات إختيار عينة البحث من المجتمع




**Target population** - Population of interest in which the researcher wants to generalize the results of study

**Sampling frame** - Part of accessible target popultion for study (the sample can be taken from accessible target popultion and not from the entire target population unless researcher has access

نموونە(سمپڵ)  چوارچێوەی نموونە  کۆمەڵگەی دەستنیشان کراو

**شێوازەکانی هەڵبژاردنی نموونەکانی توێژینەوە :**

منهجيات اختيار عينة البحث العلمي

Methodologies for selecting a scientific research sample

**وەك پێشتر ڕوون کرایەوە، هەڵبژاردنی نموونەکان ڕێکارێکی کاریگەرە لە توێژینەوەدا و پێویستە بەگوێرەی بنەمای دیاری کرداوی زانستی لە کۆمەڵگەی توێژینەوەوە هەڵبژێرێن، زانست بۆ ئەم کارە چەند شێوازێکی ڕوون کردۆتەوە، لێرەدا بە گوێرەی پۆلێنی سەرچاوەکان ڕوونیان دەکەینەوە.**

**نموونەگری دوو شێوازی سەرەکی هەیە :**

A. **نموونەکانی ئەگەری :** أخذ العينات الإحتمالية probability samples

B. **نموونەکانی نائەگەری :** أخذ العينات غيرالاحتمالية Non–probability samples

**هێڵکاری شێوازەکانی نموونەگری لە توێژینەوەی زنستیدا.**

منهجيات اختيار عينة البحث العلمي



أخذ العينات الحكمية أو الهادفة

**نموونەگری تۆپە بەفرین**
أخذ العينة الحصصية

**نموونەگری تۆپە بەفرین**

أخذ عينة كرة الثلج

**نموونەکانی ئەگەری :** العينات الإحتمالية probability samples

**نموو نەگرتنی ئە گەری (الإحتمالیة probability ) شێوازیکە بۆ دەرهێ نان و هەڵ بژاردنی نموو نەی توێژینەوەی زانستی لەسەر بنەمای تیۆری ئەگەرەکان، ئەم شێوازە تەواوی پێکها تەکانی کۆمەڵکەی توێژینەوەك دەگرێتەوە، واتە هەموو پێکهاتەکانی(تاکەکانی) کۆملگە کە دەر فەتی یەکسانیان لە هەڵبژارد ندا هە یە، ئە مەش لە بەر ئەوەی هیچ جۆرە لایەنگری یەك لە نموو نەکان ناکر ێت، وا تە هەڵ بژاردنی نموونە کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بەبێ مەبەست ئەنجام دەدرێت ، ئەمەش لە ڕێگە بەکارهێنانی چەند پێوەرێك بۆ هەڵبژاردن دەبێت، یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندیە یەکانی نموو نەکانی ئە گەری (العينات الإحتمالية probability samples) ئەوەیە کە دەتوانرێت گشتگیری بۆ تەواوی کۆمەلگەی توێژینەوەدا بکرێت، بە پێچەوانەی نموونەکانی نائەگەری کە ئێستا ڕوونی دەکەرینەوە. جۆرەکانی نموونەگەری ئەگەری ئەمانەن :**

١) **نموونەگەری هەڕەمەکی سادە :** أخذ العينة العشوائية البسيطة Simple random sampling

٢) **نموونەگەری چینداری :** أخذ العينة الطبقية The stratified sampling

٣) **نموونەگەری ڕێکخراو :** أخذ العينة المنتظمة Systematic sampling

٤) **نموونەگەری هێشووی :** أخذ العينة العنقودية The cluster sampling

٥) **نموونەگەری فرە قۆناغی :** أخذ العينات متعدد المراحل Multi–stage sampling

هێڵکاری جۆرەکانی نموونەگرتنی ئەگەری (العينات الإحتمالية probability samples)



هێڵکاری جۆرەکانی نموونەگرتنی ئەگەری (العينات الإحتمالية probability samples

نموونەی هەڕەمەکی سادە  نموونەی چینداری

نموونەی ڕێکخراو  نموونەی هێشووی




**نموونەکانی نائەگەری :** العينات غيرالاحتمالية   Non-probability samples

**شێوازی نموونەگرتنی نائەگەری**(طريقة أخذ العينات غيرالاحتمالية Non-probability samples ) **پەیوەستە بە خەملاندنەکانی توێژەرەوە بۆ هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوە زانستییکە، ئەم جۆرە نمونەگرتنە زۆر جار**

**لەسەر بنەمای توانای توێژە یان ئەو ئامرازانەی بۆ دەستڕاگەیشتن بە نموونەکانی کۆمەڵگە کە بەکاردەهێنرێت، شێوازی نموو نەگرتنی نائەگەری**(طريقة أخذ العينات غيرالاحتمالية) **بە ڕێکوپێکی بۆ ئەنجا مدانی توێژینەوەی سەرەتایی ئامانج وەرگرتنی گریمانەیەك بەبارەت بە بابەتێکی توێژینەوە بەکار دەهێنرێت .**

**لە شێوازەکانی نموونەگرتنی نائەگەری**(القصدية أو غير الاحتمالية intended or improbable )**، هەموو پێکهاتەی کۆمەڵگەی توێژینەوە کە دەر فەتی دیاریکردن یان وەك نموو نە نیە،  هەروەها ناتوانرێت گ شتاندن (گ شتگیری ئەنجا مەکان بۆ تەواوی کۆمەڵگە کە بکرێت، چونکە دەرەنجا مەکان تەنها بۆ ئەو نموو نە مەبەستدارەکانە** (العينة القصدية The intended sample ) **کە بەشێوەی نموونەگرتنی نائەگەری هەڵبژێراون . جۆرەکانی ئەمانەن :**

١) **نموونەگری ئەنقەست (بڕیاردان) :** أخذ العينات الحكمية أو الهادفة (العينة العمدية أو قصدية)
Judgmental or purposive sampling (intentional or intentional sampling)

٢) **نموونەگری پشکەکان :** أخذ العينة الحصصية  Quota Samplin

٣) **نموونەی گونجاو:** أخذ العينات المريحة ( الملائمة) Convenience or Accidental Sampling

٤) **نموونەگری تۆپەبەفرینەکان :** أخذ عينة كرة الثلج  Snowball Sampling

**هێڵکاری جۆرەکانی نموونەگرتنی نائەگەری** (غيرالاحتمالية Non-probability samples )



**جۆرەکانی نموونەکانی ئەگەری :** أنواع عينة الإحتمالية Probability sample types

**١) نموونەی هەڕەمەکی سادە :** العينة العشوائية البسيطة Simple random sample

**یەکێکە لە باشترین تەکنیکەکانی نموونەگرتنی ئەگەری، چونکە یارمەتیدەرە بۆ پاشەکەوت کردنی کات و سەرچاوەکان (**الوقت و الموارد time and resources**)، شێوازێکە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، تێیدا هەموو تاکێك لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵدەبژێرێت، واتە هەموو تاکێك هەمان ئەگەری وەك بەشێك لە نموونەیەك هەیە .**

**بۆ نموونە :**

**ئەگەر لە ڕێکخراوێکدا 500 کارمەندی هەبێت، ئەگەر تیمی HR (**فريق الموارد البشرية Human resources team**)، بڕیاری پێکهێنانی تیمێك بدات، ئەگەری زۆرە بۆ ئەم بابەتە تیروپشك بکەن، لەم حاڵەتەدا هەریەك لە 500 کارمەندەکە دەرفەتی هەڵبژاردنی یەکسانیان دەبێت.**

هێڵکاری جۆرەکانی نموونەگرتنی سادە (أخذ العينة البسطة)



٢) **نموونەی چینداری** : أخذ العينة الطبقية The stratified sample

**نموو نەگرتنی هەرە مەکی چینداری، شێوازێکە تا کەکانی کۆمەڵگە کە بە سەر چەند گروپێکدا دا بەش دەکرێت، دەستێوەردان و تێکەڵاوی لە نێوانیاندا نابێت، بەڵام پێکەوە بە تەواوی نوێنەراتی کۆمەڵگە ڕەسەنەکە دەکەن، لە کاتی نموونەگرتندا ئەم گروپانە ڕێکدەخرێت، دواتر لە هەر گروپێك نموونەیەك وەردەگیرێت.**

**بۆ نموونە :**

**توێژەرێك هەوڵی شیکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسانە دەکات کە سەر بە چەند کۆمەڵگە یەکی جیاوازن لە داهاتی ساڵانەدا، لێرەدا چنداری دێتە پێش، توێژەر بە گوێرەی داهاتی ساڵانە گروپ دروست دەکات، وەك :**




A. کەمتر لە 20000 دۆلار .

B. 21000–30000 دۆلار .

C. 31000–40000 دۆلار .

D. 41000–50000 دۆلار .

**لێرەوە دەتوانرێت چاودێری ئەم کەسانە بکرێت کە سەر بە گروپە داهاتییە جیاوازەکانن، بۆ ئەوەی لە دەرەنجامی توێژینەوەکەدا دەربکەوێت ، کەسانی هەرجۆرە داهاتێك ، خاوەنی چ جۆرە تایبەتمەندییەکن . ئەم جۆرە توێژینەوەیە بازرگانان بەکاری دەهێنن بۆ ئەوەی کان گروپ داهات بکەنە ئامانج، تاوەکو نەخشتە ڕێگەیە دادەڕێژن سوود لە کەسانی ئەو گروپە وەربگرن .**

هێڵکاری جۆرەکانی نموونەگرتنی چینداری (أخذ العينة الطبقية)



٣) نموونەی ڕێکخراو : أخذ العينة المنتظمة Systematic sample

به بەکارهێنانی شێوازی نموو نەگرتنی ڕێک خراو، ئە ندامانی نموونە یەك به ذ ێوانێکی ڕێکوپ ێك بۆ کۆمەڵگەیەك هەڵدەبژێرێت، لەم کاتەدا پێویست به دیاری کردنی خاڵ دەستپێك هەیە بۆ نموونەکە و قەبارەی نموونەکە تاوەکو به ماوەیەکی ڕێکوپێك دووبارە بکرێتەوە، ئەم جۆرە لە نموونەگرتنە ذ ێوانێکی پێشوەختەی دیاریکراوی هەیە، لەبەر ئەوەیە ئەم تەکنیکەی نموونەگرتن کەمترین کات دەبات.

نموونە :

ئەگەر توێژەرێك بیەوێت 10 نموونە لە 60 خێزان وەربگرێت، ئەوا 60 نمرەکە دابەشی 10 دەکر ێت، ئەنجامەکە ژمارە 6 دەردەچێت، لێرەدا بۆ نموونە ژمارە 5 دەکرێت بە خاڵ دیاری کردن، بە نێوانەی ژمارە 6 بۆ ژمارە ژمارەی 5 و دواتر دوایەك ژمارە 6 زیاد دەکرێت، بەم شێوەیە :

5 +11 +17 + 23 + 29 + 35 + 41 + 47 + 53 + 59

تێبینی/ پێشەکی یەك یەکی ئەندامانی 60 خێزانەکە نمرەیان پێدراوە، واتە بە نمرە دیاری کراوە .

هێڵکاری جۆرەکانی نموونەگرتنی ڕێکخراو (أخذ العينة المنتظمة )



### ٤) نموونەی هێشووی : أخذ العينة العنقودية The cluster sample

**لەم جۆرە نموونەگرییەدا، تەواوی کۆمەڵگەکە بە سەر چەند گروپێکدا دابەش دەکرێت، ئەو گروپانە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەکە دەکەن، هەرگروپێك دیاری دەکرێت نموونەکانی تێدا جیادەکرێتەوە و ناوی گروپەکان دەنرێت و پێناسە دەکرێت، بۆ نموونە وەك هێماى دیمۆگرافی واتە زانیاری کەسی ( تەمەن، شوێن، ڕەگەز،...هتد ئەم جۆرە دابەشکردنە دەرەنجامە کاریگەرییەکان لە فیدباکەکان بۆر ئاسان دەکات بۆ ئەوەی ڕاپرسییەکە دروست بکرێت.**

**بۆ نموونە :**

**ئەگەر وولاتێك بیەوێت، هەڵسەنگاندێك بۆ ژمارەی ئەو کۆچبەرەکان کە لە وولاتەکەیدا نیشتەجێن بکات، ئەوا بە پشت بەستن بە ئەو شارانەی کۆچبەرەکانی تێدا نیشتەجێ بوون، کۆچبەرەکان دەکات بە چەند گروپێکەوە لەسەر بنچینەی شارەکان،ئەم شێوازەی ئەنجامی ڕاپرسی کاریگەر ترە چونکە دەرەنجامەکان بە گوێرەی شارەکان دابەش دەکرێت، واتە داتای تەواوان سەبارەت بە کۆچبەرەکان بۆ دەردەخات.**

هێڵکاری جۆرەکانی نموونەگرتنی هێشووی (أخذ العينة العنقودية )



## ٥) نموونەگری فره قۆناغی : أخذ العينات متعدد المراحل Multi-stage sampling

**له نموونەگری فروقۆناغدا، له بری ئەوەی زانیاری له هەموو تاكێكدا كۆبكرێتەوە، سەرەتا به شێوەیەكی هەڕەمەكی تاكەكان هەڵدەبژێرێت، تاوەكو وەك نموونه بەكار بهێنرێت، پاشان دەتوانێن زانیاری له هەر تاكێكیان كۆ بكرێتەوە،ئەم شێوازه به نموونەگری دوو قۆتاغ ناسراوه (**متعدد المراحل**) ، لەبەردەوامی ئەم جۆره نموونەگرییەدا نموونەی بچوكتر دروست دەبێت، لێرەدا به فره پۆلی (**متعدد صفوف**) ناودەبرێت .**

**بۆ نموونه :**

**بۆ دیاری كردنی ئاستی بژێوی خێزانەكان له وولاتێكدا، پێویسته بەم چەند قۆناغه نموونەكان وەربگیرێت :**

1) **دیاری كردنی پارێزگاكانی وولات .**
2) **وەرگرتنی نموونه له چەند شارێكی هەر پارێزگایەكدا .**
3) **وەرگرتنی نموونه له چەند شارۆچكەیەكی هەر شارێكدا.**
4) **وەرگرتنی نموونه له چەند گوندێك هەر شارۆچكەیەكدا .**
5) **وەرگرتنی نموونه چەند هەرخێزانێكی هەرگوندێكدا .**

**تێبینی / دواتر دەتوانرێت زیانیاری و درەرەنجامەكان لەسەر ئاستی هەریەك له جۆره نموونانه دەربهێنرێت .**

هێلكاری جۆرەكانی نموونەگرتنی فرەقۆناغی (أخذ العينات متعدد المراحل )



**جۆرەانی نموونەکانی نائەگەری** : أنواع العينات غيرالاحتمالية   Types of Non-probability samples

**١) نموونەگری ئەنقەست (بڕیاردان)** : أخذ العينات الحكمية أو الهادفة (العينة العمدية أو قصدية)
)Judgmental or purposive sampling (intentional or intentional sampling

**لەم جۆرە نموونەگەرە یەدا، بڕ یاری تو یژەر گرنگە بۆ درو ست کرد نی نموونە کە، تو یژەران تەنها لە سەیرکردنی ئامانجی توێژینەوەکە لە نموونەکان تێدەگەن ، بۆ نموونە کاتێك توێژەران دەیانەوێت لە پرۆ سەی بیرکردنەوەی ئەو کەسانە تێبگەن کە ئارەزووی خوێندنیان بۆ ما ستەر هە یە، پێوەرە کانی هەڵبژاردن بریتی دەبن لە :**

**" ئایا ئارەزووی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر دەکەیێت؟**

**ئەو نموونانەی وەڵامی (نەخێر) دەدەنەوە لە نموونەی توێژینەوەکە دوور دەخرێنەوە، واتە ئەم جۆرە لە نموونەگەری لە ڕێگەی هەڵسەنگاندی توێژەرەوەیە، کە ئایا ئەم کەسە بۆ نموونەی توێژینەوەکەی گونجاوە.**

هێڵکاری جۆرەکانی نموونەگرتنی ئەنقەست   (أخذ العينات القصدية أو العمدية )






٢) **نموونەگری پشکەکان** : أخذ العينة الحصصية Quota Samplin

**لەم تەکنیکەی نموونەگرتنەدا ئەندامەکانی کۆمەڵگە، لەسەر بنەمایی پێوەری پێشوەختە هەڵدەبژێردرێن، لە حاڵە تەدا، لە بەر ئەوەی نموونە کە لە سەر بنەمای تایبەتمەندی تایبەت درو ستکراوە، ئەو نموونەی کە دادەڕێژرێت، هەمان ئەو تایبەتمەندیانەی دەبێت کە لە کۆی کۆمەڵگەکەدا دەبینرێتەوە، ئەم شێوازە ڕێگا یەکی خێرایە بۆ دۆزینەوەی نموونەی گونجاو .**




**هێڵکاری جۆرەکانی نموونەگرتنی پشکەکان**
(أخذ العينات الحصصية )

٣) **نموونەی گونجاو** : أخذ العينات المريحة ( الملائمة) Convenience or Accidental Sampling

**توێژەران لەم شێوازەی لە نموونەگەریدا پشت بە بابەتێك دەبەستن بە ئاسانی بێتە دەستەوە، وەك ڕاپرسی کردن لە کەسانی ناو مۆڵێك یان پیادەڕۆکانی سەرشەقامە قەرەباڵغەکان، ئەم جۆرە بە شێوەیەکی باو بە نموونەی ئاسانکاری توێژەر ناودەبرێت، ئەمەش بەهۆی ئاسانکاربوون بۆ توێژەر لە ئەنجامدانی پەیوەندی لەگەڵ بابەتەکان. توێژەر لەم کاتەدا هیچ جۆرە دەستەلاتێکی بۆ هەڵبژاردنی نموونەکان نییە، ئەمە جۆرە لە نموونەگەری لەسەر بنەمای نزیکی کەسەکە لە توێژەرەوە ئەنجام دەدرێت نەك نموونەکە دیاری کرابێت.**




**هێڵکاری جۆرەکانی گونجاو**
(أخذ العينات الملائمة )

٤) **نموونەگری تۆپە بەفر** : أخذ عينة كرة الثلج Snowball Sampling

**کاتێك توێژەران ئەم جۆرە لە نموونەگەری بەکار دەهێنین، ئەگەر بە دوادا چوون بۆ با بەتێکی قورس بکەن، بۆ نموونە زۆرگرانی تێدایە ڕاپرسی لە کەسانێك بکرێت بێ ماڵ وحاڵن یان کۆچبەری نائاساییین.**

**لەم جۆرە بارانەدا بەکارهێنانی شێوازی تۆپی بەفر ، دەتوانێت بە دوادا چوون بۆ هەندێك بەش لە کۆمەلگا بکات تاوەکو چاوپێکەوتنیان لە گەڵ بکەن و دەرەنجا مەکان ڕوون بێتەوە. هەروەها توێژەران ئەم شێوازەی نموونەگرتن لە بابەتە هەستیارەکاندا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری وردی شاراوە بەکار دەهێنن ، بۆ نموونە: ڕاپرسی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی نەخۆشی ئایدز .**

**هێڵکاری جۆرەکانی نموونەگرتنی تۆپە بەفر** (أخذ عينة كرة الثلج )



**هەڵسەنگاندنی نموونەی توێژینەوە :** تقويم عينة الدراسة Study sample evaluation

**لە کاتی هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەدا، پێویستی توێژە ئاگاداری ڕوونەدانی هەندێك هەڵە بێت لە کاتی هەڵبژاردن و نموونەگەری نموونەکانی توێژینەوەکەدا، لێرەدا دیارترین ئەو هەڵانە دەخەینەڕوو، ئەمانەن :**

١) **هەڵەی لایەنگری:** أخطاء التحيُّز Bias errors

**ئەم جۆرە هەڵە یە لەکاتی هەڵ بژاردن و نموونە گەری** ( أخـذ العينــات Sampling ) **نموو نەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە کە ڕوو دەدات، پێوی ستی تو یژەر بە ئاگای یەوە ڕە چاوی بێ لا یەنگری نموونە گەری توێژینەوەکەی** ( أخذ العينات Sampling ) **بکات.**

٢) **هەڵەی ڕێکەوت :** أخطاء الصدفة Serendipitous errors

**ئەم جۆرە لە هە ڵە لە نموونەگەر یدا، بەهۆی گەورەیی نموو نەی توێژینەوە کە ڕوو دەدات، ئە مەش بەهۆی چاودێری نەکردنی وردی کۆمەڵگە کەوە ڕوو دەدات، چونکە بەوردی ئەو ئەو بنەما یەی بەکاری هێناوە بۆ نموونەگەرییەکە** ( أخذ العينات Sampling) **جێبەجێ نەکراوە .**

٣) **هەڵەی ئامراز :** أخطاء الأداة Tool errors

**ئەم جۆرە لە هەڵە، لەئەنجامی کاردانەوەی وەڵامدەرەوەکان( پێکهاتەی کۆمەڵگەکە) بۆ ئامێری یان ئەو هۆکاری و پێوانەکردنەکە بۆ هەڵبژاردنی نموونەکانی توێژینەوەکە.**

**تو یژەر دەتوانێت لە ڕێگەی ڕاهێنانی چڕوپڕەوە خۆی لەو جۆرە هەڵانە بپارێزێت، ئە مەش لە ڕێگەر شارەزابوونی شێوازەکانی نموونە گەری لە کۆمەڵگەی توێژینەوەوە،تاوەکو بەهۆیەوە بتوانێت جۆرێکی تەواو لە نموونە هەڵبژێرێت بۆ توێژینەوەکەی، نوێنەرایەتی تەواوی کۆمەڵگەی ڕەسەنەکەی توێژینەوەك بکات.**

**شێوازەکانی ئاماری بۆ دیاریکردنی قەبارەی نموونە لە کۆمەڵگەی توێژینەوە :**

الأساليب الإحصائية لتحديد حجم العينة في مجتمع البحث

Statistical methods for determining sample size in the research community

**قەبارەی نموو نەی(** حجم العينة Sample volume **) توێژینەوە زاراوەیە کە بەکاردێت بۆ ژ مارەی ئەو نموونانەی لە کۆمەڵگەی توێژینەوە وەردەگیرێن وتوێژینەوەیان لە سەر دەکر ێت ، ر ێژەی نموو نەکان لە کۆمەڵگەی ڕەسەنی توێژینەوە، بەگوێرەی چەند بنەما، وڕێسا، وهاوکێشەی ئامارییەوەدیا دیاری دەکرێت.**

**لەکاتی دیاریکردنی قەبارە نموونەی (** حجم العينة Sample volume **) توێژینەوەدا، پێویستە ڕەچاوی چەند بنەمایەکی تایبەت بکرێت، وەك(قەبارەی کۆمەڵگەی ڕەسەن و هاوشێوەبوونی ، وجۆری توێژینەوە، گریمانەکانی توێژینەوە .**

**لە ماڵپەڕەکانی تۆڕەکانی ئەنتەرنێت جۆرەها ماڵپەڕی تایبەت هە یە، وەك ئامێرێکی بژمێر (** آلة الحاسبة The calculator **)کار دەکەن، جۆرەها ئامێرێکی بژمێر (** آلة الحاسبة The calculator **) بۆ چەندین بابەتی جیاواز هە یە، هەریە کەیان بەجۆرێك خز مەتگوزاری پێ شکەش دە کەن، ئەوەی لێرەدا پێوی ستی با بەتی توێژی نەوەی زانستییە، دیاری کردنی قەبارە نموونەی (** حجم العينة Sample volume **) لە کۆمەڵگەی ڕەسەنی توێژینەوەکە ئەم لینکانەی خوارەوە ئامێری بژمێر (** آلة الحاسبة The calculator **) بۆ دیاریکردنی قەبارە نموونەی (** حجم العينة Sample volume **) دەتوانرێت سودی لێوەربگیرێت، بەبەکارهێنانی ئەم ئاماژانە(**دلالة**) :**

**ئاستی یەکەم : ئاماژەی(** دلالة**) 0.05 واتە نمرەی متمانە (**درجة ثقة**) 95% ڕێژەی هەڵەی (** نسبة الخطأ **5% ).**

**ئاستی دووەم : ئاماژەی(** دلالة**) 0.01 واتە نمرەی متمانە (**درجة ثقة**) 99% ڕێژەی هەڵەی (** نسبة الخطأ **1% ).**

**ئاستی سێیەم : ئاماژەی(** دلالة**) 0.001 واتە نمرەی متمانە (**درجة ثقة**) 99% ڕێژەی هەڵەی (** نسبة **0.01%).**

https://www.un-web.com/tools/sample_size_calculator/

https://www.surveymonkey.com/mp/sample-size-calculator/

https://www.surveymonkey.com/mp/sample-size-calculator/

https://www.calculator.net/sample-size-calculator.html

https://www.qualtrics.com/blog/calculating-sample-size/

**خ شتەی (١) و ووێ نەی (١) ر ێژەی وەر گرتنی قەبارەی نموو نەی پێوی ست بۆ توێژی نەوە ئە گەر کۆمەڵ گە هاوشیوەبوو(**متجانس**) ڕوو دەکاتەوە .**

خشتەی (١)

**خشتەی(١) خشتەی کریجسی و موگان، ڕێژەی وەرگرتنی قەبارەی نموونەی پێویست بۆ توێژینەوە ئەگەر کۆمەڵگە هاوشێوەبوو(متجانس)ڕوون دەکاتەوە.**

| قەبارەی کۆمەڵگە | قەبارەی نموونە | قەبارەی کۆمەڵگە | قەبارەی نموونە | قەبارەی کۆمەڵگە | قەبارەی نموونە |
|---|---|---|---|---|---|
| 10 | 10 | 220 | 140 | 1200 | 291 |
| 15 | 14 | 230 | 144 | 1300 | 297 |
| 20 | 19 | 240 | 148 | 1400 | 302 |
| 25 | 24 | 250 | 152 | 1500 | 306 |
| 30 | 28 | 260 | 155 | 1600 | 310 |
| 35 | 32 | 270 | 159 | 1700 | 313 |
| 40 | 36 | 280 | 162 | 1800 | 317 |
| 45 | 40 | 290 | 165 | 1900 | 320 |
| 50 | 44 | 300 | 169 | 2000 | 322 |
| 55 | 48 | 320 | 175 | 2200 | 327 |
| 60 | 52 | 340 | 181 | 2400 | 331 |
| 65 | 56 | 360 | 186 | 2600 | 335 |
| 70 | 56 | 380 | 191 | 2800 | 338 |
| 75 | 63 | 400 | 196 | 3000 | 341 |
| 80 | 66 | 420 | 201 | 3500 | 346 |
| 85 | 70 | 440 | 205 | 4000 | 351 |
| 90 | 73 | 460 | 210 | 4500 | 354 |
| 95 | 76 | 480 | 214 | 5000 | 357 |
| 100 | 80 | 500 | 217 | 6000 | 361 |
| 110 | 86 | 550 | 226 | 7000 | 364 |
| 120 | 92 | 600 | 234 | 8000 | 367 |
| 130 | 97 | 650 | 242 | 9000 | 368 |
| 140 | 103 | 700 | 248 | 10000 | 370 |
| 150 | 108 | 750 | 254 | 15000 | 375 |
| 160 | 113 | 800 | 260 | 20000 | 377 |
| 170 | 118 | 850 | 265 | 30000 | 379 |
| 180 | 123 | 900 | 269 | 40000 | 380 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 381 | 50000 | 273 | 950 | 127 | 190 |
| 382 | 75000 | 278 | 1000 | 132 | 200 |
| 384 | 1E+06 | 285 | 1100 | 136 | 210 |

**وێنە خەشتەی (١)**

**وێنە (١) خشتەی کریجسی و موگان ، ڕێژەی وەرگرتنی قەبارەی نموونەی پێویست بۆ توێژینەوە ئەگەر کۆمەڵگە هاوشێوەبوو(متجانس) ڕوون دەکاتەوە.**

| حجم مجتمع البحث | حجم العينة | حجم مجتمع البحث | حجم العينة | حجم مجتمع البحث | حجم العينة |
|---|---|---|---|---|---|
| 10 ⇒ | 10 | 220 ⇒ | 140 | 1200 ⇒ | 291 |
| 15 ⇒ | 14 | 230 ⇒ | 144 | 1300 ⇒ | 297 |
| 20 ⇒ | 19 | 240 ⇒ | 148 | 1400 ⇒ | 302 |
| 25 ⇒ | 24 | 250 ⇒ | 152 | 1500 ⇒ | 306 |
| 30 ⇒ | 28 | 260 ⇒ | 155 | 1600 ⇒ | 310 |
| 35 ⇒ | 32 | 270 ⇒ | 159 | 1700 ⇒ | 313 |
| 40 ⇒ | 36 | 280 ⇒ | 162 | 1800 ⇒ | 317 |
| 45 ⇒ | 40 | 290 ⇒ | 165 | 1900 ⇒ | 320 |
| 50 ⇒ | 44 | 300 ⇒ | 169 | 2000 ⇒ | 322 |
| 55 ⇒ | 48 | 320 ⇒ | 175 | 2200 ⇒ | 327 |
| 60 ⇒ | 52 | 340 ⇒ | 181 | 2400 ⇒ | 331 |
| 65 ⇒ | 56 | 360 ⇒ | 186 | 2600 ⇒ | 335 |
| 70 ⇒ | 59 | 380 ⇒ | 191 | 2800 ⇒ | 338 |
| 75 ⇒ | 63 | 400 ⇒ | 196 | 3000 ⇒ | 341 |
| 80 ⇒ | 66 | 420 ⇒ | 201 | 3500 ⇒ | 346 |
| 85 ⇒ | 70 | 440 ⇒ | 205 | 4000 ⇒ | 351 |
| 90 ⇒ | 73 | 460 ⇒ | 210 | 4500 ⇒ | 354 |
| 95 ⇒ | 76 | 480 ⇒ | 214 | 5000 ⇒ | 357 |
| 100 ⇒ | 80 | 500 ⇒ | 217 | 6000 ⇒ | 361 |
| 110 ⇒ | 86 | 550 ⇒ | 226 | 7000 ⇒ | 364 |
| 120 ⇒ | 92 | 600 ⇒ | 234 | 8000 ⇒ | 367 |
| 130 ⇒ | 97 | 650 ⇒ | 242 | 9000 ⇒ | 368 |
| 140 ⇒ | 103 | 700 ⇒ | 248 | 10000 ⇒ | 370 |
| 150 ⇒ | 108 | 750 ⇒ | 254 | 15000 ⇒ | 375 |
| 160 ⇒ | 113 | 800 ⇒ | 260 | 20000 ⇒ | 377 |
| 170 ⇒ | 118 | 850 ⇒ | 265 | 30000 ⇒ | 379 |
| 180 ⇒ | 123 | 900 ⇒ | 269 | 40000 ⇒ | 380 |
| 190 ⇒ | 127 | 950 ⇒ | 274 | 50000 ⇒ | 381 |
| 200 ⇒ | 132 | 1000 ⇒ | 278 | 75000 ⇒ | 382 |
| 210 ⇒ | 136 | 1100 ⇒ | 285 | 100000 ⇒ | 384 |

Krejcie, R. V., & Morgan, D. W. (1970). Determining Sample Size for Research Activities. Educational and Psychological Measurement, 30, 607-610

## ئامێر وکەلوپەل وئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان

الأجهزة والأدوات ووسائل جمع المعلومات

tools and means of collecting information،Devices




ئامێر، وئامراز وهۆکارەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بۆ توێژینەوە.............................................................................................

سەرچاوە وئاماژە زانستییەکان ...............................................................................................................................

توێژینەوە پێشوو ولێکچووەکان ...............................................................................................................................

تاڤیکردنەوەکان و پێوانەکان...............................................................................................................................

ئامێرەکان و ئامرازەکان ...............................................................................................................................

سەرچاوە و ئاماژە زانستییەکان ...............................................................................................................................

جیاوازی نێوان سەرچاوەکان ( المصادر) ، ئاماژەکان (المراجع) ...............................................................................................

گرنگی سەرچاوەکان ( المصادر) ، ئاماژەکان (المراجع) لە توێژینەوەی زانستیدا...............................................................................

گرنگی سەرچاوەکان ( المصادر) لە توێژینەوەی زانستیدا ...............................................................................................

گرنگی ئاماژەکان (المراجع) لە توێژینەوەی زانستیدا ...............................................................................................

جۆرەکانی سەرچاوەکان ( المصادر)، ئاماژەکان (المراجع) لە تویژینەوەی زانستیدا ...............................................................................

توێژینەوە پێشوو ولێکچووەکان ...............................................................................................................................

ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لە توێژینەوەی زانستیدا ...............................................................................................

تێڕوانین ...............................................................................................................................

چاوپێکەوتن ...............................................................................................................................

ڕاپرسی ...............................................................................................................................

تێڕوانین ( سەرنجدان ، وردبینی کردن، تێبینی کردن) ...............................................................................................

پێکهاتەکانی  تێڕوانین ..........................................................................................................
لایەنی باشی تێڕوانین ..........................................................................................................
لایەنی خراپی تێڕوانین ..........................................................................................................
چاوپێکەوتن ..........................................................................................................
جۆرەکانی چاوپێکەوتن
پۆلێنکردنی جۆرەکانی چاوپێکەوتن بە گوێرەی ئامانجی چاوپێکەوتن، بلاوترین جۆریانە، ئەمانەن ..........................................
چاوپێکەوتنی گەڕان ( ڕاپرسی ، ڕووپێوی) ..........................................................................................................
چاوپێکەوتنی دەستنیشانکردن..........................................................................................................
چاوپێکەوتنی چارەسەری ..........................................................................................................
چاوپێکەوتنی ڕاوێژکاری ..........................................................................................................
لایەنی باشی چاوپێکەوتن ..........................................................................................................
لایەنی خراپی چاوپێکەوتن ..........................................................................................................
پرسیارنامە (پرسنامە) ..........................................................................................................
جۆرەکانی پرسیارنامە (پرسنامە) ..........................................................................................................
پرسیارنامەی داخراو ..........................................................................................................
پرسیارنامەی کراوە ..........................................................................................................
پرسیارنامەی داخراو کراوە ..........................................................................................................
پرسیارنامەی وێنەیی ..........................................................................................................
هەنگاوەکانی داڕشتنی پرسیارنامە (پرسنامە) ..........................................................................................................
لایەنی باش و خراپی پرسیارنامە (پرسنامە) ..........................................................................................................
لایەنی باشی پرسیارنامە (پرسنامە) ..........................................................................................................
لایەنی خراپی پرسیارنامە (پرسنامە) ..........................................................................................................
تاقیکارییەکان و پێوانەکان لە توێژینەوەی زانستیدا ..........................................................................................................
تاقیکارییەکان و پێوانەکان لە توێژینەوەی زانستیدا ..........................................................................................................
گرنگی تاقیکارییەکان لە توێژینەوە زانستیدا ..........................................................................................................
جۆرەکانی تاقیکارییەکان لە توێژینەوە زانستیدا ..........................................................................................................
پۆلێنی تاقیکارییەکان بەم شێوەیە..........................................................................................................
تاقیکارییەکان بە گوێرەی ئامانج ..........................................................................................................
تاقیکارییەکان بە گوێرەی کات ..........................................................................................................
تاقیکارییەکان بە گوێرەی شێوازی جێەجێکردن ..........................................................................................................
تاقیکارییەکان بە گوێرەی پێکهاتەی بابەت ..........................................................................................................
تاقیکارییەکان بە گوێرەی شێوازی خستنەڕوو ..........................................................................................................

هەنگاوەکانی دارشتنی تاقیکارییەکان لە توێژینەوە زانستیدا ........................................................................................
تاقیکارییە زانستییەکان ........................................................................................
تاقیکاری گەڕان جۆر و تایبەتمەندییەکانی ........................................................................................
جۆر و میتۆدلۆژیای تاقیکاری گەڕان ........................................................................................
شێوازەکانی تاقیکارییە سەرەتاییەکان ........................................................................................
شێوازەکانی تاقیکارییە لاوەکییەکان(دووەمییەکان) ........................................................................................
:هەنگاوەکانی ئەنجامدانی تاقیکاری گەڕان........................................................................................
هەنگاوەکانی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی گەڕان ( دۆزینەوە) ........................................................................................
تایبەتمەندییەکانی تاقیکردنەوەی گەڕان ........................................................................................
لایەنە خراپەکانی تاقیکردنەوەی گەڕان........................................................................................
گرنگی و ئامانجی تاقیکردنەوەی گەڕان ........................................................................................
جیاوازی لە نێوان تاقیکردنەوەی گەڕان و تاقیکردنەوەی سەرەکی ........................................................................................
بنچینە زانستییەکانی تاقیکردنەوەکان ........................................................................................
جۆرەکانی ڕاستی (ڕەوایەتی) ........................................................................................
هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر ڕاستی (ڕەوایەتی) ئامراز ........................................................................................
جێگیری ........................................................................................
شێوازە ئامارییەکان بۆ هەژمارکردنی جێگری ........................................................................................
ئەو هۆکارانەی کاریگەییان لەسەر جێگیری (ئامراز ، ئامێر) هەیە ........................................................................................
هەژمارکردنی بابەتییەتی تاقیکردنەوە ........................................................................................
هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر بابەتییەت........................................................................................
شێوازی ئاماری بۆ دیاریکردنی بابەتییەت ........................................................................................
مەرجەکانی بەجێگەیاندنی بابەتییەت ........................................................................................
جۆرەکانی توێژینەوەی زانستی و پۆلێنکردنەکانی ........................................................................................
پۆلێنی توێژینەوەکان بەگوێرەی سەرچاوەی زانیارییەکان ........................................................................................
پۆلێنکردنی توێژینەوە زانستییەکان، بەگوێرەی سەرچاوەکانی داتاو زانیارییەکان ........................................................................................
پۆلێنکردنی توێژینەوە زانستییەکان، بەگوێرەی ڕێبازی زانستی........................................................................................
پۆلێنکردنی توێژینەوە زانستییەکان، بەگوێرەی مەبەست و ئامانج ........................................................................................
پۆلێنکردنی توێژینەوە زانستییەکان، بەگوێرەی پێوانەی کاتی ........................................................................................
پۆلێنکردنی توێژینەوە زانستییەکان، بەگوێرەی سروشتی بابەتی توێژینەوەکە ........................................................................................
پۆلێنکردنی توێژینەوە زانستییەکان، بەگوێرەی پلەی زانستی ........................................................................................
جۆرەکانی توێژینەوەی زانکۆیی ........................................................................................
دیزاینی تاقیکاری لە توێژینەوەی زانستیدا ........................................................................................

دیاریکراوەکانی هەڵبژاردنی دیزاینی تاقیکاری لە توێژینەوەی زانستیدا ...................................................................................

ئامانجی دیزاینی تاقیکاری لە توێژینەوەی زانستیدا ...................................................................................................

دیزاینەکان لە تاقیکاری ....................................................................................................................................

تایبەتمەدییەکانی دیزاینی باش ......................................................................................................................

دیزاینی تاقیکاری سادە (پێش تاقیکاری) بۆ یەك کۆمەڵە ...........................................................................

دیزاینی تاقیکاری پێشەکی و پاشەکی بۆ یەك کۆمەڵە....................................................................................

دیزاینی تاقیکاری پاشەکی بۆ دوو کۆمەڵە ( دوانەی جووت یا هاوشێوەکردن) ..............................................................

دیزاینی تاقیکاری پێشەکی و پاشەکی بۆ دوو کۆمەڵە( هەڕەمەکی)

دیزاینی سۆلۆمان بۆ چوار کۆمەڵە ..........................................................................................................

دیزاینی  نیمچە تاقیکاری ..........................................................................................................................

دیزاینی تاقیکاری کۆمەڵەی کۆنترۆڵی نا هاوشێوە ..............................................................................................

دیزاینی تاقیکاری زنجیرەی کاتی بۆ کۆمەڵە ..................................................................................................

دیزاینی تاقیکاری زنجیرەی کاتی بۆ کۆمەڵەی(تاقیکاری و کۆنترۆڵ) ....................................................................................

دیزاینی تاقیکاری کۆمەڵەی کۆنترۆڵی ناهاوشێوە ..............................................................................................

تاقیکردنەوەی سەرەکی لە توێژینەوەدا ................................................................................................

نوسینەوەی چەند ڕێکارێك لە دەروازەی سێیەمدا...............................................................................................

پێکهاتەی دەروازەی سێیەم بۆ توێژینەوەی ( وەصفی) ...........................................................................................

پێکهاتەی دەروازەی سێیەم بۆ توێژینەوەی ( تاقیکاری) ..........................................................................................

شێوازە ئامارییەکان لە توێژینەوەی زانستیدا...........................................................................................................

گرنگی بەکارهێنانی شێوازە ئامارییەکان ..................................................................................................

گرنگی شیکارە ئامارییەکان ..........................................................................................................................

جۆرەکانی دااتاکان .................................................................................................................................

هەنگاوەکانی شیکارە ئامارییەکان ..............................................................................................................

جۆرەکانی ڕێگاکانی شیکاری داتاکان .........................................................................................................

چارەسەرە ئامارییە بەکارهاتووەکان بۆ دەرهێنانی ئەنجامەکان ...........................................................................

## ئامێر وکەلوپەل وئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان

الأجهزة والأداوات ووسائل جمع المعلومات

tools and means of collecting information،Devices



**ئامێر وکەلوپەل وئامرازەکانی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بۆ توێژینەوە:**

tools or devices to collect research data أدوات أو الأجهزة لجمع بيانات البحث

**تەوەری سێیەم لە دەروازەی سێیەمدا، بریتیە لە د یاری کرد نی ئامێر، و ئامراز وهۆکارە کان بۆ توێژینەوەی زانستی . ئامێر، و ئامراز وهۆکارە کان بەگوێرەی با بەتی توێژینەوە کە دەگۆڕێت، چونکە با بەتی توێژینەوەکان ج یاوازن، بە مەش جۆری زانیاری یەکان و بەکارهێنانی هەر یەك لەوا نەجیاوازە، لە وانە یە لە هەندێك توێژینەوەدا پێویستی بە یەکێك یان زیاتر لە ئامرازێك یان ئامێرێك وهۆکارێك هەبێت .**

**لە پێناو ئەوەی زانیاریە کۆکراوەکان ڕاست ودروست بن، پێویستە متمانەی ڕاستی زانستی و جێگیر هەر یەك لە ئامێر، وئامراز وهۆکارەکان لە پێوانەکردندا هەبێت، بۆ نموونە:**

**ئەگەر ئامێرێ ( قەپان) بۆ کێشانی کێشی نموونەکان بەکار بهێنرێت، پێویستە لە چەندجارە کێشانەوەی چەند نموونەیەك هەمان نمرەی کیلۆگرام بدات، یان لەکاتی بەکارهێنانی هەرجۆرە ڕاپرسییەك لە چەند نموونەیەك بکرێت ، ئەگەر دووبار بکرێتەوە، ئەنجامی هەردوو وەلأمیان لە ڕاپرسییەکەدات نزیك لە یەك بێت.**

**ئامێر، وئامراز وهۆكارەكان بۆ چەند جۆرێك جیاكراونەتەوە، لێرەدا ئاماژە بە هەریەكەیان دەدەین :**

١) **سەرچاوە وئاماژە زانستییەكان :** المصادر والمراجع The Sources and References

٢) **توێژینەوە پێشوو ولێكچووەكان :** الدراسات السابقة والمشابه Previous and similar studies

٣) **ئامێرەكان و ئامرازەكان :** الأجهزة و الأداوت Devices and tools

٤) **تاقیكارییەكان و پێوانەكان :** الإختبارات و القیاسات Tests and measurements



**سەرچاوە و ئاماژە زانستییەكان :**

المصادر والمراجع The Sources and References

**سەر چاوەكان ( المصادر (References ، ئاماژە كان ( Sources)، بریتین لە شوێنانەی تو ێژەر زانیار یەكانی توێژینەوە كەی لێوەدەگر ێت، هەموو جۆرە زانیاریـ یەكان لـێوە وەردەگر ێت كە پەیوە ندی بە با بەتی توێژینەوەكە یەوە هە یە، سەر چاوەكان ( المصادر (References ، ئاماژە كان ( Sources)، هۆ كاری بەشدارن بۆ دەوڵەمە ندكردنی توێژینەوە كە بە زانیاری ورد و ڕە سەن، هەوەرها وەڵامدەرەوەی هەموو ئەو پرسیارانەیە كە دێتە بیروهۆشی توێژەرەوە. كەواتە توێژەر هەرچەندە زیاتر سوود لە سەر چاوەكان ( المصادر (References ، ئاماژەكان ( Sources)وەربگرێت توێژینەوەكەی لە ڕووی زانستییەوە زیاتر دەوڵەند و پڕ نرخی ئەكادیمی دەبێت.**

**سەرەتا پێویستی پێناسەی هەردوو زاراوەی ( المصادر References، المراجع Sources) بزانین :**

- **سەرچاوەکان :** المصادر References

**واتە سەرچاوەکان، وەك شوێن، واتە ئەو شوێنەی کە زانیاریيە ڕەسەن و بنچینەییەکانی تێدا یە، وەك: شوێنێکی مێژووی یان جوگرافی بەڵام سەرچاوە وەك نوسراو ، بریتییە لە کتێب و پەرتووکە نوسراوەکانی پێشتر ،کە توێژەر پشتیان پێدەبەستێت وەك بابەتە خاوەکان بۆ توێژینەوەکەی .**

- **ئاماژەکان :** المراجع Sources

**واتە ئاماژەکان، واتە ئەو شوێنانەی کە زانیارییەکان بە شیوەی ئاماژە یە، توێژەر لەکاتی پێویستدا دەگەڕێتەوە بەلایان، واتە لە شێوەی سەرچاوەیەکدایە ، لە کاتی پێویستدا توێژەر بۆ وەرگرتنی زانیاری بۆ لا یان دەگەڕێتەوە، وەك (ئینسایکلۆپیدیا (** الموسوعات Encyclopedias**)، گۆڤارەکانی هەفتانە، مانگانە، وەرزانە، ساڵانە(** دوريات periodicals**)، کتێبە وەرگێڕاوەکان .**

**جیاوازی نێوان سەرچاوەکان (** المصادر**) ، ئاماژەکان (**المراجع**) :**

The difference between Sources and References الفرق بين المصادر والمراجع

- **سەرچاوەکان (** المصادر References**) : بریتین لە کتێبی نوسراوە، زانیاری و زانستی نوێیان تێدایە کە پێشتر کەسی تر پێیان نەگەشتووە ، واتە زانیارییەکانی ناوی ڕەسەنن.**
- **نوسراوە ئاماژەکان (** المراجع Sources**) : بە هەمان شێوەی سەرچاوەکان وەك کتێب نوسراونەتەوە بەڵام زانیارییەکان لە سەرچاوەکانەوە وەرگیراوە، توێژەرهەموو زانیارییەکانی بەکارنەهێنراوە بەڵکو بەشێکی کەمی لە توێژینەوەکەیدا بەکارهێناوە. خاڵێکی گرنگی ئاماژەکان ئەوەی دەوڵەمەندن بە جۆرەها توێژینەوەی زانستی و دەسکەوتوو داهێنانی نویّ. زۆرێك لە بابەت و داتای تێدایە کە وەڵامدەرەوەی زۆرێك لە پرسیارە ئاڵۆزەکانی توێژەرانن.**

**واتە ئەگەر توێژەر زانیاری لە سەرچاوەیەکەوە وەرگرت، و پەیوەندی ڕاستەخۆی بە بابەتەکە یەوە هەبوو، ئەوا بە سەچاوە هەژمار دەکرێت بەڵام ئەگەر ئەو نوسراوەی زانیارییەکەی لێوەردەگیرێت پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بابەتەکەوە نەبێت بە نوسراوە ئاماژەکان( نوسراوە ئاماژەکان (**المراجع Sources**)) هەژمار دەکرێت.**

**گرنگی سەرچاوەکان ( المصادر) ، ئاماژەکان (المراجع) لە توێژینەوەی زانستیدا:**

أهمية المصادر والمراجع في البحث العلمي

The importance of Sources and References in scientific research

**وەك پێشتر روون کرایەوە، سەرچاوەکان ( المصادر)، ئاماژەکان (المراجع) گرنگی و کاریگەری بەهێز و گەورەیان لە توێژینەوەی زانستیدا هەیە، چونکە ئەو بابەتانەی تێدا توێژەر بەلایەوە گرنگە بۆ دەوڵەمەندکردنی لایەنی ئەکادیمی و زانستی توێژینەوکەی،لێرە ئاماژە بە گرنگی هەریەکەیان دەدەین.**

**گرنگی سەرچاوەکان ( المصادر) لە توێژینەوەی زانستیدا :**

The importance of References in scientific research أهمية المصادر في البحث العلمي

**سەرچاوەکان ( المصادر ) لە توێژینەوەی زانستیدا گرنگییەکی زۆریان هەیە، لەم چەند خاڵەدا ڕوون دەکەینەوە :**

١) **بۆ نوسینەوەی توێژینەوەیەکی زانستی دروست و جیاوازدا، پیشت بە سەرچاوەکان دەبەسترێت.**

٢) **لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی توێژینەوە، توێژەر متمانەی خوێنەر بەدەستدێنێت بۆ خوێندنەوەی بابەتە زانستییەکانی تری کە بلاْوکراوی کردونەتەوە.**

٣) **بەشداری لە بەدەستهێنانی نازناوە زانستییە گەورەکان بۆ توێژەر دەکات، لە ڕێگەی بەلگەی نیشاندانی ئەو کۆششەی کردویەتی .**

٤) **بۆ پشتڕاسکردنەوەی هەموو ئەو زانیاریانەی لە توێژینەوەکەدا دانراوە.**

٥) **وەك پاڵپشتێکە بۆ شیکارو کردن وساکارکردنی کێشە و بابەتەکانی توێژینەوە بەشێوەیەکی ورد.**

٦) **وەك هەڵقەیەکی نێوانی ئێستا ڕابردوو دادەنرێت؟**

**گرنگی ئاماژەکان (المراجع) لە توێژینەوەی زانستیدا :**

The importance of Sources in scientific research أهمية المصادر في البحث العلمي

**ئاماژەکان (المراجع) لە توێژینەوەی زانستیدا گرنگییەکی زۆریان هەیە، لەم چەند خاڵەدا ڕوون دەکەینەوە :**

١) **بە کۆمەڵێك بە لگە زانستی دادەنرێت، زۆرێك لە زانیاری گرنگ و پێویستی بۆ توێژینەوە لە خۆ گرتووە.**

٢) به شێوازێكی ورد دادنرێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری ورد و بەسوود بۆ توێژینەوەی زانستی .
٣) له ڕێگەی شێوازێكی زانستی دروستەوە، بەشداری له تەواوكردنی توێژینەوەی زانستیدا دەكات.
٤) شێوازێكە بۆ وەڵامدانەوەی زۆرێك لەو پرسیارانەی توێژەر پێویستی بە وەڵامەكەیانە.
٥) وەك هەڵقەیەكی نێوانی ئێستا ڕابردوو دادەنرێت؟

**جۆرەكانی سەرچاوەكان ( المصادر)، ئاماژەكان (المراجع) له تویژینەوەی زانستیدا :**

أنواع المصادر والمراجع في البحث العلمي

Types of sources and references in scientific research

١) **قورئانی پیرۆز :** القرآن الكريم The Holy Quran
٢) **سونەتی پێغەمبەری :** السنة النبوية Sunnah
٣) **كتێبەكان :** كتب Books
٤) **گۆڤارە زانستییە دەورییەكان :** الدوريات العلمية Scientific periodicals
٥) **ئینسایكۆپیدیاكان :** الموسوعات Encyclopedias
٦) **فەرهەنگ و قاموسەكان :** المعاجم و القواميس Glossaries and dictionaries
٧) **فۆڵدەرەكان :** المجلدات Folders
٨) **تاقیكردنەوەكان :** الإختبارات The Tests
٩) **تاقیكردنەوە زانستییەكان :** التجارب العلمية The scientific experiments
١٠) **ڕاوبۆچوونی شارەزایان و پسپۆڕان :** رأي الخبراء والمختصصين Opinion of experts and specialists
١١) **تێڕوانین :** الملاحظة The Observation
١٢) **چاوپێكەوتن :** المقابلة The interview
١٣) **ڕاپرسی :** الإستبيان the questionnaire
١٤) **كتێبەكانی ژیاننامە :** كتب السيرة الذاتية Autobiographical books
١٥) **سكریپتەكان ( هێڵكارییەكان) :** المخطوطات parchment (manuscripts)
١٦) **بەڵگە مێژووییەكان :** الوثائق التأريخية Historical documents
١٧) **ڕاپۆرتەكانی دەرچوو له ڕێكخراوە زانستییەكانەوە :**

التقارير الدورية الصادر عن هيئات العلمية

Periodic reports issued by scientific bodies

١٨) **ماڵپەڕە زانستییەكانی باوەڕپێكراو له تۆڕەكانی ئەنتەرنێت :**

مواقع وصفحات الأكاديمة الموثوقة في شبكة الإنترنت

Academic authoritative websites and pages on the Internet

**توێژینەوە پێشوو ولێکچووەکان :**

Previous and similar studies الدراسات السابقة والمشابه

**کۆکردنەوەی زانیاری پێویستە بۆ توێژینەوە، لە ڕێگەی خوێندنەوەی توێژینەوە پێشوو ولێکچووەکان**(الدراسات السابقة والمشابه Previous and similar studies) **ئەم بابەتە لە دەروازەی دوومدا ڕوونکراوەتەوە .**

**ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لە توێژینەوەی زانستیدا :**

وسائل جمع المعلومات في البحث العلمي
Means of gathering information in scientific research



١) **تێڕوانین :** الملاحظة The observation
٢) **چاوپێکەوتن :** المقابلة The interview
٣) **ڕاپرسی :** الإستبيان The questionnaire
٤) **تاقیکردنەوەکان :** الإختبارات Tests

**تێڕوانین ( سەرنجدان ، وردبینی کردن، تێبینی کردن) :** الملاحظة Observation

**واتە تێڕوانینێکی زانستیان بۆ بابەتێك یان داریدەیەك و دۆزینەوە و تێگەیشت لەو هۆکارانەی ئەم دیاردەیە بە ڕێوە دەبات،بۆ ئەم مەبەستە توێژەران چەندەها و جۆرەها فۆرمی تایبەت دروست دەکەن بۆ تۆمارکردنی ئەو تێبینیانەی لەسەر بابەتی دیاری کراو بەرچاویان دەکەوێت، هەوەرها لە ڕێگەی تێڕوانینەوە توێژەران دەتوننن چاودێری هەندێك دیاردە بکەن کە پێکهاتەکانیان کۆنترۆڵیان کردوە، وەك ئەوەی لە تاقیگەکاندا هەیە، توێژەران چۆن چاودێری کاریگەری هۆکارو ڕوودا و گۆڕانکارییەکان دەکەن.**

**چەند هۆکارێکی سەرەکی و گرنگ هەن، یارمەتیدەرن بۆ بە دەستهێنان کۆکردنەوەی داتا و زانیاری ورد لە ڕێگەی بەکارهێنانی تێڕوانینەوە** (الملاحظة Observation )، **پێویستە توێژەر لە کاتی بەکاهێنانیدا لە چاویان بگرێت، دیارترینیان بریتییە لە:**

١) دیاریکردنی ئەو لایەنانەی کە دەبنە جێگای تێڕوانین، ئەمەش لە ڕێگەی زانیاری پێشوەختە و فراوان لەسەر ئەو دیاردەیەی کە تێڕوانینی لەسەر دەکرێت.

٢) پێشوەختە پشکنینی ئامانجە گشتی و دیاریکراوەکان، لە ڕێگەی تێڕوانینە گشتییەکان بۆ دیاردەکە .

٣) دیاریکردنی شێوازی تۆمارکردنی ئەنجامەکانی تێڕوانینەکە، بە بەکارهێانی دیاریکردنی یەکەی ئاماری و داتا (الوحدة الإحصائيَّة و البيانية )، کە لە دیاری کردنی ئەنجامەکانی تێڕوانینەکاندا بەکاردێت.

٤) دیاریکردن و تۆمارکردن و پۆڵین کردنی ئەو داتا و زانیارییانەی کە لە ژێر تێڕوانیندان.

٥) ڕێکخستنی دیاردەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ.

٦) ڕاهێنانی باش لەسەر ئەو ئامراز وئامێرانی لە تێڕوانینەکەدا بەکار دەهێنرێن.

٧) تێڕوانین کردنی بە چاودێریکردنی وردی دیاردەکە.

٨) ئەگەر لە چەند جارێکدا هەمان تێڕوانین بۆ تێبینییەکان هاوشێوە بێت، ئاستی ڕاستگۆی ومتمانە تێڕوانیەکە بۆ دیاردەکە تاڕادەیەکی زۆر باشتر دەبێت، یان کاتێك تۆمارەکانی چەند تێڕوانینێك بۆ دیاردەکە هەریەکەیان سەربەخۆن و لەوی دیکە ناچێت.

**پێکهاتەکانی تێڕوانین :**

Observation items عناصر الملاحظة

١) هەڵبژاردنی گونجاو بۆ پێکهاتکانی (تاك ، توخم) تێڕوانین .

٢) ڕێکخستنی هەلومەرجی گونجاو بۆ پراکتیکە کردنی تێڕوانینەکە.

٣) دیاری کردنی ماوە و ژمارەی جارەکانی تێڕوانینەکە و ماوەی نێوان تێڕوانینەکان.

٤) پەیوەندی کەسی تێڕوانیکەر( ئەوکەسەی تێڕوانین دەکات ) بە بابەتەکەوە و دەرەنجامی تێڕوانینەکە.

٥) پێویستە چاودێری وردی بە ڕێوەچوونی پرۆسەی تێڕوانین کردنەکە بکرێت.

٦) دیاری کردنی شێوازی تێبینییەکانی تێڕوانینکەران.

٧) ڕاهێنانی تێڕوانیکەران لەسەر بنەمای تێڕوانین.

٨) ڕەچاوکردنی لایەنی بابەتیەتی تەواو لە لایەن ئەو توێژەرانەی کە تێڕوانینەکان ئەنجام دەدەن.

٩) کۆنترۆڵ کردنی هەموو ئەو هۆکارانەی کاریگەریان لەسەر پرۆسەی تێڕوانین هەیە.

١٠) ئەم ئامرازە لەسەر بنەمای تێڕوانینی هەستیار دامەزراوە، واتە پێویستە تێڕوانین بە هەموو هەست و زانینێکەوە ئەنجام بدرێت.

١١) بوونی گریمانەیەك یان گۆڕاوێك کە پێویستە ڕوانینەکەی پشتڕاست بکرێتەوە.

**لایەنی باشی تێڕوانین** : مزايا الملاحظة Advantages of observation

١) ڕێگایەکی ڕاستەوخۆیە بۆ لێکۆڵینەوە لە چەند جۆرێك دیاردە،،وەك لایەنی ڕەفتاری مرۆڤەکان، تەنها بەم ئامرازە دەتوانرێت لێکۆڵنەوەی لەسەر بکرێت.

٢) پێویستی بە هەوڵدان و کۆششێکی زۆر نیە لە لایەن ئەو لایەنانەی ئەم جۆرە ئامرازە بەکاردێنن.

٣) توێژەر لە ژێر بارودۆخێکی ئاشنادا داتا و زانیارییەکانی کۆدەکاتەوە.

٤) توێژەر دەتوانێت لە کاتی ڕوودانی دیاردەکەدا، نوێترین زیانیاری بەدەست بهێنێت.

٥) دەستەکەوتنی هەندێك داتا و زانیاری پێشبینی نەکراو .

٦) بە بەراورد کردن بە ئامرازەکانی دیکە، خەرجیەکی ماددی کەمی تێدەچێت.

**لایەنی خراپی تێڕوانین** : عيوب الملاحظة Observation defects

١) لە هەندێك توێژینەوەدا، ئەوانەی تیڕوانینیان لەسەر دەکرێت کاریگەری باش یان خراب بە توێژەر بدەن.

٢) گرانی لە پێشبینی کردنی ڕووداوەکانی دیاردەکە وخایاندنی کاتی زۆر ، لە هەندێك لە توێژینەوەکاندا، چەندان ساڵی پێویستە، ئەمەش بارێکی ماندوکەرە بۆ بەکارهێنەرانی .

٣) ناتوانرێت زانیاری شاراوە و تایبەتەکانی لەسەر لایەنە بابەتەکە بەدەست بهێنرێت.

٤) بۆ چاودێری کردنی هەندێك ڕوداوی تایبەتی ژیانی تاکەکان بەکار ناهێنرێت چونکە ناتوانرێت ڕاستەوخۆ بخرێنە ژێر تێڕوانینەوە.

٥) مەترسی لایەنگری تێدا دەکرێت لە لایەن بەکارهێنەرانیەوە.



**چاوپێکەوتن** : المقابلة The interview



چاوێکەوتن ( المقابلة The interview) بە کارێکی زارەکی نێوان دوو کەس لە دۆخێکی ڕووبەڕوو بوونەوەدا پێناسە دەکرێت، لە شوێنەدا یەکێکیان ئەو توێژەرەیە کە چاوپێکەوتنەکە ئەنجام دەدات، بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لە کەسی بەرامبەر، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی چەند دەبرینێکەوە کەسی بەرامبەر( وەڵامدەرەوە) بوروژێنێت، کە لە دەوری بیروباوەڕوونی بۆچوونی توێژەردا دەسوڕێتەوە. هەندێك داتا و زانیاری هەیە ب لەڕێگەی چاوپیکەوتنەوە نەبێت، توێژەر ناتوانێت بە دەستیان بهێنێت،چونکە لە هەندێك بارو دۆخدا توێژەر پێویستی بەبیستنی دەنگ و ووتەی ئەوکەسانەیە کە کاریان لەسەر دەکات.

بەگوێرەی ئەم پێناسەیە، پێویستە چاوپێکەوتن ئامانجی دیاریکراوی هەبێت، توێژەر لە چاوپێکەوتنەکەدا سێ ئەرکی سەرەکی هەیە، ئەمانەن:

١) ئاگادارکردنەوەی وەڵامدەرەوە لەسەر سروشتی توێژینەوەکە.

٢) هاندانی وەڵامدەرەوە بدات بۆ ئەوەی هاوکاری بکات.

٣) دیاری کردنی سروشتی ئەو داتا و زانیاریانەی دەیەوێت بە دەستیان بهێنێت.

چاوپیکەوتنی کەسی ئەو دەرفەتە بە توێژەر دەدات، چاودێری هەڵسوکەوتی تاك و گروپەکان بکات و بۆچوون و بیروباوەڕەکانیان دەستنیشان بکات، ئایا لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخەکە، گۆڕانکاری بەسەر مرۆڤەکاندا دێت.

**جۆرەکانی چاوپێکەوتن** : أنواع لمقابلة The interview

**پۆلێنکردنی جۆرەکانی چاوپێکەوتن بە گوێرەی جۆری پرسیار ئەمانەن :**

١) **چاوپێکەوتنی داخراو** : المقابلة المقفلة The closed interview

ئەو جۆرە چاوپێکەوتنەیە، پێویستە پرسیارەکانی ورد و دیاریکراو بێت، داوا لە وەڵامدەر دەکرێت بە ووشەکانی( بەڵی، نەخێر، هاوڕام، هاوڕانیم، گومانم هەیە...هتد وەڵام بداتەوە، ئەم جۆرە لە چاوپێکەوتن کاری پۆلێن کردنی داتاکان و شیکاری و ئامارییان ئاسانە.

٢) **چاوپێکەوتنی کراوە** : المقابلة المفتوحة The open interview

ئەو جۆرە چاوپێکەوتنەیە، پرسیارەکانی دیاریکراو نین، بۆ نموونە ڕات لەسەر پرۆگرامەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان لە ناوەندی ڕاهێنانی پەروەردەیی چییە ؟

٣) **چاوپێکەوتنی داخراو - کراوە** : المقابلة المقفلة – المفتوحة Closed – open interview

ئەو جۆرە چاوپێکەوتنەیە، پرسیارەکانی لە هەردوو جۆری چاوپێکەوتن تێدایە .لە هەردوو جۆری دیکەی چاوپێکەوتن بەکارهێنانی بلاوترە، بۆ نموونە: توێژەر سەرەتا پرسیارێك دەکات داخراوە، وەك ئایا هاوڕایت لەگەڵ چۆنییەتی بەجێگەیاندنی پرۆگرامەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان لە ئێوارانداا؟ هاوکات دەپرسێت، ئایا دەتوانیت هۆکارەکانی ئەو هەڵویستەت ڕوون بکەیتەوە.



**پۆلێنکردنی جۆرەکانی چاوپێکەوتن بە گوێرەی ئامانجی چاوپێکەوتن، بلاْوترین جۆریان، ئەمانەن :**

١) **چاوپێکەوتنی گەڕان ( ڕاپرسی ، ڕووپێوی) :**

المقابلة الإستطلاعية- المسحية The survey interview

**ئەو جۆرە چاوپێکەوتنەیە، بۆ وەرگرتنی و کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لە کەسانێکی تایبەت( سەرکردە، نوێنەری گروپێك، پسپۆڕێکی بوارێکی تایبەت، ...هتد بەکاردەهێنرێت، کە توێژەی مەبەستی بەدەستهێنانی داتایە لێیان. یان گەڕان بەدوای ڕای گشتی دەربارەی جۆرێك لە سیاسەتێکی دیاریکراو ، یان گەڕان بۆ زانیاری لەسەر بەکارهێنانەران و ئارەزووەکانیان، یان کۆکردنەوەی ڕای گشتی لەسەر دامەزراوەیەك یان ڕێکخراوێك، ئەم جۆرە لە چاوپێکەوتن گونجاوترینە بۆ توێژینەوەکانی بواری زانستی کۆمەلاْیەتی و پەروەردە و فێرکردن.**

٢) **چاوپێکەوتنی دەستنیشانکردن:** المقابلة التشخيصية The diagnostic interview

**ئەو جۆرە چاوپێکەوتنەیە، بۆ تێگەیشتن لە کێشەیەك، هۆکارەکانی سەرهەلْدان، ڕەهەندەکانی ئێستا، بەکاردێت، ئەم جۆرە بۆ توێژینەوەکانی دەربڕینی ناڕەزایی لە بابەتێك بە سوودە.**

٣) **چاوپێکەوتنی چارەسەری :** المقابلة العلاجية Therapeutic interview

**ئەو جۆرە چاوپێکەوتنەیە، بۆ ئەوەی وەلاْمدەرە بتوانێت زیاتر لە خۆی تێبگات، هەروەها پلانی چارەسەری گونجا بۆ کێشەکانی دارێژێت، ئەم جۆرە بە شێوەیەکی سەرەکی ئامانجی نەهێشتنی کێشەکان، و کارکردنە تاوەکو ئەوەی کەسەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەل دەکرێت هەست بە سەقامگیری دەروونی بکات.**

٤) **چاوپێکەوتنی ڕاوێژکاری :** المقابلة الإستشارية Consultation interview

**ئەو جۆرە چاوپێکەوتنەیە، بە هاوکاری توێژەر ئەو کەسەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەلْ دەکرێت، کێشەکانی پەیوەست بە کارەکەیەوە زیاتر تێدەگات و هەولْی چارەسەرکردنیان دەدات.**



**لایەنی باشی چاوپێکەوتن** : مزایا المقابلة Advantages of the interview

**دیارترین لایەنە باشەکانی چاوپێکەوتن** (مزایا المقابلة Advantages of the interview) **بریتییە لە** :

**١) باشترین ئامرازە بۆ تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی سیفەتی کەسێتی .**

**٢) کاریگەرییەکی زۆری لە دەستنیشانکردن و چارسەری کێشەکانی مرۆڤی هەیە.**

**٣) لە ڕاوێژکاردا سوودێکی زۆری هەیە.**

**٤) زانیاری زیاتر بە توێژەر دەدات،وەك پشگیری بۆ ئەو زانیاریانەی کە بە ئامڕازەکانی تر کۆدەکرێتەوە.**

**٥) ئامرازێکە بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لە کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەوار.**

**٦) ئەگەر بەراورد بە پرسیارنامە( الإستبيان)، چاوپێکەوتن ڕێژەی گەڕانەوەی وەڵامەکان زیاتر بکرێت.**

**لایەنی خراپی چاوپێکەوتن** : عيوب المقابلة interview defects

**دیارترین لایەنە خراپەکانی چاوپێکەوتن** (عيوب المقابلة interview defects) **بریتییە لە** :

**١) تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتنی بەکارهێنانی پەیوەستە بە ئامادەیی وەڵامدەرەوە بۆ هاوکارکردن و پێدانی زانیاری متمانەپیکراو و دروست.**

**٢) باری دەروونی هۆکارێکی کاریگەرە لەسەر کەیسی(بابەت) و وەڵامدەرەوە(چاوپێکەوتنکەر) هەیە ، لەبەر ئەوە ئەگەر لایەنگری کەسی بۆ داتاکان زۆر بەرزە.**

**٣) دەرکەوتنی ئارەزووەکان بۆ( هاوکاری یان دژایەتی) لەکەسی وەڵامدەرەوە داتا و زانیارییە وەرگیراوەکان دەگۆڕێت.**

**پرسیارنامە (پرسنامە)** : الإستبيان The questionnaire

**پرسیارنامە (پرسنامە) ئامرازێکە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لە توێژینەوەی زانستیدا، شێوازە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییە تایبە تەکانی پەیوەست بە دیاردە یەکی توێژینەوە یەك، هەروەها بە (الإستبانة)ش ناودەبرێت، زۆرجار شێوەی کۆمەڵێك پرسیار وەردەگرێت، داڕێژراوە بۆ وەڵامدەرەوە (نموونەکان) تاوەکو وەڵام ئەو پرسیارانە بدەنەوە. دەتوانرێت لە پرسیارنامەیەکدا چەند مەبەستێك دیاری بکرێت کە هەمووی لە چوارچێوەی بابەتی توێژینەوەکەدا بێت.**




**جۆرەکانی پرسیارنامە (پرسنامە):** أنواع الإستبيان Types of questionnaire

**جۆرەکانی پرسنامەچوار جۆرن ئەمانەن:** ( أنواع الإستبيان)

١) **پرسیارنامەی داخراو** : الإستبيان المغلق Closed questionnaire
٢) **پرسیارنامەی کراوە** : الإستبيان المفتوح Open questionnaire
٣) **پرسیارنامەی داخراو کراوە** : الإستبيان المغلق المفتوح Open closed questionnaire
٤) **پرسیارنامەی وێنەیی** : الإستبيان المصور Pictorial questionnaire



**پرسیارنامەی داخراو :** الإستبيان المغلق Closed questionnaire

**ئەو جۆرە پرسیارنامە (پرسنامە) ( الإستبيان المغلق Closed questionnaire)، وەڵامەکانی تێدا سنوردار دەکرێن، واتە وەڵامەکان بە ووشە و برِگەی کورت وەڵام دەدرێتەوە، وەك ( بەڵێ، نەخێر، هاورِام، هاورِانیم، تارِادەیەك، ....هتد، ئەم جۆرە لە پرسیارنامە یەکێکە لە باشترین جۆرەکان، چونکە لە لایەن توێژەرەوە پێویستی بە هەوڵێکی زۆر نییە بۆ ئەوەی ئەنجامەکانی دەستکەوێت، بەڵام لە لایەکی دیکەوە بۆ وەڵامدەر(العينة) لە وانەیە بۆ ئەو وەڵامەی تێدا نەبێت کە دەیەوێت بیداتەوە.**

**پرسیارنامەی کراوە :** الإستبيان المفتوح Open questionnaire

**ئەو جۆرە پرسیارنامە ( الإستبيان المفتوح Open questionnaire)، وەڵامەکانی تێدا سنوردار ناکرێن، واتە وەڵامدەرەوە بەگوێرەی بۆچوونی خۆی وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە، ئەم جۆرە گرانییەکی بۆ توێژەر تێدایە، چونکە ماندووبوونێك و کاتێکی زۆری پێویستە بۆ ئەوەی ئەنجامەکان دەستکەوێت، هەروەها بۆ وەڵامدەرەوەش پێویستی بە کاتێکی زۆر ترە.**

**پرسیارنامەی داخراو کراوە :** الإستبيان المغلق المفتوح Open closed questionnaire

**ئەو جۆرە پرسیارنامە ( الإستبيان المغلق المفتوح Open closed questionnaire)، پرسیارەکانی لە هەردوو جۆری (کراوە و داخراو) پێك دێت، ئەم جۆرە وەڵامدەرەوەی لە کێشەکانی هەردوو جۆری پێشووتری رزگار کردووە.**

**پرسیارنامەی ووێنەیی :** الإستبيان المصور Pictorial questionnaire

**ئەو جۆرە پرسیارنامەی ( الإستبيان المصور Pictorial questionnaire)، بۆ مندالاّن و مندالاّنی نەخوێندەوار دادەرِێژرێت، نوسینەوەی پرسیارەکان لە شێوەی ووێنەدا دەبێت تاوەکو منداڵەکان لە پرسیارەکە تێبگەن.**



**هەنگاوەکانی داڕشتنی پرسیارنامە (پرسنامە):**

Steps to prepare the questionnaire خطوات إعداد الإستبيان

1) **دیاری کردنی ئەو ئامانجەی لە ڕێگەی پرسیارنامە(پرسنامە)توێژەردەیەوێت لەم ڕێگەیەوە بەدەستی بهێنێت.**
2) **گۆڕینی ئامانجەکانی توێژرە بۆ پرسیار.**
3) **تاقیکردنەوەی پرسیارەکان لەگەڵ گروپێك لە نموونە، بۆ دەربڕینی ڕای خۆیان لە ڕووی گشتگیری وگرنگی پرسیارەکان.**
4) **داڕشتنەوەی پرسیارەکانی دوای ڕەچاوکردنی تێبینییەکانی گروپی وەڵامدەر.**
5) **ئامادەکرنی پرسیارنامە (پرسنامە) ی کۆتای.**
6) **دیاریکردنی شێوازی دابەشکردن و وەرگرتنەوەی وەڵامەکان لە نموونەکان.**
7) **دڵنیابوون لە وەرگرتنەوەی زۆرترین یان هەموو وەڵامەکان.**



**لایەنی باش و خراپی پرسیارنامە (پرسنامە) :**

Advantages And Disadvantages Of Questionnaire مزايا وعيوب الاستبيان




**لایەنی باشی پرسیارنامە (پرسنامە) :** مزايا الإستبيان Advantages of the questionnaire

1) **دابینکردنی ئازادییەکی تەواو بۆ نموونەکانی توێژەر، چونکە پێویست بە ناسنامەی وەڵامدەر ناکات.**
2) **لە پرسیارەکاندا یەکسانی تێدا ڕەچاو دەکرێت، چونکە پرسیارەکان بۆ هەموو نموونەکان وەك یەکە.**
3) **دەستکەوتنی هەندێك زانیاری شاراوە و تایبەت، لەوانەیە توێژەر نەتوانێت لە ئامارازەکانی دیکەدا بەدەستیان بهێنێت.**
4) **کۆکردنەوەی زانیارییەکان و خاڵیکردنەوەی پرسنامە و چارەسەری ئاماری** (جمع، وتفريغ و إحصائيات) **ئاسانە.**
5) **بۆ توێژەر و وەڵامدەر(** العينة **The sample ) پێویستی بە تێچووی زۆری ماددی و مرۆیی و کات نییە.**

**لایەنی خراپی پرسیارنامە (پرسنامە) :** عيوب الإستبيان Questionnaire defects

1) **بێتوانای وەڵامدەرەوەکان بۆ وەڵامدانەوەی هەندێك پرسیار، بەهۆی بوونی هەندێك زاراوەی تایبەت یان خراپی لە چاپکردنی فۆرمی پرسنامەکە.**
2) **هیچ جۆرە بابەتێك وەڵامدەر پابەند ناکات بەشێوەیەکی ڕاست ودروست وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، ئەمەش وا دەکات ڕاست ودروستی وەڵامەکان بە توێژەر نەگات، کاریگەری لەسەر دەرەنجامی توێژینەوەکە دەکات.**
3) **لە ئەگەر بوونی هەرجۆرە پرسیارێکی درێژدا، لەوانەیە وەڵامدەرەوە بەسەر بەبێ تێگەیشتن وەڵام بداتەوە.**
4) **هەڵەتێگەیشتن لە هەندێك پرسیار لە لایەن هەندێك لە وەڵامدەرانەوە بەتایبەت ئەگەر توێژەر لە وەڵامدەرەکان دوور بێت.**

**ئامێرەکان کەلوپەلەکان** : الأجهزة و الأداوت     Devices and tools

**هەموو ئەو کەلو پەل و ئامێرا نە دەگرێتەوە کە لە توێژینەوەدا بە کاردەهێنرێت. پێویستە توێژەر هەرجۆرە کەلوپەلێك لە توێژینەوەکەیدا بەکاربهێنرێت، لە بڕگەی کەلوپەلە بەکارهاتووەکاندا لە دەروازەی سێدا ئاماژەیان پێبدات بەلاّم پێویستە هەریەك لەو کەلوپەلانە بە ئەندازەیەك لە توێژینەوەکەدا بەکارهاتبن.**

**لێرەدا نموونەی چەند کەلوپەلێك دەخەینە ڕوو :**























**تاقیکردنەوەکان و پێوانەکان لە توێژینەوەی زانستیدا :**

الإختبارات و القياسات في البحث العلمي

Tests and measurements in scientific research



**واتە کۆمەڵێك پرسیار، ڕاهێنان، یان کێشەکە توێژەر بۆ تاقیکردنەوەی وەڵامدەرەوەکانی دەیخاتە ڕوو، بە ئامانجی دەستنیشانکردنی زانیاری، توانا، چاکبوونەوە، گەشەکردنی ئاستی لێهاتووی، بە شێوازێکی ڕێکخراو بەراوردی ڕەفتاری دوو تاك دەکات بۆ چۆنییەتی وەڵامدانەوەیە بۆ بابەتێکی دیارکراو لە دۆخێکی هاوشێوەدا.**

**گرنگی تاقیکردنەوەکان لە توێژینەوە زانستیدا :**

The importance of testing in scientific research أهمية الإختبار في البحث العلمي

**وەك لە سەرەوە ڕوون کراوەتەوە ، گرنگی بەکارهێنانی تاقیکارییەکان، دۆزینەوەی جیاوازییە لە نێوان دوو تاك یان دوو پێکهاتەی کۆمەڵگەیەکی توێژینەوە. هەروەها وئەم چەند گرنگییەی دیکەیش دەخەینە ڕوو :**

١) **دۆزینەوەی جیاوازی لە نێوان پیکهاتەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەدا.**
٢) **زانینی هەنگاوە پێویستەکان بۆ گۆڕینی دیاردەیەك یان ڕەفتارێك.**
٣) **هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەی توێژینەوەکە.**
٤) **پێوانەکردنی توانای زیرەکی و توانا و کارامەییە جیاوازەکانی تر.**
٥) **دەتوانرێت لە توێژینەوە ( وەسفی، ئەزموونییەکاندا ) بەکاربهێنرێت.**





**جۆرەکانی تاقیکردنەوەکان لە توێژینەوە زانستیدا :**

Types of tests in scientific research أنواع الإختبارات في البحث العلمي

**پۆلێنی تاقیکردنەوەکان بەم شێوەیە:**

- **تاقیکردنەوەکان بە گوێرەی ئامانج :** الإختبارت حسب الهدف ests by objective

١) **تاقیکردنەوەکانی خوێندن :** الاختبارات الدراسية Research tests

٢) **تاقیکردنەوەکانی دەروونی :** الاختبارات النفسية Psychological tests

٣) **تاقیکردنەوەکانی توێژینەوە :** الاختبارات البحثية scholastic tests

- **تاقیکردنەوەکانی بە گوێرەی کات :** الإختبارت حسب الوقت Tests by time

١) **تاقیکردنەوەکانی کات دیارکراو :** الاختبارات المؤقتة Interim tests

٢) **تاقیکردنەوەکانی کات دیاری نەکراوەکان :** الاختبارات غيرمؤقتة The tests are not temporary

- **تاقیکارییەکان بە گوێرەی شێوازی جێبەجێکردن :**

Examinations according to the procedure الإختبارت حسب الإجراء

١) **تاقیکردنەوە بە تاك :** الاختبارات الفردية individual tests

٢) **تاقیکردنەوە بەکۆمەڵ :** الاختبارات الجماعية group tests

- **تاقیکردنەوەکان بە گوێرەی پێکهاتەی بابەت :** الإختبارت حسب المحتوى Examinations by content

١) **تاقیکردنەوەی کراوەکان :** الاختبارات المفتوحة Open tests

٢) **تاقیکردنەوەی داخراوەکان :** الاختبارات المغلقة Closed tests

٣) **تاقیکردنەوەی ژمارەیی :** الاختبارات العددية Numerical tests

٤) **تاقیکردنەوەی وێنەی :** الاختبارات المصورة Pictorial tests

❖ **تاقیکردنەوەکان بە گوێرەی شێوازی خستنەڕوو :**

الإختبارت حسب طريقة العرض

Examinations according to the method of presentation

١) **تاقیکردنەوە زارەکییەکان:** الاختبارات الشفهية oral tests

٢) **تاقیکردنەوە تیۆرییەکان :** الاختبارات التحريرية Written tests

٣) **تاقیکردنەوە پراکتیکییەکان :** الاختبارات العملية Practical tests

**هەنگاوەکانی داڕشتنی تاقیکردنەوە لە توێژینەوە زانستیدا :**

Steps to prepare the test in scientific research خطوات إعداد الإختبار في البحث العلمي

١) **دیاری کردنی ئامانجی تاقیکردنەوە:** تحديد هدف الإختبار Determine the test objective

٢) **شیکاری ئەو دیاردەی پێوانە دەکرێت :**

Analysis of the phenomenon to be measured تحليل الظاهرة المراد قياسه

٣) **دیاری کردنی یەکەکانی تاقیکردنەوە :**

Define the test units used تحديد وحدات الاختبار المستخدمة

٤) **تاقیکردنەوەی پشکنین بۆ تاقیکاری:**

Reconnaissance test experience التجربة الاستطلاعية للاختبار

٥) **شێوەی کۆتای تاقیکردنەوە :** الصياغة النهائية للاختبار final formulation of the test



**تاقیکردنەوە زانستییەکان** : التجارب العلمية The scientific experiments

**تاقیکردنەوەی گەڕان(تاقیکردنەوەی دۆزینەوە) جۆر و تایبەتمەندییەکانی :**

التجربة الإستطلاعية (التجربة الاستكشافي) : أنواعه وخصائصه

Exploratory experience: Types & Characteristics

١) **پێناسەی تاقیکردنەوەی گەڕان** : تعريف التجربة الإستطلاعية Definition of Exploratory Experience

٢) **جۆر ومیتۆدلۆژیای تاقیکردنەوەی گەڕان** : أنواع ومنهجيات التجربة الإستطلاعية

Types and methodologies of Exploratory experience

٣) **شێوازەکانی تاقیکردنەوەی سەرەتایی** : طرق التجربة الأولية Primary experience methods

٤) **شێوازەکانی تاقیکردنەوەی لاوەکی** : طرق البحث الثانوية Secondary experience methods

٥) **هەنگاوەکانی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی گەڕان**: خطوات إجراء التجربة الإستطلاعية

Steps to conduct a survey experiment

٦) **تایبەتمەندییەکانی تاقیکردنەوەی گەڕان** : خصائص التجربة الإستطلاعية

Characteristics of reconnaissance experience

٧) **لایەنە خراپەکانی تاقیکردنەوەی گەڕان:**

Disadvantages of reconnaissance experience عيوب التجربة الإستطلاعية

٨) **گرنگی و ئامانجی تاقیکردنەوەی گەڕان :**

أهمية و الهدف التجربة الإستطلاعية

The importance and purpose of the reconnaissance experiment



**پێناسەی تاقیکردنەوەی گەڕان (دۆزینەوە) :**

تعريف التجربة الإستطلاعية (الإستكشافية)

Definition of Exploratory Experiment (Exploratory)



**بریتییە لە کۆمەڵێك تاقیکردنەوە، لە قۆناغی سەرەتایی هەر توێژینەوەیەکدا بە گوێرەی پێویست توێژەر ئەنجامی دەدات، ئەم جۆرە توێژینەوەیە بەردی بنچینەی بنیادنانی توێژینەوە سەرەکییەکەیە، لە ڕێگەیەوە توێژەر ڕێگا و زەمینەیەك بۆ توێژینەوەی سەرکی ئامادە دەکات، هەروەها یەکێکە لەو مەرجانەی توێژینەوەی زانستی تێدا ئەنجام دەدرێت.**

**تاقیکردنەوەی گەڕان** (التجربة الإستطلاعية reconnaissance experience ) **بە توێژینەوەی دۆزینەوە یان پ شکنین** (الكشـفية)**، ئا مادەیی** (التمهيديـة)**، داڕ شتن** (الصـياغة)**، ناو دەبر ێت، بەیە کەمین هەنگاوی لە توێژی نەوە کۆمەڵاتییەکاندا دادەنرێت، قوناغەکانی دواتری توێژینەوەی لەسەر دادەڕێژرێت، سەرەتایەکی درو ست و گو نجاو بۆ قۆناغەکانی دوای تاقیکاری گەڕان** ( التجربة الإستطلاعية reconnaissance experience ) **فەراهەم دەکات، ئەم جۆرە تاقیکارییە هۆکارێکە بۆ دۆزینەوە و ساکار کردنی ئەو کێشانەی نەزانراون و دێنە سەر ڕێگای بەجێگەیا ندنی تاقیکاری سەرەکی توێژی نەوە**( التجربـة الرئيسـة The main experiment )**، ئە مەش جیا کاری ئەم جۆرە لە تاقیکارییە لەگەڵ توێژینەوە ڕوپێوییەکان**( الدراسات الوصفية Descriptive studies )**، کەزانیاری لە سەر خودی دیاردەکە کۆدەکەنەوە، لە کاتێکدا لە توێژینەوە نیشانکردنەکان** (الدراسات التشخيصية Diagnostic Studies ) **کار لەسەر کۆکردنەوەی وردی داتا دیاری کراوەکان دەکات.**



**جۆر و میتۆدلۆژیای تاقیکردنەوەی گەڕان (دۆزینەوە) :**

أنواع ومنهجيات التجربة الإستطلاعية( الإستكشافية)

Types and methodologies of reconnaissance experience

**لە تاقیکردنەوەکانی گەڕان** (التجربة الإستطلاعية reconnaissance experience)**، وردەکاری دەخرێتە سەر دۆزینەوەی بیرۆکەی نوێ بۆ چۆنییەتی تێگەشتن لە بابەتی توێژینەوەکە(** مشكلة البحث The research problem **)و دیاری کردنی جۆر وداتای پێویست بە شیاوترین رێگا، کاتێك پەنا بۆ ئەم جۆرە تاقیکارییانە دەبرێت، ئەگەر توێژەر بابەتی توێژینەوەکەی دەگمەن بێت، و بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی داتای پێویستی لەبەر دەست نەبێت، کەواتە تاقیکردنەوەی گەڕان** (التجربة الإستطلاعية reconnaissance experience) **بۆ زیادکردنی سەرچاوەی زانیاری لەسەر بابەتی توێژینەوە و زیاتر قوڵبونەوە لە بابەتەکەدا بەسودە.**

**بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانی توێژینەوە، پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیاری وداتا هەیە، لە هەندێك جۆری توێژینەوەدا داتا وزانیارییەکان بە گران دەست دەکەون، زانست بۆ ئاسانکاری ئەم بابەتە و بەدەستهێنانیان ، رێگای دیکەی دیاری کردووە، ئەوانیش:**

A. **تاقیکردنەوەی سەرەتاییەکان :** التجربة الأولية Primary experience (Primary search)

B. **تاقیکردنەوەی لاوەکییەکان(دووەمییەکان):** التجربة الثانوية Secondaryexperience (Secondary research

**لە ژێر چەتری ئەم دوو رێگەدا چەندین جۆر شێواز هەیە، توێژەر دەتوانێت بەکاریان بهێنێت، ئەو زانیارییانەی لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە بەدەست دەهێنرێن دەکرێت چۆنێتی یان چەندێتی(** نوعي أو كمي qualitative or quantitative **) بێت. لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لە دیزانی ئەو تاقیکردنەوانە دەدەین، کە لە لایەن توێژەرانەوە زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە، ئەوانیش :**

**تاقیکردنەوەی سەرەتاییەکان :** التجربة الأولية Primary experience (Primary search)




- **تێڕوانین :** الملاحظة Observation
- **چاوپێکەوتن:** المقابلة The interview
- **پرسیارنامە:** الإستبيان The questionnaire
- **گروپی وردەکار :** مجموعات التركيز Focus groups

**تاقیكارییە سەرەتاییەكان** (التجارب الأولية Preliminary experiments)، **بریتییە لە كۆكردنەوەی زانیاری ڕاستەوخۆ لە بابەتی توێژینەوەكە، ئەمەش لە وانەیە لە كۆمەڵێك كەس پێكهاتبن، ئەم جۆرە لە تاقیكاری، توێژەر خۆی دەتوانێت ئەنجامی بدات، یان لە ڕێگەی هاوكاری گروپێكەوە، یان لە ڕێگەی كەسی سێیەمەوە ، وەك ئەوەی چاوپێكەوتنێك بۆ توێژەر بكات لە شوێنكی تر كە توێژەر دەستی پێ نەگات. بەكارهێنانی ئەم جۆرە لە تاقیكاری بۆ وردبونەوەی و تێڕوانی زیاترە لە بابەتی تیۆژینەوەكە .**

**گروپی وردەكار یان گروپی فۆكس** (مجموعات التركيز Focus groups )، **بریتییە لە دیاریكردن و هەڵبژاردنی چەند كەسێك بۆ وردەكاری وتێڕوانین كۆكردنەوەی داتا وزانیاری لەسەر بابەتی توێژینەوەكە، پێویستی سەركەوتنی بەكارهێنانی ئەم گروپە بۆ كۆكردنەوەی داتا وزانیاری، لەسەر چۆنییەتی هەڵبژاردنی كەسانی پسپۆڕ شیاو خاوەن ئەزموونە بۆ ئەوكارە وەستاوە تاوەكو لەسەر بنچینەیكی زانستی ورد داتا وزانیارییەكان تۆماربكرێت و ببێتە سەرچاوەیەكی زانستی بەهێز بۆ بابەتی توێژینەوەكە .**



**تاقیكردنەوەی لاوەكییەكان(دووەمییەكان) :**

Secondaryexperience (Secondary research)  التجربة الثانوية

- **گەڕان لە تۆڕەكانی ئەنتەرنێت :** البحث في الأنترنت  Online search
- **گەڕان لە سەرچاوە زانستییەكان:** البحث في المصادر (الأدبيات)  Literature search
- **كەیسی لێكۆڵینەوە :** البحوث الحالة  Case Study

  

**هەنگاوەکانی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی گەڕان ( دۆزینەوە):**

خطوات إجراء التجربة الإستطلاعية أو الإستكشافية

Steps to conduct the reconnaissance experiment

١) **دیاری کردنی کێشە** : تحديد المشكلة Defining the problem

٢) **داڕشتنی گریمان** : إنشاء الفرضية Create the hypothesis

٣) **گەڕانی زیاتر** : البحث أكثر search more

٤) **پرس وڕاوێژی شارەزایان و پسپۆڕان:**

إستشارة الخبراء والمختصصين **Consultation of experts and specialists**

٥) **خوێندنەوەیەکی شیکاری ڕوون** : دراسة تحليلية واضحة A clear analytical study

**تایبەتمەندییەکانی تاقیکردنەوەی گەڕان :**

خصائص التجربة الإستطلاعية Characteristics of reconnaissance experience

١) **تاقیکردنەوەی گەڕان(** التجربة الإستطلاعية**)لە توێژینەوەی زانستیدا، لە هەر سێ جۆر لە توێژینەوە کۆمەڵاتییەکان(** وةسفي، التشخيصية، الإستطلاعية**) ی تێدایە.**

٢) **بۆ کۆکردنەوەی توێژینەوەیەك بەکاردێت کێشەکەی ناڕوون بێت.**

٣) **تایبەتمەندە بە نەرمی و ئاسانی، ئامانجی گەڕانە بەدوای کێشەکی ناڕوون، لەبەر ئەوەیە پێویستی بە زانیاری زۆر نییە.**

٤) **گریمانەی تێدا نییە بەڵکو تەنها چەند پرسیارێك دادەڕێژێت وهەوڵی وەرگرتنەوەی وەڵام دەدرێت.**

٥) **دەتوانرێت تاقیکردنەوەی گەڕان(** التجربة الإستطلاعية reconnaissance experience **) بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر( ئامێر وکەلوپەلەکان، تاقیکردنەوەکان، پرۆگرامی توێژینەوە) بەکار بهێنرێت.**



**لایەنە خراپەکانی تاقیکردنەوەی گەڕان:**

Disadvantages of reconnaissance experience عيوب التجربة الإستطلاعية

١) **توێژینەوەی گەڕان** ( التجربة الإستطلاعية reconnaissance experience ) **زانیاری جۆری(چۆنایەتی) و شیکاری دروست دەکەن، لێکدانەوەی ئەم جۆرە زانیاریانە جێگەی لایەنگرییە.**

٢) **ئەم جۆرە توێژینەوانە لەسەر ژمارەیەکی کەمی نموونە ئەنجام دەدرێت، لەوانەیە نوێنەرایەتییەکی تەواوی کۆمەڵگاکە نەکەن، کەواتە ناتوارێت ئەنجامەکانی گشتگیر بکرێت بۆ نموونەی کۆمەڵگەکە.**

٣) **ئەنجامی ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە بۆ دروستکردنی بڕیار بەسوود نییە.**

**گرنگی و ئامانجی تاقیکردنەوەی گەڕان :**

أهمية و الهدف التجربة الإستطلاعية

The importance and purpose of the reconnaissance experiment

١) **هەنگاوێکی سەرەتایی بەسوودە بۆ زۆرێك لە توێژینەوە زانستییەکان .**

٢) **لە پێناو زیادکردنی زانین لەسەر توێژینەوەکە توێژەر دەتوانێت پەنای بۆ بەرێت بۆ زیاتر قوڵبوونەوە لە توێژینەوەکەدا.**

٣) **یارمەتی توێژەر دەدات بۆ دیاریکردنی کارە پێشینەکانی بۆ دەسپێکی توێژینەوە.**

٤) **یارمەتی گەڕان وناسینی زیاتری هەموو ئەو بابەتانەی دەدات کە لە ژینگەی کێشەی توێژینەوەکەدان.**

٥) **زانیاری دەداتە توێژەر بۆ چاکسازی لە جێبەجێکاری توێژینەوەکەدا.**

٦) **بوارێکە بۆ تیمی توێژینەوەکە تاوەکو بیرۆکەی گونجاوتر بۆ بەجێگەیاندنی توێژینەوەکە دارێژێن.**

٧) **بوارێکە بۆ ئەوەی توێژەر زانیارییەکی زیاتر دەربارەی بابەتی توێژینەوەکە و میکانزمی کارکردن دەستەبەر بکات.**

٨) **بەهۆیەوە توێژەر کەموکوڕییەکان دەست نیشان دەکات.**

٩) **توێژەر زانیاری تەواوی لەسەر کاتی پێویست بۆ تاقیکردنەوەی سەرەکی ڕوون دەبێتەوە.**

١٠) **هۆکارێکە بۆ پەرەپێدانی گریمانە لای توێژەر.**

١١) **بەهۆیەوە زیاتر شیاوی و نەشیاوی ئامێر وکەلوپەلەکانی بۆ ڕوون دەبێتەوە.**

**جیاوازی لە نێوان تاقیکردنەوەی گەڕان و تاقیکردنەوەی سەرەکی :**

الفرق بين التجربة الإستطلاعية و التجربة الرئيسة

The difference between the reconnaissance experiment and the main experiment

**تاقیکرد نەوەی گەڕان**( التجربة الإستطلاعية The reconnaissance experience) **دەبێ تە هۆی ئاشنابوون بە کۆمەڵێك هۆکار و شێواز و بژاردەی جێگرەوە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی کێشەی توێژینەوە یەکی د یاریکراو، لەکاتێکدا تاقیکرد نەوەی سەرەکی** (التجربة الرئيسة The main experience) **گەیشتنە بە درەنجامی کۆتای توێژینەکە .**

**لە تاقیکردنەوەی گەڕان ودۆزینەوەدا** ( التجربة الإستطلاعية reconnaissance experience ) **بوار و کاتی ئەوە هەیە هەڵەکان ڕاست بکرێتەوە و هەرکێشەیەك هەبێت ساکار بکرێت ، بەڵام لە تاقیکرد نەوەی سەرەکیدا** (التجربة الرئيسة The main experience) .

**بنچینە زانستییەکانی تاقیکردنەوەکان :**

Scientific foundations of the tests الأسس العلمية للإختبارات

**توێژینەوە هەمیشە پشت بە پێوانەکردن دەبەستێت، ئیتر توێژەر هەر جۆرە کەلوپەل و ئامێرێك بەکار بهێنێت، پێویستە ڕەچاوی ئەو بنەما ستانداردانە بکات بۆ پێکهێنان ورەوایی بەکارهێنانی ئەو پێوەرە لە توێژینەوەکەیدا. پێویستە توێژەر دوو تایبەتمەندی گرنگ لەو پێوەرانەدا هەبێت کە بەکاریان دێنێت، ئەوانیش ڕاستی و جێگیری (**الصدق و الثبات **Validity and Reliability)، مەبەست لە ڕاستی گرنگترین زیاترین تایبەتمەندییە کە پێویستە لەو پێوەرەدا هەبێت کە بڕیارە پێوانەی بابەتێکی پێبکرێت، بەڵام جێگیری ئاماژەیە بۆ ڕادەی وردبینی بەردەوام لەئەنجامی پێوانەکاندا بە جێگیری. واتە بریتییە لە ڕادەی ئەو جێگیرییە کە لە ئامێری پێوانەکردنەکەدا هەیە، واتە ئەگەر چەند جارێك ئەو ئامرازە یان ئامێرە بۆ کەسێك دووبارە کرایەوە یان بۆ کەسانی دیکە بەکارهێنرا هەمان جێگیری لە پێوانە کردنەکەیدا هەبێت .**

**بنچینەی سێیەمی زانستی بۆ تاقیکردنەوەکان بریتییە لە بابەتییەت (**الموضوعية **objectivity ) واتە ڕزگاربوون لە لایەنگری و دەمارگیری و تێکەڵ نەکردنی هیچ جۆرە هۆکاری کەسێتی لە گەڵ ئەو کەسەی تاقیدەکرێتەوە ، بابەتییەت (**الموضوعية **objectivity ) واتە تواناکانی تاکە وەك ئەوەی لە ڕاستیدا هەیە نەك وەك ئەوەی دەمانەوێت. کەواتە بنچینە زانستییەکانی تاقیکردنەوە بریتییە لە :**

١) **ڕەوای :** الصدق Validity
٢) **جێگیری:** الثبات Reliability
٣) **بابەتییەت :** موضوعية objectivity



**جۆرەکانی ڕاستی (ڕەوایەتی) :** أنواع الصدق Types of Validity

**ڕەوا یەتی** (الصـدق Validity) **هەر پێور ێك بریتیە لە پەیوە ندی نێوان وەلاٚ مدەرەوە ( ئەوەی پێوا نە دەکرێت) لەگەڵ ئەو ئامرازەی(ئامێرەی) پێوانەکە دەکات. وەرگرتن و دەرهێنانی ڕاستی (ڕەوایەتی) پێوەر بە چەند ڕێگەیەك دەبێت، لێرەدا تەنها ئاماژەیان پێدەدەین ، ئەمانەن :**

١) **ڕاستی (ڕەوایەتی) ناوەڕۆك :** صدق المحتوى أوالمضمون validity content
٢) **ڕاستی (ڕەوایەتی) ناوبژیوانەکان :** صدق المحكمين trustees veracity
٣) **ڕاستی (ڕەوایەتی) روکاری :** صدق الظاهري face validity
٤) **ڕاستی (ڕەوایەتی) بیناکاری :** صدق البنائي construct validity
٥) **ڕاستی (ڕەوایەتی) دروستکراو :** صدق التلازمي concurrent validity
٦) **ڕاستی (ڕەوایەتی) فاکتەری :** صدق العاملي factotial validity
٧) **ڕاستی (ڕەوایەتی) پێشبینیکراو :** صدق التنبؤي predictive veracity




**هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر ڕاستی (ڕەوایەتی) ئامڕاز :**

Factors affecting the validity of the tool العوامل المؤثرة في صدق الأداة

**کۆ مەڵێك هۆ کار کاریگەریان لە سەر ڕا ستی (ڕەوا یەتی) ئامێری پێوا نەکردن هە یە، لێرەدا هە ندێکیان دەخەینە ڕوو :**

١) **هۆکارەکانی پەیوەست بەخودی ئامرازەکە :**

Factors related to the tool itself عوامل تتعلق بالأداء نفسها

- **ئاستی ڕستەسازی ئامرازەکە لە ڕووی نوسینەوە.**
- **لاوازی بڕگەکان لە ڕوو نوسینەوە.**
- **ئاڵۆزی بڕگەکان لە ڕووی نوسینەوە.**
- **کوالیتی نزمی ئامێر.**
- **ئاڵۆزی کارکردنی ئامێر.**

٢) **هۆکارەکانی پەیوەیست بە بەکارهێنان و ڕاستکردنەوەی ئامڕاز**

عوامل تتعلق بتطبيق الأداة و تصحيحها

Factors related to the application and correction of the tool

- **هۆکاری ژینگەیی کاریگەری لەسەرئەو کەسەی پێوانەکەی بۆ دەکرێت.**
- **ناڕوونی ڕێنماییەکان بۆ بەکارهێنان.**
- **بەکارهێنانی ئامێرێکی بۆ مەبەستی دیاریکراو نەشیاو بێت.**
- **نەگونجانی ئامرازەکە لەگەڵ ئاستی نموونەی توێژینەوە.**

٣) **هۆکارەکانی پەیوەست بەکەسی تاقیکراوە :**

Factors related to the personality of the examinee عوامل تتعلق بشخصية المفحوص

- **جۆری باری تەندروستی نموونە.**
- **هەوڵدانی نموونە بۆ فێڵکردن.**
- **جێگیری ئامراز و ئامێر.**
- **زۆری کاتی پێچوونی پێوانەکردن.**

**جێگیری :** الثبات Reliability

**توێژەران لە بواری کارکردنیان لە توێژینەوەی زانستیدا، جۆرەها ئامێر و ئامراز بەکاردێنن، بەڵام بەدەگمەن ڕاستی (ڕەوایەتی)ئەو ئامێر وئامرازانەیان دەست دەکەوێت، لەبەر ئەوە توێژەران پەنا بۆ لا یەنی جێگیر یان دە بەن تاوەکو ئاستی ڕاستی داتا وزانیارییەکان بەرز تر بکەنەوە.**

**جێگیری(** الثبـات Reliability **) وا تە ئە گەر چەندجارێك نموونە یەك بپێور ێت بە ئامراز یان ئامێر ێك ئەنجامی پێوانەکان زۆر لەیەکەوە نزیك دە بن، ئە مەش وا تای ئەوەی ئا ستی جێگیری ئەو ئامراز و ئامێرە بەرزە، لەلایەکی دیکەوە ووشەی جێگیری بەمانای بابەتییەت (**موضوعية objectivity **)دێت.**

**کەواتە ئامرا‌و وئامێری جێگیر، ئەویە ئە گەر پێوانە یەکی لە دوو کاتی جیاوازدا کرد، ئەنجامی هەردوو پێونە کە بەڕادەیەکی باش لەیەکەوە نزیك بن.**




**شێوازە ئامارییەکان بۆ هەژمارکردنی جێگری :**

Statistical methods for calculating stability الطرق الإحصائية لحساب الثبات

**بۆ پشکنینی جێگری ئامراز وئامێرەکان چەندین ڕێگە هەیە/ لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین، ئەمانەن:**

١) **شێوازی دووبارکردنەوەی پێوانەکردن(تاقیکردنەوە) :**

(Method of retesting (trial) (التجربة)طريقة إعادة الإختبار

**شێوازێکی ئا سان و سادەیە بۆ دەرهێ نانی جێگیری(** الثبـــات Reliability **)، ئە مەش لە ڕێ گەی دووبارەکردنەوەی ئەو تاقیکردنەوەی(پێوانەیەی) بەو ئامێرە دەکرێت، واتە سەرەتاپێوانەی نموونەکە دەکرێت،**

**دواتر بۆماوەکی دیاریکراو(ئەم ماوەیە توێژەر بەگوێرەی بنەما زانستییەکانی دیاری دەکات)، بۆ جاری دووەم هەمان پێوانە بە هەمان ئامراز یان ئامێر بۆ هەمان نموونە دەکرێتە، لە دوای ئەوە پەیوەندی**(لعلاقة Relationship) **نێوان نمرەکانی ئەو دوو پێوانەیە لە ڕێگەی هۆکاری ئاماری**(العلاقة Relationship ) **دەردەهێنرێت. ئەگەر نمرەی پەیوەندییەکە زیاتر لە** 0.50 **بێت، واتە ئەو پێوانەیە جێگیرە بەلام جێگیری لاوازە، کەواتە هەتاوەکو ئەو ژمارەیە زیاتر بێت** ( 0.60، 0.70، ٠،٨٠، ٠،٩٠ .....) **واتە لە ژمارە (١) نزیك بێتەوە جێگری زیاتر دەبێت.**

**تێبینی ١/**

**باشتر وایە ماوەی نێوان دوو پێوانە** ( 7-14) **ڕۆژ بێت.**

**تێبینی ٢/**

**هۆکاری ئاماری گونجاو بە شێوازی سپێرمان یان براون** ( علاقة بالطريقة سبيرمان أو براون Relationship method Spearman and Brown ).

٢) **شێوازی نیوەی دابەشکراو :** طريقة التجزئة النصفية split- half method

**دابەشکردنی بڕگەکانی تاقیکردنەوە بۆ دوو بەشی هاوشێوە، واتە دوو جار تاقیکردنەوەکە ناکرێت بەڵکو پەیوەندی لەنێوان ئەو دووبەشەدا دەردەهێنرێت بۆ دیاریکردنی نمرەی جێگیری تاقیکردنەوەکە، ئەوەش دەبێتە نمرەی جێگیری ئەو تاقیکردنەوەیە.**

٣) **شێوازی نیوەی دابەشکراو :** طريقة الصور المتكافئة equivalent forms method

**واتە بۆ هەرکەسێك دوو شێوە لە تاقیکردنەوەی هاوشێوەی پێدەدرێت، وەڵامی هەریەکەیان دەداتەوە، دواتر پەیوەندی لە نێوان ئەو دوو تاقیکردنەوەدا دەردەهێنرێت، ئەوەش دەبێتە نمرەی جێگیری ئەو تاقیکردنەوەیە.**

**ئەو هۆکارانەی کاریگەییان لەسەر جێگیری (ئامراز ، ئامێر) هەیە :**

Factors affecting the stability of the tool العوامل المؤثرة في ثبات الأداة

**گەلێك هۆکار کاریگەریان لەسەر جێگیری ( الثبات)هەیە، لێرەدا ئاماژە بەهەندێکیان دەدەین :**

١) **درێژی تاقیکردنەوە :** طول الإختبار test length

٢) **کاتی تاقیکردنەوە :** وقت الإختبار test time

٣) **هاوشێوەی وەلأمدەرەوەکان :** تجانس المستجيبين Homogeneity of respondents

٤) **ئاستی گرانی تاقیکردنەوە :** مستوى صعوبة الإختبار Test difficulty level

٥) **ژمارەی بڕگەکان :** عدد البنود Number of items

٦) **داڕشتنی بڕگەکان :** صياغة البنود Drafting of items

٧) **لێکچووی نمرەی ئەنجامەکان :** تباين الدرجات Variation of grades

٨) **کاتی تاقیکردنەوە :** وقت أداء الإختبار Test taking time

٩) **مەزەندەکردنی تاقیکردنەوە :** تخمين الإختبار Guess the test

١٠) **باری تەندروستی دەروونی تاقیکراوە(نموونە) :**

The health and psychological condition of the individual الحالة الصحية والنفسية للفرد

١١) **بڕگە هەڵەکان :** الفقرات الخاطئة the wrong paragraphs

١٢) **گرانی زۆری بڕگەکان :** صعوبة بالغة في الفقرات Extreme difficulty with paragraphs

١٣) **تایەبەتمەندی تاقیکەرەوەکان(نموونە) :** خصائص المستجيبين Characteristics of respondents

١٤) **بەڕێوەبردنی خراپی ئامرازەکە(ئامێرەکە) :** الإدارة السيئة للأداة Poor tool management

**هەژمارکردنی بابەتییەتی تاقیکردنەوە :**

Test objectivity calculation   حساب موضوعية الإختبار

**بابەتی یەت (**الموضـوعية **objectivity ) وا تە هەڵسەنگاندنێك دوور لە هەموو جۆرە لا یەنگری و دەمارگیرییەك، لە دیاری کردنی ئاستی ئەو کەسانەی هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت ،هاو شێوەی و نزیکی لە پێدانی نمرەکاندا هەبێت. وا تە بابەتی یەت ئەو جیاوازی یە کەمە یە لەنێوان چەند هەڵسەنگێنەرێکدا بۆ پێوانەکردنی بابەتێکی دیارکراو .**

**هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر بابەتییەت:**

factors affecting objectivity   العوامل المؤثرة على الموضوعية

١) **ڕوونی تاقیکردنەوە** : وضوح الإختبار   Test clarity
٢) **ئاستی تێگەیشتنی تاقیکراو** : درجة فهم المختبر   Degree of laboratory understanding

- **شێوازی ئاماری بۆ دیاریکردنی بابەتییەت (**الموضوعية **objectivity ) :**

١) **شێوازی ڕێژەی پلەبەندی سبیرمان** : طريقة معامل إرتباط الرتب لسبيرمان
٢) **شێوازی بەکارهێنانی ئاماژە هۆکاری پەیوەندی** : طريقة إستخدام دلالة معامل الإرتباط



**مەرجەکانی بەجێگەیاندنی بابەتییەت (الموضوعية objectivity ) :**

**بابەتییەتی تاقیکردنەوە ئاستی بەرزی ئەوو تاقیکردنەوەیە نیشان دەدات، لەبەر ئەوە پێویستە هەموو تاقیکردنەوەیەك بەکاردەهێنرێت لایەنی بابەتییەتی دیاری بکرێت، لێرەدا دوو ڕێگای ئاماری بۆ دەرهێنانی بابەتییەتی(الموضوعية objectivity ) تاقیکردنەوە ئاماژە پێ دەدەین:**

**١) سانای لە بەجێگەیاندنی تاقیکردنەوەدا.**

**٢) بەکارهێنانی ئامێری نوێ و پێشکەوتوو .**

**٣) کاتی پێویست بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە.**

**٤) ئاسانی لە پێدانی نمرەی هەڵسەنگاندن.**

**٥) شیاوی تاقیکردنەوە لەگەڵ مەبەست و ئامانجی پرۆگرامی بابەتی توێژینەوە.**

**٦) پێویستی تاقیکردنەوە بۆ هەڵسەنگێنەر و یاریدەرە.**

**٧) تاقیکردنەوەکە تەحەدای(چالێنجی) ڕاستی تواناکانی تاقیکەرەوەکان بکات.**



**جۆرەکانی توێژینەوەی زانستی و پۆلێنکردنەکانی :**

Types of scientific research and its classifications أنواع البحوث العلمية و تصنيفاتها




**پێوانەکان بۆ پۆلێن کردنی توێژینەوەکان جۆراوجۆرن، هەر جۆرە پۆلێنێك چەن جۆر ێك توێژینەوە لە خۆدەگر ێت ورێکخ ستنیان بۆ دە کات، ج یاوازی پۆلێن کرد نەکان کاریگەر یەکی ئەوتۆیان ن یە بەڵکو تەنها بۆ ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن لە توێژینەوەکان، لێرەدا توێژینەوەکان بە چەند پۆلێنێك دەخەینە ڕوو :**

**پۆلێنی توێژینەوەکان بەگوێرەی سەرچاوەی زانیارییەکان :**

أنواع البحوث العلمية وتصنيفاتها حسب مصادر المعلومات

Types of scientific research and its classifications according to information sources

١) **پۆلێنکردنی توێژ ینەوە زان ستییەکان، بەگوێرەی سەر چاوەکانی دا تاو زانیار یەکان** (مصادر البيانات والمعلومات)، **دوو جۆرن :**

A. **توێژینەوەی مەکتەبییەکان :** الأبحاث المكتبية Desk research

**بریتین لەو توێژینەوانەی لە ئەنجامدان ونوسینەوەیاندا پێشت بە کتێبخا نەی وئاماژە کان دەبە ستن، تاوەکو ببنەسەرچاوەیەکی سەرەکی زنیاری بۆ توێژ ینەوە، نموو نەی ئەو سەر چاوانە وەك ،ئینسایکلۆپیدیا** (الموسوعات)، **کتێب ، گۆڤاری وەرزی زانستی**(دوري)، **ڕاپۆرت، سەرچاوەکانی تری کتێبخانەکان .**

B. **توێژینەوەی مەیدانییەکان :** الابحاث الميدانية Field research

**بریتین لەو توێژینەوا نەی بە شێوەیەکی سەرەکی لە سەر ب نەمای سەر چاوە مەیدانی یەکانی زان یاری دا مەزراوە، وەك تو ێژەری زان ستی کە دا تا و زان یاری بۆ توێژ ینەوەکان کۆدەکا تەوە لەلا یەن ئە ندامانی نموونەی توێژینەوەمە، کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوە کە دە کات، بە بەکارهێنانی یەك یان چەند ئامرازێکی توێژینەوە، دیارترینیان ( پرسیارنامە، چاوپێکەوتن، تێڕوانین(چاودێری)) .**

٢) **پۆلێنکردنی توێژینەوە زانستییەکان، بەگوێرەی ڕێبازی زانستی** (المنهج العلمي) :

**توێژینەوەی زانستی بەگوێرەی ئەو ڕێبازەی پەیڕەو دەکرێت ،بۆ چەند جۆرێك پۆلێن کراون: بەم شێوەیە:**

- **توێژینەوەی وەسفی** : البحث الوصفي Descriptive research
- **توێژینەوەی مێژووی** : البحث التأريخي Historical research
- **توێژینەوەی تاقیکاری:** البحث التجريبي empirical research
- **توێژینەوەی خوێندنەوە و لێکدانەوە** : البحث الإستقرائي والبحث الإستنباطي Inductive research and deductive research
- **چەند جۆرێکی تر پێشتر ڕوو کراوەتەوە.**

٣) **پۆلێنکردنی توێژینەوە زانستییەکان، بەگوێرەی مەبەست و ئامانج** (الغرض) :

- **توێژینەوەکانی تیۆری** : الابحاث النظري Theoretical research

**ئەو توێژینەوەیە کە لە ڕێگەیەوە توێژەری زانستی ئامانجی تێگەیشتنی لە کێشە یان دیاردە تیۆرییە تایبەتەکانە، بۆ ئەوەی بگاتە تیۆر، و زانیاری، ویاساکان ئەگەر بەجێگەیەنراون یان بە جێنەگەیەنراون.**

- **توێژینەوەکانی بەجێگەیاندن** : الأبحاث التطبيقية applied research

**یەکێکە لەو توێژینەوە زانستیانەی توێژەر لە ڕێگەیەوە هەوڵ دەدات بگاتە ڕوایەتی و ئەنجامی بابەتە تیۆرییەکان پشتڕاست بکاتەوە.**

٤) **پۆلێنکردنی توێژینەوە زانستییەکان، بەگوێرەی پێوانەی کاتی** (المعيار الزمني Time standard ) :

- **توێژینەوەکانی فراوان** : الابحاث العريضة Broad research

**ئەو توێژینەوەیە کە پشت بە لێکۆڵینەوە لە کاریگەری گۆڕانکارییەکان دەبەستێت، کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا لەسەر دیاردەیەکی دیاریکراو ڕوو دەدات، و پەیوەندی بە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە هەیە کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوکە دەکەن.**

- **توێژینەوەکانی ماوە درێژی** : الابحاث الطويلة long research

**ئەو توێژینەوەیە کە پەیوەستە بە لێکۆڵینەوە لەو گۆڕانکارییانەی لە ماوەیەکی دیارکراودا، لە یەکێك لە دیاردە تایبەتەکانی توێژینەوەدا یان لە چەند دیاردەیەکی توێژینەوەدا ڕوو دەدەن.**




٥) **پۆلێنکردنی توێژینەوە زانستییەکان، بەگوێرەی سروشتی بابەتی توێژینەوەکە** (طبيعة محتوى البحث) :

- **توێژینەوەی کۆمەلایەتی** : البحث الأجتماعي Social research
- **توێژینەوەی ئاینی:** البحث الديني Religious research
- **توێژینەوەی دیکۆمێنتاری** : البحث الوثائقي Documentary research
- **توێژینەوەی ئابووری:** البحث الاقتصادي Economic research
- **توێژینەوەی مێژووی:** البحث التأريخي Historical research
- **توێژینەوەی جیۆگرافی:** البحث الجغرافي Geographical search



٦) **پۆلێنکردنی توێژینەوە زانستییەکان، بەگوێرەی پلەی زانستی** ( الدرجة العلمية the scientific degree) :

- **توێژینەوەکانی خوێندنی یەکەمی زانکۆیی** : الابحاث الجامعية الأولى Undergraduate research

**ئەو توێژینەوەیە کە خوێندکاری زانکۆ لە قۆناغی بەکالۆریۆسدا ئامادەی دەکات، بابەتی توێژینەوەکە تایبەت بەجۆری ئەو وانانەی لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا خوێندویەتی، لە توێژینەوەکەدا بە سنورێکی دیاری کراو لە بابەتی توێژینەوەکەیدا قوڵ دەبێتەوە، ئامانجی سەرەکی لەم جۆرە توێژینەوەدا ڕاهێنانی خوێندکارە لە کاری توێژینەوەی ئەکادیمیدا،واتە وەك پرۆژە توێژینەوەیەك هەژمار دەکرێت.**

- **توێژینەوەکانی ئەکادیمی زانکۆیی:** الابحاث الجامعية الاكاديمية Academic undergraduate research

**ئەو توێژینەوە زانستییانەیە پۆلێنبەندییەکانی بریتین لە توێژینەوە و تێزە زانستییەکان کە خوێندکارانی قۆناغی ماستەر و دکتۆرا بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ئەکادیمی ئەنجامی دەدەن ، یان ئەو توێژینەوانەی لە گۆڤارە زانستییە باوەڕپێکراوەکاندا بلاو دەکرێتەوە.**

**جۆرەکانی توێژینەوەی زانکۆیی :**

Types of university research أنواع الأبحاث الجامعية

**دەرهێنانی توێژینەوەی زانستی لە ڕووی شێوە و ناوەرۆکەوە، پێویستی بە توانای زانستی توێژەر، وکۆششێکی ڕێکخراو ، و بیرکردنەوەیەکی بابەتیانە، و وردەکارییەکی ڕێزمانی و ڕستەسازی هەیە، توێژینەوەکان لە ڕووی ڕێباز، وئامانج، و قەبارەوە جیاوازن ئەمەش بەگوێرەی ئەو ئاستەی توێژینەوەی پێشکەش دەکرێت و نمرە یەك و ئا ست و نازناوێکی دیاریکراوی پێوەردەگیرێت، لێرەدا جۆرەکانی توێژینەوە دەخەینە ڕوو، ئەمانەن:**

١) **پەیپەرێکی توێژینەوە :** الورقة البحثية Research paper
٢) **توێژینەوەی دەرچوون :** بحث التخرج Graduation research
٣) **ماستەر نامە :** رسال الماجستير Master's thesis
٤) **تێزی دکتۆرا :** أطروحة الدكتوراه PhD dissertation
٥) **توێژینەوەی بەرزکردنوەی پلە :** أبحاث الترقية Promotion research
٦) **توێژینەوەی زانستی :** الأبحاث العلمية Scientific research

**پێویستە لەسەر توێژەر بگەڕێت بۆ کێشەیەك یان بابەتێکی ڕاستەقینە و کاری لەسەر بکات، تاوەکو زیادکردنێك بۆ بواری زانست و زانین بکات و نوێکاریەك پێکەش بە بواری ئەکادیم و کۆمەلگە و مرۆڤایەتی بکات.**



**دیزاینی تاقیکاری لە توێژینەوەی زانستیدا :**

التصميم التجريبي في البحث العلمي Experimental design in scientific research

**دیزاینی تاقیکاری** (التصـميم التجريبـي Experimental design ) **بەو پلانە ناوسراوە کە لەسەر بنەمای تەرخانکردنی تاکەکان بۆ بارودۆخی تاقیکاری** (الظـروف التجريبيـة The experimental conditions ) **یان چارەسەری تاقیکاری** (المعالجات التجريبية Experimental treatments ) **بۆ تاکەکانی ناو نموونەی توێژینەوەکە بنیاد دەنرێت . لە بەر ئەوە دیزاینی تاقیکاری هەم دروستکردنی کێشەیەك و هەم پلانی توێژینەوەکە لە خۆدەگرێت.**

**دیزاینی تاقیکاری** (التصـميم التجريبـي Experimental design )، **بنچینەی بنەڕەتی توێژینەوەی تاقیکارییە** ( البحث التجريبي experimental search )، **هیچ جۆرە توێژینەوەیەکی تاقیکاری ( ئەزموونی) نییە بەبێ بوونی دیزاینێك ڕێکارەکانی دیاری بکات، پەیوەندی سروشتی نێوان گۆڕاوەکان**( المتغيـرات Variables ) **بدۆزێتەوە، هەروەها لە توێژینەوەدا بە هەیکەلەی گشتی تاقیکاریی دادەنرێت، دیاریکردنی جۆری دیزاینی تاقیکاری پێویستی بە دیدگایەکی شیکاری** ( الرؤية التحليليـة Analytical vision ) **وردی توێژەر هەیە، تاوەکو بە باشی لە دیاردەی توێژینەوەکەی بگات، زانینی بۆ هەموو ئەو هۆکارانەی هەبێت کاریگەریان لەسەر دیاردەکە هەیە، ئەمەش سەرەڕای دیاری کردنی لایەنی ماددی، و لۆژیکی، و بوار، و قەبارەی کاریگەرییەکانی کۆمەڵگەکە .**

**گۆڕاوی سەربەخۆ** : المتغير المستقل The independent variable

**ووشەی گۆڕاو** ( المتغيـر variable) **واتە هەربڕێك لە دیاردەیەك یان هەڵسوکەوتێك دەخرێتە ژێرتێڕوانین، وچاودێری، ودیاریکردن، وپێوانە، وتاقیکاریەوە . بەڵام گۆڕاوی سەربەخۆر**(المتغير المستقل The independent variable) **بریتییە لە بڕێکی دیارکراو لە مەرج یان چارەسەر کە پێشتر توێژەر دیاری دەکات، هەوڵ دەدات کاریگەری لەسەر گۆڕاوی وابەستە**(المتغيـر التـابع) **دیاری بکات، ناوبراوە بە سەربەخۆ چونکە نرخەکەی سەربەخۆیە لە نرخی گۆڕاوی وابەستە .**

**گۆڕاوی وابەستە** : المتغير التابع The dependent variable

**بریتییە لە و ڕەفتارەی لە دەرەنجامی گۆڕانی ڕێکارییەوە بەهۆی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆوە دێتە کایەوە، بە مەرجی ئەوەی چاودێری بکرێت و هەڵسەنگاند و پێوانەی بۆ بکرێت چونکە تاقیکارییەکە ناکرێت ئەگەر گۆڕاوە وابوستەکە پێوا نە نەکرێت، بە وابەستە ناودەبرێت چونکە لە ژێر کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکەدایە .**

**دیاریکراوەکانی هەڵبژاردنی دیزاینی تاقیکاری لە توێژینەوەی زانستیدا :**

محددات إختيار التصميم التجريبي في البحث العلمي
Determinants of choosing an experimental design in scientific research

**وەك ئەوەی دیاریکردنی دیزانێکی تاقیکاری** (التصميم التجريبي Experimental design ) **بۆ توێژینەوەی زانستی هەیکە لەی توێژینەوەی دیاری دەکرد، بۆ دیاریکردنی جۆری دیزاینی تاقیکاری، لێرەدا ئاماژە بە چەند مەرجێك دەدەین :**

١) **ژمارەی گۆڕاوی سەربەخۆ لە تاقیکارییەکەدا :** عدد المتغيرات المستقلة في التجربة
The number of independent variables in the experiment

**تاوەکو ژمارەی گۆڕاوە سەربەخۆکان**( المتغيرات المستقلة independent variables) **لە تاقیکارییەکەدا زیاتر بێت، ئاڵۆزی لەکاری توێژینەوەدا زیاتر دەبێت، هاوکات ژمارەی گریمانەکان زیاتر دەبێت بۆ سەلماندنی جۆری ئەو پەیوەندییەی لەنێوان گۆڕاوەکاندا هەیە، کاریگەری هەریەك لە گۆڕاوە سەربەخۆکان بەجیاکاری وەردەگیرێت، ئەمەش سەرەڕای زانینی ئەو گۆڕانکارییانەی لە گۆڕاوە وابەستەکاندا** ( المتغيرات التابعة dependent variables ) **دێتەکایەوە.**

٢) **ژمارەی ئاستەکان، چارەسەرەکانی گۆڕاوی سەربەخۆ لە تاقیکارییەکەدا:**

عدد مستويات أو المعالجات المتغير المستقل في التجربة
The number of independent variables in the experiment

**لە پێناو دیاریکردنی زۆرترین پەیوەندی هۆکاری وابەستە بە دیاردەی توێژینەوەکەوە، توێژەر لە پێناو دەسکەوتنی جۆری ئەو پەیوەندییەی لەنێوان هەردوو گۆڕاوی سەربەخۆ و وابەستەدا**( المتغير المستقل و المتغير التابع The independent variable and the dependent variable ) **هەیە، پێویستی بە دوو ئاست یان دوو کۆمەڵە دەبێت، لە هەندێك باری تایبەتی توێژینەوەی دیکەدا، توێژەر پێویستی بە زیاتر لە سێ مەرج و ئاست و کۆمەڵە دەبێت.**

٣) **دیاریکردنی بەشداربووان لە تاقیکارییەکەدا:**

Identify the participants in the experiment تحديد المشاركين في التجربة

**ئایا توێژەر بۆ هەر مەرج وئاستێك، وچارەسەرێك چەند کەسانێکی دیاریکراو بەشداری پێدەکات هەموو چارەسەرەکان لەگەڵ هەمان کۆمەڵە تاقیدەکاتەوە یان بۆ هەر مەرج و ئاستێك کۆمەڵە کەسانێکی تر دیاری دەکات و تاقیکردنەوەکەیان بەسەردا جێبەجێدەکات.**

## ئامانجی دیزاینی تاقیکاری لە توێژینەوەی زانستیدا :

أهداف التصميم التجريبي في البحث العلمي

Objectives of experimental design in scientific research

**لە توێژینەوەی زانستیدا،بەکارهێنانی دیزاینی تاقیکاری چەند ئامانجێکی تایبەتی هەیە، ئەمانەن:**

١) **دۆزینەوەی بەرزترین ئاستی پەیوەندی هۆکارانەی**( العلاقة السبية causal relationship ) **لە نێوان گۆڕاوی سەربەخۆ** ( المتغير المستقل The independent variable) **و گۆڕاوی وابەستەدا** (المتغير التابع The dependent variable).

٢) **کەمکردنەوەی ناڕوونی لەشیکاری نێوان هەردوو گۆڕاوی سەربەخۆ و وابەستەدا بۆ کەمترین ئاست.**

٣) **سنوردارکردنێکی نموونەی بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری هۆکارە ناوەکییەکانی** ( العوامل الداخلية internal factors) **کاتی بەجێگەیاندنی تاقیکارییەکە.**

٤) **بەکارهێنانی هۆکاری ئاماری ورد و شیاو بۆ پشکنینی گریمانەکانی** (الفرضيات) **توێژینەوە.**

٥) **پێشکەشکردنی شیکارێکی تیۆری بۆ دەرەنجامی توێژینەوە.**

٦) **بوارێکی باش دەرەخسێنێت بۆ گشتاندنی دەرەنجامەکانی** (تعميم النتائج) **توێژینەوە بەسەر کۆمەڵگەی ڕەسەنی توێژینەوە.**



**دیزاینەکان لە تاقیکاری :**

Research experimental designs التصميمات التجريبية في البحث

**چەندین پۆلێن بۆ دیزانی تاقیکاری(ئەزموونی) هە یە، ڕەنگە سادەترین دابە شکردن دواا نەیی بێت، کە لە لایەن ( ویز ، نۆردبێرگ ، ڕیتز ) پێشنیارکراوە، دیزاینی تاقیکاریان بۆ دوو جۆر دابەش کردووە، دیزاینی کارایی (** التصميمات الوظيفية functional designs **) و دیزاینی هۆکاری (** التصميمات العاملية functional designs**)، ئەم دابەشکردنە لە سەر ئەو بنەمایە یە تاوەکو چەندێك دەتوانرێت گۆڕاوە سەربەخۆکە بەبا شی کۆنترۆڵ بکرێت، کاتێك توێژەر کۆنترۆڵی جێگیر و تەواوی گۆڕاوی سەربەخۆی (** المتغير المستقل**) تاقیکارییە کە دەکات، وا تە لە جۆری دیزاینی کارایە (** التصميمات الوظيفية functional designs **)، بەلآم ئە گەر نەیتوانی کۆنترۆڵی جێگیری و تەواو گۆڕاوی سەربەخۆی (**المتغير المستقل **)تاقیکارییە کە بکات، ئەوتاقیکارییە لە جۆری دیزاینی هۆکارییە** (التصميمات العاملية functional designs).

**تایبەتمەدییەکانی دیزاینی باش :** خصائص التصميم الجيد Good design characteristics

١) **پێویستە توێژەر لەخۆی بپرسێت، ئایا دیزاینیە پێشنیارکراوەکە ئامانجی خوازراو لە ئامانجی تاقیکردنەوەکە بەدەست دەهێنێت.**

٢) **پێویستە توێژەر لە خۆی بپرسێت، ئایا گۆڕاوە تاقیکارییەکە( گۆڕاوی سەربەخۆ** المتغير المستقل**)، بەهەندێك پلەی بەهێز، وکاریگەر، وتایبەتمەندە، بەهۆی هەندێك گۆڕانکاری لە گۆڕاوە وابەستەکەدا(** المتغير التابع dependent variable **) دەتوانرێت چاودێری خەملآندنی بۆ بکرێت.**

٣) **پێوەری سێیەم بەندە بەگشتاندنی ئەو ئەنجامانەی کە دیزاینێکی تایبەت ڕوونی دەکاتەوە، کە هەندێکجار بە ڕەوایەتی دەرەکی تاقیکردنەوە (** الصدق الخارجي للتجريب**) ناو دەبرێت.**

**پێش باسکردن لە جۆری تاقیکارییەکان پێویستە ئەم زاراوانەمان لاڕوون هبێت :**

- **تاقیکردنەوەی پێشەکی(یەکەمی) :** الإختبار القبلي( الاولي) Pre-test (preliminary)
- **تاقیکردنەوەی پاشەکی (دووەمی) :** الإختبار البعدي( الثانية) Post-test (second)
- **کۆمەڵەی کۆنترۆڵ :** المجموعة الظابطة The control group
- **کۆمەڵەی تاقیکاری :** المجموعة التجريبية The experimental group
- **گۆڕاوی سەربەخۆ :** المتغير المستقل The independent variable
- **گۆڕاوی وابەستە :** المتغير التابع The dependent variable

- **بەراوردکردن :** المقارنة Comparison

**لێرەدا ئاماژە بەچەند جۆرێك لە دیزاینی تاقیکاری دەدەین، کە لایەن توێژەرانەوە زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە، لە بواری توێژینەوەکانی پەروەردەی و دەروونی.**

A. **دیزاینی تاقیکاری سادە (پێش تاقیکاری) بۆ یەك کۆمەڵە :**

التصميم التجريبي البسيط ( ما قبل التجريبي) لمجموعة واحدة

Simple experimental design (pre-experimental) for one group

B. **دیزاینی تاقیکاری پێشەکی و پاشەکی بۆ یەك کۆمەڵە:**

تصميم التجريبي ذات إختبار القبلي والبعدي لمجموعة واحدة

Experimental design with pretest and posttest for one group

C. **دیزاینی تاقیکاری پاشەکی بۆ دوو کۆمەڵە ( دوانەی جووت یا هاوشێوە):**

تصميم التجريبي ذات إختبار البعدي للمجموعتين ( المزاوجة أو الإقتران)

Experimental design with a post-test for two groups

D. **دیزاینی تاقیکاری پێشەکی و پاشەکی بۆ دوو کۆمەڵە( هەڕەمەکی)::**

تصميم التجريبي ذات إختبار القبلي والبعدي للمجموعتين( العشوائية)

Experimental design with pre and post test for two groups

E. **دیزاینی سۆلۆمان بۆ چوار کۆمەڵە :**

تصميم سولمان للمجموعات الأربع

The Soloman Four- Group Design

F. **دیزاینی تاقیکاری نیمچە تاقیکاری :** التصميم شبه التجريبي Quasi-experimental Design

G. **دیزاینی تاقیکاری کۆمەڵەی کۆنترۆڵی نا هاوشێوە :**

Non-equivalent control group design تصميم التجريبي المجموعة الضابطة غير المتكافئة

H. **دیزاینی تاقیکاری زنجیرەی کاتی بۆ کۆمەڵە :**

التصميم التجريبي الحلقات الزمنية لمجموعة واحدة

Single-group time-loop experimental design

I. **دیزاینی تاقیکاری زنجیرەی کاتی بۆ کۆمەڵەی(تاقیکاری و کۆنترۆڵ):**

التصميم التجريبي الحلقات الزمنية للمجموعتين( التجريبية و الظضابطة)

Experimental design Time- Series for two groups (experimental and control)

**دیزاینی تاقیکاری سادە (پێش تاقیکاری) بۆ یەك كۆمەڵە :**

التصميم التجريبي البسيط ( ما قبل التجريبي) لمجموعة واحدة

Simple experimental design (pre-experimental) for one group




**ئەم جۆرە لە دیزاینی تاقیکاری پێویستی بە بەردەستبوو كۆمەڵەیەكی هە یە، كە بخرێتە ژێر بەر كەوتنی هۆكارێكی چارەسەری دیاریكراو یان گۆڕاوێكی تاقیكاری(** تحت تاثير معالجة أو عامل لمتغير المستقل) **دیاریكراو بێت، پاشان پێوانەیەكی ڕەهەندی وەك هێڵكاری(٢) ئەنجام دەدرێت، ئەم جۆرە لە دیزاین كۆنترۆڵی تاقیكاری( ئەزموونی یان ڕەوایەتی تاقیكاری(** صدق التجريبي Experimental validity) **نیە، بۆ نموونە تاقیكردنەوەكە نابێتە هۆی دەستەكەوتنی ئەنجامی ڕوون، ئەمەش بەهۆی نەبوونی تاقیكردنەوەی دیاری كردنی پێشوەختە بۆ ئاستی گۆڕاوی وابەستە (**المتغير التابع dependent variable) **پێش هێنانەكایەی گۆڕاوە تاقیكاریەكە(** المتغير التجريبي أو المتغير المستقل)، **بۆ نموونە ئەگەر كۆمەڵەی تاقیكارییەكە نمرە و ئاستی بەرزیان بەدەستهێنا بێت، ناتوانرێت هەموو ئەم نمرە و ئاستە بگەڕێنرێتەوە بۆ كاریگەری چارەسەری تاقیكارییەكە یان گۆڕاوە تاقیكاریەكە(** المتغير التجريبي أو المتغير المستقل)، **لەبەر ئەوەی پێشتر ئاستی كۆمەڵەكە نەزانراوە .**




هێڵكاری ()

هێڵكاری() دیزاینی تاقیكاری سادە (پێش تاقیكاری) بۆ یەك كۆمەڵە هەوڵ ڕوون دەكاتەوە .

**دیزاینی تاقیكاری پێشەكی و پاشەكی بۆ یەك كۆمەڵە:**

تصميم التجريبي ذات إختبار القبلي والبعدي لمجموعة واحدة

Experimental design with pretest and posttest for one group

**ئەم دیزاینینە بریتییە لە ئەنجامی تاقیكردنەوە لەسەر یەك كۆمەڵە، لەسەرەتادا پێوانەیەكی تاقیكاری گۆڕاوە تاقیكارییەكە یان وابەستەكە(** المتغير التجريبي أو التابع **experimental or dependent variable)، پاشان ئەو گۆڕاوە دەخرێتە ژێركاریگەری گۆڕاوە چارەسەرییەكە(** المتغير المستقل **The independent variable )، پاشان دوا یماوەیەكی دیاری كراو پێوانەی دەەم بۆ گۆڕاوە وابەستەكە ئەیـنجام دەدرێت، دواتر نمرە و ئاستەكانی بەدەستهاتووی بۆ دەرهێنانی ئەنجامی كۆتایی پێوانەكانی پێشینە وپاشینە بەراورد دەكرێت، هێڵكاری ()، ئەم جۆرە دیزاینینە لاوازییەكی تێدایە، ئەویش كۆنترۆڵكردنی كاریگەرە دەركییەكان و شاراوەكان دیار نییە لە كاتێكدا ڕەنگە كاریگەرییان لە سەر پێوانەكان هەبووبێت، ئەمەش كارێگەر لەسەر ئەنجامی تاقیكارییەكە دروست دەكات، واتە كاریگەرییەكان تەنها بۆ گۆڕاوە سەربەخۆكە ناگەڕێتەوە.**




**هێڵكاری ()**

**هێڵكاری() دیزاینی تاقیكاری پێشەكی و پاشەكی بۆ یەك كۆمەڵە ڕوون دەكاتەوە .**

**دیزاینی تاقیکاری پاشەکی بۆ دوو کۆمەڵە ( دوانەی جووت یا هاوشێوەکردن):**

تصميم التجريبي ذات إختبار البعدي للمجموعتين ( المزاوجة أو الإقتران)

Experimental design with a post-test for two groups

**ئەم جۆرە لە دیزاین بریتییە لە هەڵبژاردنی دوو کۆمەڵە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی، بەجۆرێك کە یەکێك لە کۆمەڵەکان بە کۆمەڵەی تاقیکاری (المجموعة التجريبية) experimental group ) و ئەوی تریان بە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو دادەنرێت، کۆمەڵەی تاقیکاری دەخرێتە ژێر کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆوە ، هاو کات کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بەبێ کاریگەری گۆڕای سەربەخۆ ، دوای تاقیکردنەوەی پێوانەی هەردوو کۆمەڵە دەکرێت و بەراوردی نێوان نمرەکان ، ئەنجامی کۆتای تاقیکردنەوەکەیە، هێڵکاری ()،**

**لەم دیزاینەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، ئەم جۆرە جارەسەری کەموکوڕییەکانی دوو جۆری دیزاینی پێشتر دەکات، چونکە ڕێگە دەدات بە بەراوردکردنی ئەنجامەکانی لە نێوان دوو گروپەکەدا، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەخاڵێکی گرنگ بدەین، ئەویش بەکارهێنانی شێوازی جووتەی هاوشێوەیە(** طريقة المزاوجة أوالإقتران pairing method **) لەکاتی جیاکردنەوەی نموونەکان بۆ دووکۆمەڵەکە ( جووتی هاوشێوە واتە: جیاکردنەوەی نموونەکان جووت بە جووت کە لە زۆر ڕووەوە هاوشێوەبن، دواتر یەکێك بۆ کۆمەڵەیەك ئەوی تر بۆ کۆمەڵەکەی تریان)، بەڵام شێوازی جووتەی هاوشێوە جێگرەوەی شێوازی هەڵبژاردنی هەڕەمەکی نییە.**

**لەم جۆری دیزاینەدا، دەتوانرێت ژمارەی کۆمەڵەکان زیاد بکرێت بۆ سێ کۆمەڵە و چوار کۆمەڵە، و دواتر بەراوردی نێوان ئەنجامی پێوانەی کۆمەڵەکان دەکرێت، هەروەها دەتوانرێت چەند گۆڕاوێکی تری سەربەخۆ زیاد بکرێت بەڵام تەنها بۆ کۆمەڵەی تاقیکاری.**




**هێڵکاری ()**

**هێڵکاری() دیزاینی تاقیکاری پاشەکی بۆ دوو کۆمەڵە ( دوانەی جووت یا هاوشێوەکردن) ڕوون دەکاتەوە .**

**دیزاینی تاقیکاری پێشەکی و پاشەکی بۆ دوو کۆمەڵە( هەڕەمەکی):**

تصميم التجريبي ذات إختبار القبلي والبعدي للمجموعتين( العشوائية)

Experimental design with pre and post test for two groups

**ئەم جۆرە لە د یزاینی تاقیکاری یەکێکە لە دیزاینە تەقلیدیەکانی تاقیکاری، ئەم جۆرە دیزاینە بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە هەڵبژاردنی وردی هەرەمەکی بۆ کۆمەڵەی تاقیکاری( المجموعة التجريبية)، هەروەها هەکان ڕێکار بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵ کراو( المجموعة الضابطة)، کۆمەڵەی تاقیکاری پێوانەکانی پێشەکی بۆ گۆڕاوە وابەستە دەکرێن پێش بەکارهێنانی چارەسەری تاقیکاری( المعالجة التجريبية) و دوای ئەوەی پێوانەی پاشەکی بۆ گۆڕاوی وابەستە( المتغير التابع Dependent variable ) دەکرێت، لەکاتێکدا لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵەی کۆنترۆڵ چارەسەری تاقیکاری لەگەڵ بەکار ناهێنرێت (واتە بە شێوازی تقليدی خۆیان) بەڵام بە هەمان شێوە پێوانەی پێشەکی و پاشەکی بۆ گۆڕاوی وابەستەکە( المتغير التابع) دەکرێت. هێڵکاری () .**




هێڵکاری ()

هێڵکاری() دیزاینی تاقیکاری پێشەکی و پاشەکی بۆ دوو کۆمەڵە( هەڕەمەکی)ڕوون دەکاتەوە .

سێ جۆر چارەسەری ئاماری بۆ ئەم جۆرە لە دیزان دەکرێت: بەم شێوەیە :

١) بەراوردکرنی پێوانەکانی پێشەکی و پاشەکی گۆڕاوە سەربەخۆکە بۆ هەر کۆمەڵەیەك، ئەگەر بەراوردنی پێوانەی پێشەکی وپاشەکی بۆ هەردوو کۆمەڵە( تاقیکاری ، کۆنترۆڵ)دەرهێنرا، بەراوردەکە بە قازانجی پێوانەی دووەمی کۆمەڵەی تاقیکاریە بوو، ئەوکاتە دەتوانرێت دیاری بکرێت کە کاریگەرییە کە بەهۆی گۆڕاوە سەربەخۆکەوە بووە، بەڵام ئەگەر بەراوردەکە بە قازانجی پێوانەی پاشەکی کۆمەڵەی کۆنترۆڵ بوو، لەوە دەچێت لە بنەڕەتدا کۆمەڵەی کۆنترۆڵ کۆمەڵەیەکی بەهێز بووبن.

٢) ئەگەر لە دوای دەرهێنانی بەراورد لەنێوان پێوانەکانی پێشەکی وپاشەکی هەر کۆمەڵەیەك دەرهێنرا ، نزیك یەك بوون، ئەوکاتە ڕوون نییە و نازانرێت کام کۆمەڵەیان باشتر بووە.

٣) لە ڕێگەی (تحليل تباين Variation analysis )دەرهێنانی بەراورد لە نێوان پێوانەکانی پاشەکی هەموو کۆمەڵەکان، بۆ دیاریکردنی باشترین کۆمەڵە.

دیزاینی سۆلۆمان بۆ چوار کۆمەڵە :

The Soloman Four- Group Design تصميم سولمان للمجموعات الأربع

ئەم جۆرە دیزاینە بە بەهێزترین، و ڕاسترین، و وردترین جۆری دیزاینی تاقیکاری دادەنرێت، لەبەر ئەوەی ئاستێکی بەرزی ڕەوای ناوخۆی ودەرەکی( الصدق الخارجي والداخلي External and internal validity ) بۆ تاقیکردنەوەکە دابین دەکات، بە کۆنترۆڵێکی توند و تۆڵی ورد نوێنەرایەتی دەکرێت، کاریگەری پێوانەکردنی پێشەکی یان گۆڕاوەکە دوور دەخاتەوە.

ئەم جۆرە دیزاینە پێویستی بەکاتێکی زیاتر وەك لە جۆرەکانی دیکە، چونکە قەبارەی نموونەکان گەورەیە، جگە لە گەورەیی قەبارەی نموونە، کاتی بۆ دوو پێوانەی پێشەکی و چوار پێوانەی پاشەکی پێویستە، هەروەها نەبوونی جیاوازی ئاماری( المعالجات الإحصائية Statistical processors)بۆ چارەسەرکردنی شەش پێوانەکە، لەبەر ئەوەیە جۆر چارەسەری ئاماری شیکاری ئاماری( تحليل تباين Variance analysis) بۆ چوار پلەی دوای پێوانەکردن بەکار دەهێنرێت.

دیزایینەکە لە ناوەڕۆکدا لە تێکەڵەیەك لە دوو دیزاینەکەی پێشوو ترە، چونکە کۆمەڵەی تاقیکاری دووەم و سێیەم و تاقیکردنەوەی پاشەکی تێدایە، هێڵکاری(). ڕێکاری پێوانەکردن پێشەکی گرنگی تێدایە، وەك :

١) تاقیکردنەوەی پێشەکی بەسوودە، بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا بەڕاستی چارەسەری تاقیکارییەکە (المعالجة التجريبية experimental processing )لە ڕێگەی دەرهێنانی بەراوردی نێوان پێوانەی پێشەکی و پاشەکی سەرکەتوو بووە.

٢) پێوانەکردنی گۆڕاوی وابەستە بۆ نموونەکانی توێژینەوەکە پێش بەکارهێنانی چارەسەری تاقیکاریەکە، لەسەر ئەنجامی توێژینەوەکە گرنگییەکی زۆری هەیە.




هێڵکاری ()

هێڵکاری() دیزاینی سۆلۆمان بۆ چوار کۆمەڵە ڕوون دەکاتەوە .

**دیزاینی نیمچه تاقیکاری** : التصميم شبه التجريبي Quasi-experimental Design

**لەم دیزاینی تاقیکاریە ڕاستەقینەکاندا، هەمیشە جەخت لە سەر هەڵبژارنی هەڕەمەکی نموونەکان دەکرێتەوە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەکان، تاوەکو بخرێنە ژێر کاریگەری چارەسەر تاقیکاریەکان، ئەوەی تێبینی دەکرێت لە هەندێك بارودۆخدا توێژینەوەدا ناتوانرێت هەڵبژاردنی هەڕەمەکی دەستەبەر بکرێت، لێرەدا توێژەران پەنا بۆ دیزاینە تاقیکاریەکانی (کۆ سی)دەبەن، هەروەها لەکاتێکدا توێژەر ناتوانێت کۆنترۆڵی گۆراوە جۆراوجۆرەکان بکات، هۆکارێکی دیکەیە بۆ بەکارهێنانی ئەم جۆرە لە دیزاین .**

**ئەم دیزاینە لە پلەی دووەمدا دێت دوای دیزاینە ڕاستەقینەکان، هەروەها باشترن لە دیزاینەکانی پێش تاقیکردنەوە( واتە: ئەو دیزاینانەی پێوانەی پێشەکی نیە)، خاڵیکی دیکەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە دیزاینە ئەوەیە، توێژەران ناتوانن کۆمەڵەی کۆنترۆڵ (** المجموعة الضابطة**) جیابکەنەوە.**

**ئەم جۆرە لە دیزاینی تاقیکاری، پەیوەندی بە لێکۆڵینەوە لەو بارودۆخانە هەیە کە ڕوو دەدەن و پێویستە بە شێوەیەکی تاقیکاری لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێت، بەلام بەهۆی بێتوانای لە هەڵبژاردن یان هەڵبژاردنی هەڕەمەکی جیاکردنەوەی نموونەکان ودابەشکردنیان بە سەر کۆمەڵەکاندا لە لایەك هەروەها مەحاڵبوونی کۆنترۆڵکردنی کاریگەری گۆڕاوە دەرەکییەکان بەشێوازێك یان تەکنیکێکی جیاواز لەو شێوازەی دیکە پشکنینی ئەو بارودۆخە بکات . کەواتە هۆکارەکانی بەکارهێنانی ئەم جۆرە لە دیزاینی تاقیکاری بریتییە لە :**

- **بێ توانای لە هەڵبژاردنی هەڕەمەکی نموونەکان بۆ کۆمەڵەکان.**
- **باشترە لە دیزاینەکانی پێش تاقیکردنەوە.**
- **بێ توانای لە جیاکردنەوە و پێکهێنانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵ.**

**ئەم جۆرە لە تاقیکاری کۆنترۆڵی تەواوی هەیە و بە دیزاینی نیمچە تاقیکاری** (التصميم شبه التجريبي Quasi experimental design) **ناودەبرێت و چەند جۆرێکی هەیە ، ئەمانەن:**

A. **دیزاینی تاقیکاری کۆمەڵەی کۆنترۆڵی ناهاوشێوە :**

Non-equivalent control group design تصميم التجريبي المجموعة الضابطة غير المتكافئة

B. **دیزاینی تاقیکاری زنجیرەی کاتی بۆ کۆمەڵە :**

التصميم التجريبي الحلقات الزمنية لمجموعة واحدة

Single-group time-loop experimental design

C. **دیزاینی تاقیکاری زنجیرەی کاتی بۆ کۆمەڵەی(تاقیکاری و کۆنترۆڵ):**

التصميم التجريبي الحلقات الزمنية للمجموعتين( التجريبية و الظضابطة)

Experimental design Time- Series for two groups (experimental and control)

**دیزاینی تاقیکاری کۆمەڵەی کۆنترۆڵی ناهاوشێوە :**

Non-equivalent control group design تصميم التجريبي المجموعة الضابطة غير المتكافئة

**ئەم جۆرە دیزاینە لە جۆری دیزاینی ڕاستەقینە دەچێت، چونکە پێوانەی پێشەکی وپا شەکی کۆمە ڵەی کۆنترۆڵی دەکر یّت، بەلاّم لەوەدا جیاوازی هە یە، لە د یاریکردنی نموو نەکان بۆ جیاکرد نەوەی کۆمە ڵەکان ڕەچاوی شێوازی هەڕەمەکی ناکریّت چونکە ئەو تایبە تە بە د یزاینی ڕا ستەقینە، دوا تر بەراورد لە ن یّوان پیّوا نەکانی پێ شەکی و پا شەکی دەردەهێنر یّت تاوەکو کاریـ گەری گۆڕاوە سەربەخۆکە د یاری بکر یّت. هیّڵکاری().**




**هێڵکاری ()**

**هێڵکاری() دیزاینی تاقیکاری کۆمەڵەی کۆنترۆڵی نا هاوشێوە ڕوون دەکاتەوە .**

**دیزاینی تاقیکاری زنجیرەی کاتی بۆ کۆمەڵە :**

التصميم التجريبي الحلقات الزمنية لمجموعة واحدة

Single-group time-loop experimental design

**سادەترین جۆری دیزاینی تاقیکارییە، بریتییە لە ئەنجامدانی زنجیرەیەك تاقیکردنەوەی دوا یەك، لە سەر گۆڕاوە وابەستەکە، تاوەکو توێژەر پێکداچوونی پێوانەکانی پێشەکی، وپا شەکی، وچارە سەرە تاقیکارییە کەی لاڕوون بێت، ئەم جۆرە لە دیزاین یەك کۆمەڵە لە خۆ دەگرێت، بە شێوەیەکی بەرفراوان لە توێژینەوەکانی زانستەکانی فیزیکی و زانستەکانی ژیان** (العلوم البدنية و الحياتية) **بەکار دەهێنرێت.**

**دوای ئەوەی کۆمەڵە کە د یاریکرا، لە ماوە یەکی د یاریکرودا، چەند پێوانە یەکی یەك لە دوا یەکی لێوەردەگیرێت، دوای ئەوە دەخرێتە ژێرکاریگەری چارە سەرە تاقیکارییە کەوە(** المعالجة التجريبية أو المتغير المستقل)**، دوای بەکارهێنانی چارە سەر تاقیکارییە کە بە گوێرەی پلا نی دارێژراو چەند پێوانە یەکی دیکە وەردەگیرێت، گونجاو ترین هۆکاری ئاماری(** عامل الإحصائي أو المعالجة الإحصائي Statistical factor or statistical processing **) بۆ ئەم مەبەستە** (تحليل التباين)**ە.**




**هێڵکاری ()**

**هێڵکاری() دیزاینی تاقیکاری زنجیرەی کاتی بۆ کۆمەڵە ڕوون دەکاتەوە .**

**دیزاینی تاقیکاری زنجیرەی کاتی بۆ کۆمەڵەی(تاقیکاری و کۆنترۆڵ):**

التصميم التجريبي الحلقات الزمنية للمجموعتين( التجريبية و الظضابطة)

Experimental design Time- Series for two groups (experimental and control)

**ئەم دیزاینە تاقیکارییەرێکارەکانی هەمان شێوەی دیزانی پێشترە بەلاّم ئەوەی بۆزیاد ئەکرێت کە دوو کۆمە لەی، یەکێکیان کۆمە لەی تاقیکار یە کە دەخرێتە ژ ێر کاریگەری چارە سەری تاقیکاریەوە (**المتغير المستقل**)، بەلاّم کۆمەڵەی کۆنترۆڵ لە باردۆخی ئاسایی خۆیدا پێوانەکانی لێوەردەگیرێت.**




**هێڵکاری ()**

**هێڵکاری() دیزاینی تاقیکاری زنجیرەی کاتی بۆ کۆمەڵەی(تاقیکاری و کۆنترۆڵ) ڕوون دەکاتەوە .**

**دەکرێت بۆ سێ کۆمەڵە بێت ، بەم شێوەیە :**




**هێڵکاری ()**

**هێڵکاری() دیزاینی تاقیکاری زنجیرەی کاتی بۆ سێ کۆمەڵە ڕوون دەکاتەوە .**

**تاقیکردنەوەی سەرەکی لە توێژینەوەدا :**

The main experience in research التجربة الرئيسة في البحث



ئەم تەوەرەیە لە دەروازەی سێیەمدا، پێش تەوەرەی کۆتای ئەم دەروازە، ناوی ئەو تەوەرە یە بەگوێرەی دیزاینی توێژینەوەکان دەگۆڕێت، چونکە ئەگەر دیزاینی تاقیکارییەکە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی هەبێت، ئەوا لێرە بە برِگەی تاقیکاری پاشەکی ناودەبیرێت، بەلاّم ئەگەر تەنها تاقیکاری پاشەکی هەبێت، ئەوا بە تاقیکردنەوەی کۆتای یان سەرەکی ناودەبرێت.

هەموو ڕێکارو ئامادەکارییەکانی هەر سێ دەروازەی( یەکەم ، دووەم، سێیەم) پێشەوە، بۆ مەبەستی ڕێخستن و ئامادەکاریە بۆ ئەم تەوەرەیە چونکە لێرە توێژەر داتا وزانیاری تەواو بۆ توێژینەوەکە کۆدەکاتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە ئەم تاقیکردنەوەیە تەواوی هەموو ڕێکخستن و وردەکارییەکان بە جێبگەیەنرێت. لێرەدا ئاماژە بە چەند خالّێك دەدەین، کە پێویستە بۆ ئامادەکردنی ژینگەیەکی گونجاو لە هەموو ڕوویەکەوە تاوەکو تاقیکردنەوە و پێوانەکان بە کەمترین هەڵەوە بەڕێوە ببرێت.

1) پێویستە هەرجۆرە ئامێر ، وکەلوپەل، وئامرازێك بەکاردێت ئامادەکراو بێت.
2) ئامادەکردنی لیستی تۆماری داتاکان.
3) پێویستە هەموو ئەو نموونانەی تاقیکردنەوکەیان لەسەر دەکرێت لە دەردەستدا بن.
4) ئامادەیی تەواو لەلایەن تیمی توێژینەوە بۆ بەڕێکردنی دوایەکی پرۆسەی تاقیکردنەوەکە.
5) ئامادەبوونی هەڵەسنگێنەران و ڕێکخستنی ستەیجی هەڵسەنگاندن ئەگەر هەبوو.
6) ئەنجامدانی دوایەکی تاقیکردنەوەکان و چۆنییەتی تۆمارکردنی داتاو زانیارییەکان بەهەمان شێوەی تاقیکردنەوەی پێشەکی ئەگەر هەبوو یان بە هەمان شێوەی ڕێنماییەکانی خودی تاقیکردنەوەکان.
7) گونجاوە ئەگەر برِگەکانی تاقیکردنەوەکان زۆر وجیاواز بوون دەتوانرێت بەسەر چەند ڕۆژێکدا دابەش بکرێت.

**نوسینەوەی چەند ڕێکارێك لە دەروازەی سێیەمدا**

كتابة بعض بعض إجراءات في باب الثالث

Write some of the procedures in the third chapter

١) **ئە گەر تو یژەر یەکێك لە ئامرازە کانی کۆکرد نەوەی زاذ یاری ( تـ یروانین، چاوپێکەوتن، پر سیارنامە) بەکارهێنا، پێویستە بە وردی ڕوون کرد نەوە لە سەر ئەوە جۆرە ئامرازە بدات، لە دەروازی سێیەم لە تەوەرەی تاقیکردنەوەکا ندا ، بۆ نموو نە ئە گەر پر سیارنامەکی بەکارهێنا پێویستە ئەم ڕوون کردنەوا نە بنوسێت :**

- **خاوەن و سەرچاوەی پرسیارنامەکە .**
- **ئەو پرسیارنامەیە بۆ چ مەبەستێك بەکاردێت.**
- **لە کوێدا بەکارهاتووە.**
- **لە چەند برگە وتەوەرە و پێکهاتووە بەڕوونی ئاماژەیان پێبدات.**
- **کلیلی خاڵێکردنەوەی پرسیارنامەکە چیە؟**
- **هەر زانیارییەکی تر ئەگەر پێویست بکات.**

٢) **ئە گەر تو یژەر پرۆگرامێ کی ( ڕاهێ نان، فێر کاری) لە تویژینەوە کەدا هەبوو ، ڕۆ لی گۆڕای سەربەخۆی پێدرابوو یان چارەسەری تاقیکاری (**المعالجة التجريبية **)، پێویستە ئەم ڕوون کردنەوانە بنوسێت :**

- **ناوی پرۆگرامەکە .**
- **ئامانج و مەبەستی پرۆگرامەکە.**
- **کاتی پێویستی پرۆگرامەکە.**
- **پێکهاتکانی پرۆگرامەکە( واتە : تەوەرەکانی پرۆگرامەکە).**
- **بەرواری دەستێکی پرۆگرامەوە.**
- **بەرواری کۆتای پرۆگرامەوە.**

٣) **ئەگەر توێژەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان و پسپۆڕانی وەرگرتبێت، پێویستە لە تەوەرەکانی تاقیرکرد نەوکان و بنەمازانستییەکان ، بەشێوازی هاوپێچ ئاماژە شارەزایان و پسپۆڕان بدات.**

٤) **ئە گەر تو یژرە چەند تاقیکرد نەوەی گەڕان(**التجربـــة الإســـتطلاعية**) کرد بوو، بۆ تاقیکرد نەوەکان و بەجێگەیاندنی پرۆگرام، پێویستە لە تەوەرەی تایبەت بە تاقیکردنەوەکانی گەڕان، بە وردی بنوسرێتەوە.**

٥) ئەگەر تو یژەر کۆمەڵەی توێژینەوەی( مجموعة البحثية Research group) هەبوو، یان تیمی توێژینەوەی( فريق العمل البحثي Research work team ) هەبوو، پێویستە بە شێوازی هاوپێچ ئاماژە بە ناویان بدات.

٦) ئەگەر توێژەرهەرجۆرەوانە یەك یان خولێکی فێر کاری بۆ تیمی توێژینەوە کردبێتەوە، بۆ فێر کاری چۆنییەتی کارکردن لە کاتی تاقیکردنەوەی نموونەکان لە تاقیکردنەوە ( گەڕان ، پێشەکی ، پاشەکی)، پێویستە لە تەوەرەی ڕێکارەکانی توێژینەوە، ئاماژەی پێدات و ڕوونی بکاتەوە.

٧) لە تەوەرەی تاقیکردنەوەکانی گەڕان، تاقیکردنەوەکانی پێشەکی، تاقیکردنەوەکانی پاشەکی، پێویستە :

- هەموو هەنگاو وکارەکانی ئەو تاقیکردنەوانە بە ڕوونی بنوسێتەوە.
- ئاماژە بە بەروار و ژمارە و شوێن و چۆنیەتی بەجێگەیاندنی کارەکان بدات.

٨) لە تەوەرەی تاقیکردنەوەکان : پێویستە چەند تاقیکردنەوەی بەکار هێنابێت، یەك یەك هەموو بنوسرێتەوە لە ڕووی :

- ناوی تاپیکردنەوەی.
- ئامانجی تاقیکردنەوە.
- ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی تاقیکردنەوە.
- ئاماژەدان بەسەرچاوەی تاقیکردنەوە.

٩) تو یژەر پێویستە زانیاری تەواوی لە سەر دەستپێك و کۆتای ئەو پرۆگرامە(فێرکاری یان ڕاهێنانی )ی بەکاری هێناوە هەبێت، هەروەها زانیاری تەواوی لە سەر دیاریکردنی کاتی تاقیکردنەوە سەرەکییەکان( تاقیکردنەوەکانی پاشەکی) هەبێت، بە ڕاو یژێکی ورد، کات دیاری بکرێت، ڕاستەوخۆی دوای کۆتای پرۆگرام، چونکە نابێت لە نێوان کۆتای پرۆگرام و تاقیکردنەوەی پاشەکی کاتێکی زۆر بێت، لە بەر ئەوەی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکە لە سەر گۆڕاوە وابەستەکان کەم دەبێتەوە بۆ تاقیکردنەوەی پاشەکی، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئەنجامەکان دەبێت و دەیگۆڕێت.

١٠) ئەگەر توێژینەوە تاقیکردنەوەی پێشەکی وپاشەکی هەبووە، پێویستە هەموو ژینگەی هەردوو تاقیکردنەوەکە، وەك یەکن بن، لە ڕووی ئامێرەکان، ئامرازەکان، کەلوپەلەکان، کات و ڕێکارەکان تاوەکو کۆنترۆڵی هەموو هۆکارە دەرەکییەکان بکرێت و کاریگەری لەسەر ئەنجامەکان دروست نەکات.

**پێکهاتەی دەروازەی سێیەم بۆ توێژینەوەی ( وەصفی)**

مكونات باب الثالث لمنهج الوصفي

Components of Chapter Three of the descriptive approach

**٣- میتۆدی توێژینەوە و ڕێکارکارەکانی مەیدانی**

منهجية البحث و إجراءاته الميدانية

Research methodology and field procedures

**٣- میتۆدی توێژینەوە و ڕێکارکارەکانی مەیدانی**

٣-١ **ڕێبازی توێژینەوە** : منهج البحث Research Methodology

٣-٢ **کۆمەڵەی نموونەی توێژینەوە** : مجتمع البحث وعينته The research community and its sample

٣-٣ **ئامێر و کەلوپەلەکان و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری** :

الأجهزة والأداوات ووسائل جمع المعلومات Devices، tools and means of collecting information

٣-٣-١ **ئامراز و کەلوپەلەکان بەکارهاتوو لە توێژینەوەدا** :

الأجهزة والأداوات المستخدمة في البحث Devices and tools used in research

٣-٣- ٢ **ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری** : وسائل جمع المعلومات Means of collecting information

٣-٤ **دیاریکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوە** : تحديد متغيرات البحث Define search variables

٣-٥ **دیاریکردنی تاقیکردنەوە بەکارهاتووەکان لە توێژینەوەدا**:

تحديد الإختبارات المستخدمة في البحث Identify the tests used in the research

٣-٦ **بنەما زانستییەکانی تاقیکردنەوە**: الأسس العلمية للاختبارات Scientific foundations of the tests

٣-٧ **تاقیکردنەوە یان تاقیکردنەوەکانی گەڕان و دۆزینەوە**:

التجربة أو التجارب االإستطلاعية Experiment or exploratory experiments

٣-٨ **تاقیکردنەوەی سەرەکی** : التجربة الرئيسة The main experiment

٣-٩ **هۆکارەکانی ئاماری** : الوسائل الاحصائية Statistical methods

**پێکهاتەی دەروازەی سێیەم بۆ توێژینەوەی ( تاقیکاری)**

مكونات باب الثالث لمنهج التجريبي

Chapter Three Components of the Experimental Method

**٣- میتۆدی توێژینەوە وڕێکارکارەکانی مەیدانی**

منهجية البحث وإجراءاته الميدانية

Research methodology and field procedures

٣-١ **ڕێبازی توێژینەوە** : منهج البحث Research Methodology

٣-٢ **کۆمەڵەی نموونەی توێژینەوە** :

مجتمع البحث وعينته The research community and its sample

٣-٣ **ئامێر و کەلوپەلەکان و ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری** :

الأجهزة والأداوات ووسائل جمع المعلومات

tools and means of collecting information،Devices

٣-٣-١ **ئامراز و کەلوپەلەکان بەکارهاتوو لە توێژینەوەدا** :

الأجهزة والأداوات المستخدمة في البحث Devices and tools used in research

٣-٣- ٢ **ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری** : وسائل جمع المعلومات Means of collecting information

٣-٤ **دیاریکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوە** : تحديد متغيرات البحث Define search variables

٣-٥ **دیاریکردنی تاقیکردنەوە بەکارهاتووەکان لە توێژینەوەدا:**

تحديد الإختبارات المستخدمة في البحث Identify the tests used in the research

٣-٦ **بنەما زانستییەکانی تاقیکردنەوە:** الأسس العلمية للاختبارات Scientific foundations of the tests

٣-٧ **تاقیکردنەوەکانی گەڕان و دۆزینەوە:**

التجارب االإستطلاعية Experiment or exploratory experiments

٣-٧-١ **تاقیکردنەوە گەڕان بۆ تاقیکردنەوەکان:**

التجربة االإستطلاعية للإختبارات Experiment or exploratory experiments

٣-٧-٢ **تاقیکردنەوە گەڕان بۆ پرۆگرام:**

التجربة االإستطلاعية للمنهج Experiment or exploratory Syllabus

٣-٨ **ڕێکارەکانی توێژینەوە** : إجراءات البحث Research procedures

٣-٨-١ **تاقیکردنەوەکانی پێشەکی** : الإختبارات القبلية Pre-tests

٣-٨-٢ **پرۆگرامی ( ڤێرکاری، ڕاهێنان )** : المنهج (التعليمي، التدريبي) training)،Curriculum (educational

٣-٨-٣ **تاقیکردنەوەی سەرەکی** : التجربة الرئيسة training)،Curriculum (educational

٣-٩ **هۆکارەکانی ئاماری** : الوسائل الاحصائية Statistical methods

**شێوازە ئامارییەکان لە توێژینەوەی زانستیدا:**

Statistical methods in scientific research الأساليب الإحصائية في البحث العلمي

**شێوازە ئامارییەکان لە توێژینەوەی زانستیدا بریتین لە کۆمەڵێك هاوکێشە یان مۆدێلی بیرکاری، لە کرداری شیکاری ئاماری داتاکاندا بەکار دەهێنرێن، بەهۆیانەوە توێژەر کۆمەڵێك زانیاری بەدەستدەهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکەی بوکاریان دەهێنێت .**




**گرنگی بەکارهێنانی شێوازە ئامارییەکان :**

Importance of using statistical methods أهمية إستخدام الأساليب الإحصائية

**شێوازەکانی ئاماری گرنگی زۆریان هەیە، بەتایبەت لە بواری توێژینەوەی زانستیدا، ئامار کۆمەڵێك ئەرکی بەرفراوان ئەنجام دەدات، لێرەدا ئاماژە بەهەندێك لە گرنگییەکانی شێوازەکانی ئاماری دەدەین.**

**١) شێوازەکانی ئاماری یارمەتی پێشکەشکردنی کۆمەڵێك ڕاستی دیاریکراو دەدات.**

**٢) وردبینی لە سەلماندنی هەموو ڕاستییەکان.**

**٣) هۆکارێکە بۆ بەراوردکردن .**

**٤) یارمەتی داڕشتن و تاقیکردنەوەی گریمانەکان دەدات.**

**٥) لەسەر بنەمای زانستی یارمەتی پێشبینی کردنێکی دروست دەدات.**

**٦) لە دروستکردن و داڕشتنی سیاسەتەکاندا هاوکارە .**

**٧) هۆکارێکە بۆ فراوان کردنی بواری زانین.**

**گرنگی شیکارە ئامارییەکان :**

The importance of statistical analysis أهمية التحليل الإحصائي

**گرنگی شیکاری ئاماری لە توێژینەوەی زانستیدا لەسەر بنەمای ئەو راستیەیە، کە لە کاتی ئەنجا مدانی هەر تاقیکردنەوەیە کدا، تو ێژەر خۆی لە گەڵ کۆ مەڵێك دا تای نارێکخراودا دەبینێ تەوە، کە هیچ ئەنجامێکی راستەوخۆ بە دەستەوە نادات تاوەکو بتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت، بە بەکارهێنانی شیکاری ئا ماری، تو ێژەران دەتوانن :**

1) **شیکاری و پۆلێن بکەن و بەراوردکردی دا تا کۆکراوە کان بکەن گۆڕینیان بۆ زانیاری و ئەنجا مە روو نەکان تاوەکو تێگەیشتن لێیان ئاسانتر بێت.**
2) **شیکاری ئا ماری لە توێژینەوەی زانستیدا، یار مەتی تو ێژەر بۆ دڵنیابوون لە ورد بینی لە وە سفکردنی دیاردەکاندا دەدات، ناچاری دەکات پابەند بێت بە وردبینی لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکاندا.**
3) **دەرفەت بۆ توێژەر دەرەخسێنێت کە ئەنجامە گشتییەکانی دیکە وەربگرێت .**
4) **یارمەتی توێژەر دەدات بۆ پێشبینی کردن .**



**جۆرەکانی داتاکان :** أنواع البيانات Data types

**داتاکان لە سێ جۆردان :**

1) **داتاکانی چەندێتی :** البيانات الكمية Quantitative data

   **وەك : تەمەن .**

2) **داتاکانی جۆری زنجیرەی :** البيانات ذات نوعية الترتيبية Ordinal quality data

   **وەك : باش ، زۆرباشە ، نایاب**

3) **داتاکانی جۆری ناوی :** البيانات ذات نوعية الأسمية The data are of nominal quality

   **وەك : نێر ، مێ .**

**هەنگاوەکانی شیکارە ئامارییەکان :** خطوات التحليل الإحصائي Steps of statistical analysis



**١) دیاریکردنی جۆری داتای کۆکراوە :**

Determine the type of data collected تحديد نوع البيانات التي تم جمعها

**واتە:**

- **دیاریکردنی ئەو داتایانەی کە پەیوەندیان بە گۆڕاوەکانەوە هەیە.**
- **هەروەها دیاریکردنی جۆری پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕاوەکانی ناو توێژینەوە.**
- **دیارکردنی گۆڕاوە سەربەخۆکان.**

**٢) دیاریکردنی جۆری هۆکاری ئاماری :** تحديد نوع الاختبار الإحصائي Determine the type of statistical test

**بۆ ئەوەی تێۆژەر ئەم هەنگاوە ئەنجام بدات، پێویستە بەباشی ئاگاداری نێوان پشکنین پارامیتریەکان** (الاختبارات المعلمية Parametric tests ) **و پشکنینی ناپارامیتریەکان** (الاختبارات غير اللامعلمية Non-parametric tests) **بێت، چونکە هەڵبژاردەکانی پارامیتریەکان پێویستیان بە (** توزيع طبيعي، إستقلالية بين عينة، تجانس تباين ، العشوائية، متغيرت كمية **) لە کاتێکدا پشکنینی ناپارامیتریەکان پێویستی بەو مەرجانە نییە، داتاکانی** (الوصفية والرتبية أو الترتيبية).

**٣) تاقیکردنەوەی گریمانەکان :** اختبار الفرضيات Hypothesis testing

**دەتوانرێت گریمانەکان لە ڕێگەی کۆمەڵێك هەنگاوەوە تاقیبکرێنەوە، بۆ نموونە: دیاریکردنی گریمانەی پووچ، دیاریکردنی گریمانەی تاقیکاری، هەڵبژاردنی ئاستی ئاماژەی گونجاو .**

**٤) دیاریکردنی ئاستی ئاماژەی ئاماری:** تحديد مستوى الدلالة الإحصائية Determine the level of statistical significance

**دوو ئاستی گرنگی ئاماری هەیە، ئاڕاستەی تاقیکردنەوەکە ( ئایا دوو جەمسەرە یان یەك جەمسەر) واتە ئایا گریمانەکە گریمانەی سفرییە یان گریمانەی جێگرەوەیە(یەك ئاڕاستەیە یان ددوو ئاڕاستەیە)،چونکە جۆری هۆکاری ئاماری دەگۆڕێت.**

٥) **دەرهێنانی ئەنجامەکان :** إستنتاج النتائج Conclusion of results

**دوو ئاستی گرنگی ئاماری هەیە، ئەوانیش ئەو قۆناغەی توێژەر ئاڕاستەی تاقیکردنەوەکەی (**اتجاه الاختبار ( طرفين أو طرف واحد**)) دیاری دەکات، هەروەها نمرەی ئازاردبوون(** الدرجة الحرية**) ئاماژەیە بۆ ژمارەی ئەو بەهایانەی کە دەتوانرێت گۆڕانکاریان تێدا بکرێت، لەکاتی هەژمارکردنی هاوکێشەکی ئاماری دیاریکراو. واتە دیاریکردنی نمرەی ئازاردبوون (** الدرجة الحرية**) بەگوێرەی ئاڕاستەی توێژینەوەکەیە.**

**جۆرەکانی ڕێگاکانی شیکاری داتاکان :**

أنواع طرق تحليل البيانات The types of data analysis methods

**شێوازەکانی شیکاری داتاکان دەتوانرێت بە شێوەیەکی بەرفراوان پۆلێن بکرێت ، بۆ ئەم پۆلێنە :**

١) **شیکاری داتاکانی چەندایەتی :** تحليل البيانات الكمية Quantitative data analysis
٢) **شیکاری داتاکانی چۆنایەتی :** تحليل البيانات النوعية Qualitative data analysis
٣) **شیکاری داتاکانی ئاماریانە :** تحليل احصائي Statistical analysis
٤) **شیکاری داتاکانی دەقی :** التحليل النصي Textual analysis
٥) **شیکاری داتاکانی وەسفکەر :** التحليل الوصفي Descriptive analysis
٦) **شیکاری داتاکانی پێشبینیکراو :** التحليل التنبؤي Predictive analysis
٧) **شیکاری داتاکانی ئاڕاستەی :** تحليل توجيهي Prescriptive analysis
٨) **شیکاری داتاکانی دەستنیشانکردن :** لتحليل التشخيصي Diagnostic analysis



**چارەسەرە ئامارییە بەکارهاتووەکان بۆ دەرهێنانی ئەنجامەکان :**

Statistical tools used to extract results المعالجات الإحصائية المستخدمة لإستخراج النتائج

**چارەسەر ئامارییەکان دوو جۆرن :**

A. **چارەسەری ئاماری وەسفی :** المعالجة الوصفية Descriptive processing

A. **چارەسەری ئاماری شیکاری :** المعالجة التحليلية Analytical processing

.................................................................

B. **چارەسەری ئاماری وەسفی :** المعالجة الوصفية Descriptive processing

١) مقاييس النزعة المركزية : مقاييس النزعة المركزية Measures of central tendency

- **خشتەی ڕێکخستن :** جداول الإعداد Table of Contents
- **ڕێژەی سەدی (%) :** النسبة المؤية percentage
- **ناوەندی ژمارە :** الوسط الحسابي Mean
- **ناوەندی ژمارەی :** الوسيط Median
- المنوال: المنوال Mode

Statistical Tools
for Research

٢) **پێوانەکانی پەرشوبلاّوی :** مقايس التشتت Measures dispersion

- **بوار :** المدى Range
- **لادانی پێوانەی :** الإنحراف المعياري Standard deviation

B. **چارەسەری ئاماری شیکاری :** المعالجة التحليلية Analytical processing

- **پەیوەندی :** العلاقة Coefficient of correlation
- **تی تێست :** إختبارات (ت) للفروقات Tests (t)
- **شیکاری :** تحاليل Analysis

# دەروازەی چوارەم

## خستنەڕوو وشیکار وگفتوگۆی ئەنجامەکان

## عرض وتحليل ومناقشة النتائج

## Presentation, analysis and discussion of results



خستنەڕوو وشیکار وگفتوگۆی ئەنجامەکان ...........................................................................................................................................
شێوازەکانی پێشنیارکراو بۆ خستنەڕووی ئەنجامەکان لە توێژینەوەی زانستیدا ........................................................................................
گفتوگۆ کردن لەسەر ئەنجامەکان لە توێژینەوەی زانستیدا ........................................................................................................
ڕۆڵی توێژەر لە خستنە ڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوە ........................................................................................................
باوترین هەڵەکانی توێژەران لە خستنە ڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوە ...........................................................................................

**خستنەڕوو وشیکار وگفتوگۆی ئەنجامەکان :**

Presentation, analysis and discussion of results عرض وتحليل ومناقشة النتائج

**قۆ ناغی خ ستنە ڕوو وگف تۆی ولێکدا نەوی و شیکاری ئەنجا مەکانی توێژی نەوەکان، بە یەکێك لە قۆنا غە گرنگەکانی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت، بەو پێیە ئەنجامە گرنگە کە ئەوە یە کە پێگەی توێژی نەوە و توێژ نەوە زانستییەکان بەرز دەکاتەوە.**

**هەموو توێژینەوەیەکی زانستی تەواو دەبێت، کۆمەڵەیەکی ئەنجامی ڕوو نی توێژینەوە کەی تێدا دەبێت، بە شێوەیەکی ئەکادیمی گفتوگۆی و لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی چەند قۆناغێك.**

**لێکدانەوەی ئاما نجەوکانی توێژی نەوە زانستی بریتین لە تیۆری، ویا سای، و ئەو هەنگاوا نەی کە ڕەوا یەتی ئەنجامەکان دەسەلمێنن کە توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پێی گە شتووە، ئە مەش تو ێژەر لە تیۆری یەکانی پێ شوو یان هاوکێشە تایبەتەکانی پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکە وەربگرێت.**

**تو ێژەر لە ڕێ گەی لێکدا نەوەوە دەتواذ ێت ئەو پەیوە ندی و پرۆ سانە ئا شکرا ب کات کە ڕەنگدا نەوەی ئاما نجەکانبن، لە حاڵەتێ کدا تو ێژەر هەڵە سنگاندن بۆ گریما نەکانی دە کات، ئە گەر گریما نەکانی چەند جار ێك تاقیبکرێ تەوە و پ شگیریان بکر ێت، لەوا نەی تو ێژەر بگا تە گ شتاندنی گریمانە کە، بەڵام ئە گەر تو ێژەر نەیتوانی لەسەرەتاوە گریمانەیەکی بۆ جۆرێك لە ئەنجام دەرچوو دانەڕشتبوو ، ئەوا لە سەر بنچینەی چەند بابەتێکی تیۆری لێکدا نەوەی بۆ دە کات، ئە مەش ڕەن گە هە ندێکجار ببێ تە پر سیارێکی نوێ و بە دوای خۆ یدا توێژی نەوەی ز یاتر بهێنێتە کایەوە .**



**شێوازەکانی پێشنیارکراو بۆ خستنەڕووی ئەنجامەکان لە توێژینەوەی زانستیدا :**

الأساليب المقترحة لعرض نتائج البحث العلمي

Suggested methods for presenting results in scientific research

**خستەڕووی ئەنجامەکان جۆری خشتەی :** عرض النتائج نوع الجداول Show results type tables

**خستنەڕووی ئەنجامەکانی شێوازێکی باوە لە توێژینەوەی زانستیدا، ئەمەش لە ڕێگەی درو ستکردنی چەند خشتەیەك بۆ ڕێکخستن و خستنە ڕووی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان لە چارەسەرییە ئامارییەکانەوە، هەروەها لێرەدا شەش جۆری دیکە لە خستنەڕووی ئەنجامەکان ئاماژە پێدەدەیم ، ئەمانەن:**

١) **وێنەی بەیانی شریتی (پاراگراف)** : الرسم البياني الشريطي Bar Graph
٢) **وێنەی گرافیکی هێڵی** : الرسم البياني الخطي Line Graph
٣) **وێنەی هێڵکاری پای** : الرسم البياني الدائري Pie Chart
٤) **وێنەی نەخشە** : الخريطة Map
٥) **وێنەی پێوەری** : المقياس Gauge
٦) **وێنەی هێڵکاری پەرشوبلاو** : مخطط مبعثر Scatter Plot



**گفتۆگۆ کردن لەسەر ئەنجامەکان لە توێژینەوەی زانستیدا :**

Discussing results in scientific research مناقشة النتائج في البحث العلمي

**ئەو بابە تەی باس لە ئەنجا مەکانی توێژینەوە کە دە کات، بە یەکێك لە گرنگترین بابە تەکانی توێژی نەوە دادەنر ێت، چونکە دەرەنجا مەکانی توێژینەوە کە و ئەو ئەنجاما نەی بەدە ستهاتووە و وەلا می ئەو پر سیارانەی لەسەرەتای توێژینەوەکەدا وروژێنراون پیشان دەدات و هەموو ئەوانەی تێدا دەنوسرێتەوە.**

**ئا مادەکردنی با بەتی گفتۆ گۆی ئەنجا مەکان پێوی ستی بە بەراوردێکی ورد لە نێوان گریما نەکانی سەرەتای توێژینەوەکە و دەرەنجامەاکنی کۆتای توێژینوەکە بکرێت. ئەم لێکدانەوەیە توێژەر دەگەیەنێتە ئەوەی بڕیار لەسەر قبولکردن یان ڕەدکردنەوەی هەر گریمانە یەك لە گریما نەکانی توێژینەوە کەی بدات ، ئە مە جگە لەوەی تو ێژەر پێوی ستە ئەوە ڕوون بکا تەوە، ئا یا ئەو ئەنجاما نەی تو ێژەر لە توێژینەوەکە یدا پ ێی گەی شتووە، لە گەڵ ئەنجامی توێژی نەوە و لێکۆڵێ نەوەکانی دی کەدا لە ڕووی زاN ستییەوە یەکدەگرێ تەوە، هەروەها ئە گەر دەرەنجا مەکان جیاوازبوون، پێویستە ڕوونکردنەوەیەکی ڕازیکردنانە لە سەر ئەو جیاوازییا نەی دەرەنجامە کەی لە گەڵ دەرە نجامی توێژینەوەکانی پێشوو تر پێشکەش بکات.**



**ڕۆڵی توێژەر لە خستنە ڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوە :**

دور الباحث في عرض نتائج الدراسة The researcher's role in presenting the study results

**توێژەر لەکاتی خستنەڕوو و پێشکەشکردنی ئەنجا مەکانی توێژینەوە کەی لە دەروازەی چوارەمدا چەند ئەرکێکی گرنگی هەیە، گرنگترینیان، ئەمانەن:**

١) **سەرەتا توێژەر لە ڕێگەی یەکێك لە شێوازەکانی خستنەڕووی داتا ( خشتە، گرافیك ، ....هتد)، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە پێشکەش دەکات.**

٢) **توێژەر لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی ئەنجامەکانەوە ئەوە دەخا تە ڕوو، کە چۆن بەهۆی چاودێری تایبە تەوە گەیشتۆتە ئەم ئەنجاما نە، وهۆکارە کان چی بووە، چونکە ئەم پر سیارە د یارترین پر سیارە کە لەکاتی خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەدا دێتە سەر مێزی گفتوگۆ .**

٣) **توێژەر هەموو ئەو هۆکارانە ڕوون دەکاتەوە کە بووەتە هۆی گەیشتن بەو ئەنجامانە لە توێژینەوەکەدا.**

٤) **لە دوای خشتەکردن و خستنەڕووی ئەنجامەکان قۆ ناغی گفتو گۆی ئەنجا مەکان دە ستپێدەکات، ئەم کارەی توێژەر تەوەرێکی گرنگە لە گفتوگۆی ئەنجامەکان لە دەروازەی چوارەمدا چونکە بەراورد وجیاوازی یەکانی نێوان ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لە گەڵ توێژی نەوەکانی دیکەی هاو شێوە دە کات، کە لە هەمان بواری زانستیدا ئەنجام دراون.**

٥) **توێژەر هەمیشە بۆ سەلماندنی ئەنجامەکانی توێژینەوکەی، پشت بە بەڵگە وبەڵگەسازی زانستی دەبە ستێت، بەتایبەت ئەو توێژینەوە زانستییە هاوشێوانەی لەبواری هاوشێوە یان نزیك لە بواری توێژینەوەکەیدان.**

**باوترین هەڵەکانی توێژەران لە خستنە ڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوە :**

الأخطاء الشائعة للباحثين عند عرض نتائج الدراسة

Common mistakes made by researchers when presenting study results




**١) زیادەڕەوی لە بەرکارهێنانی جێگرەوەی کەسی یەکەم (من)، لە بری ووشەی توێژەر.**

**٢) لەکاتی خستەڕووی ئەنجامەکان، توێژەر ڕەچاوی ڕێزبەندی ئەنجامەکانی توێژینەوەی نەکات.**

**٣) نەبەستنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکان بە ئامانجی بابەتی توێژینەوەکەوە.**

**٤) پشتبەستن بە شێوازی ئاماری و بەکارهێنانی وەك ژێرنووس.**

**٥) خستنەڕووی کۆمەڵەیەکی گەورە لە ئەنجامەکان، بەبێ هەماهەنگی ڕێکخستنیان بە شێوەیەکی لۆژیکی.**

**٦) دەرکردنی ئەو گریمانانەی سەرلێنراوە بێ بەهابوون.**

**٧) کەمتەرخەمبوون لە خستنەڕووی یەکێك لە ئەنجامەکان لەکاتی بەراوردکردنی ئەنجامەکان.**

**٨) نابێت توێژەر لەکاتی دەرهێنان و شیکاری ئەنجامەکاندا هەوڵی دەرخستنی خۆی بدات چونکە کەسایەتی توێژەی لە دەرهێنانی ئەنجامەکان و بەراوردکردنیاندا دەرناکەوێت.**

**٩) توێژەر هەندێك ئامانج دەخاتە ڕوو، لە زەمینەی کاری توێژینەوەکەدا کارپێنەکراوبوون.**

**١٠) ناساندنی چارەسەری ئاماری لەگەڵ خستنەڕووی ئەنجامەکاندا ناگونجێت.**

**١١) پێشکەشکردن، وخستنە ڕوو ،ولێکدانەوە بۆ ئەنجامەکان، ئەگەر لەسەر بنەمای بەڵگە نەبێت، توێژەر نابێت ڕاستی گریمانەکان بسەلێنێت یان ڕەتی بکاتەوە .**

**١٢) بوونی هەڵە لە بەکارهێنانی هەندێك زاراوە یان هەڵەی ڕێزمانی ورستەسازی، ڕەنگدانەوەی لەسەر مانای ڕاستەقینەی زاراوەکە نییە، جۆرێك لە سەرلێشواندن و شپرزەی لە لێکدانەوەکان و تێگەیشتن لێیان دروست دەکات .**

# دەروازەی پێنجەم

## دەرەنجامەکان و ڕاسپاردەکان لە توێژینەوەی زانستیدا

الإستنتاجات و التوصيات في البحث العلمي

Conclusions and recommendations in scientific research





دەرەنجامەکان و ڕاسپاردەکان لە توێژینەوەی زانستیدا ........................................

دەرەنجامەکان ........................................

ڕاسپاردەکان........................................

گرنگی نوسینی دەرەنجام و ڕاسپاردەکان ........................................

**دەرەنجامەکان و ڕاسپاردەکان لە توێژینەوەی زانستیدا :**

الإستنتاجات و التوصيات في البحث العلمي Conclusions and recommendations in scientific research




**دەرەنجامەکان :** الإستنتاجات The conclusions

**دەرەنجامەکان** ( الإستنتاجات The conclusions ) **لە توێژینەوەی زانستیدا بریتییە لە کۆمەڵێك ڕاستی کورتکراوە، کە لە دوای تەواوکردنی توێژینەوە کە بەدە ستهاتووە، پەیوەند یدار بە ئاما نجەکانی توێژینەوە کە دادەنرێت.**

**ڕاسپاردەکان :** التوصيات Recommendations

**ڕاسپاردەکان** ( التوصيات Recommendations )**لە توێژینەوەی زانستیدا بریتییە لەو شێوازەی کە لەڕێگەیەوە ئەو ئەنجامانە پەیوەندیدار بە گرنگی توێژینەوەکەوە بەتەواوی دەقۆزرێتەوە وسوودی لێوەردەگیرێت**

.

**گرنگی نوسینی دەرەنجام و ڕاسپاردەکان :**

أهمية كتابة الإستنتاجات والتوصيات The importance of writing conclusions and recommendations

١) **دەرەنجامەکان و ڕاسپاردەکان پێویستییەکی گرنگن لە توێژینەوەی زانستیدا .**

٢) **بەبەشێکی گرنگ دادەنرێت لە پێشکەشکردنی پێشنیارەکانی تو یژەر و گەیا ندنی چارە سەرە ئەگەرییەکان بۆ بەکارهێنان لە بواری توێژینەوەدا.**

٣) **بۆ کەسانی تر بە ئامرازێکی هاو کاری دادەنر یت، لە بەردەوامی توێژینەوە و خوێندن بۆ هەمان پسپۆڕی و کێشەی توێژینەوەکەیان.**

٤) **تێڕوانینی کشتی دەدات سەبارەت بەو هەوڵانەی کە توێژەر خەرجی دەکات، بۆ ئەوەی چارەسەری بەسوود و کارپێکراو بدۆزێتەوە و ئەو شێوازەی کە بۆ نوسینی توێژینەوەکانی بەکارهاتووە.**

٥) **دەرە نجام و ڕا سپاردەکان، توخمێکن لە بە شەکانی توێژینەوە کە، بۆ کارایی، وچارە سەر ، وپێ شنیارەکانی پێشکەشکراو .**

٦) **ڕا سپاردەکان پوختەیەکی گرنگی بە شەکانی توێژینەوە و بیرهێنانەوەی گرنگترین خاڵەکانی توێژینەوەی زانسی و چارەسەر پێشنیارکراوەکانە .**

# بەش کۆتای توێژینەوە

## کورتەی توێژینەوە و ئاماژەکان وسەرچاوەکان

ملخص البحث والمراجع والمصادر

Summary of research, references and sources







کورتەی توێژینەوە ..........

مەرجەکانی کورتەی توێژینەوە ..........

مەرجەکانی کورتەی توێژینەوە بۆ ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا ..........

گرنگی ڕاوبۆچوونی شارەزایان و پسپۆڕان ..........

کۆنترۆڵی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی زانستی ..........

شێوازەکانی نوسینی(بەلگەنامەکردنی) سەرچاوەکان و ئاماژەکان لە توێژینەوەی زانستیدا ..........

شێوازی بەلگەنامەکردنی کۆمەڵەی پزیشکانی دەروونی ئەمریکی APA..........

شێوازی بەلگەنامەکردنی هارڤارد ..........

شێوازی بەلگەنامەکردنی کۆمەڵەی زمانی مۆدێرن MLA..........

شێوازی بەلگەنامەکردنی سستمی شیکاگۆ ..........

کاری توێژەر دوای کۆتای هاتنی نوسینی لە توێژینەوەدا..........

**کورتەی توێژینەوە :** ملخص البحث Research Summary

**بەشێکە لە نوسینی توێژینەوە، کورتەی هەموو توێژینەوەکە یە، ئامانج لە نوسینی کورتەی توێژینەوە، پێدانی بیرۆکەی گشتی یا بەتی توێژینەوە، و چۆنییەتی کارکردن، و دەرەنجامەکانییەتی بە خوێنەری ئەو توێژینەوەیە. نوسینی کورتەی توێژینەوە ، وەك هەموو بابەتەکانی دیکەی توێژینەوە چەند مەرج و پێکهاتە یەکی تێدایە .**

**مەرجەکانی کورتەی توێژینەوە :** شروط ملخص البحث Research summary conditions

1) **ناونیشانی توێژینەوەکە و ناوی توێژەر .**
2) **ئامانج لە ئەنجامدانی توێژینەوەکە چی بووە .**
3) **ئاماژەدان بە کۆمەڵگەی توێژینەوە و نموونەکانی و جۆری نموونەگەری لە کۆمەڵگەی توێژینەوە.**
4) **نوسینی جۆری ڕێبازی(** نوع المنهج Curriculum type **) بە کارهاتوو لە توێژینەوەدا.**
5) **ئاماژەدان بە جۆری هۆکاری چارەسەری ئاماری بەکارهاتوو .**
6) **ئاماژەدان بە دەرەنجامەکانی توێژینەوە.**
7) **ئاماژەدان بە ڕاسپاردەکان توێژەر .**
8) **پێویستە لە** 350 **ووشە زیاتر نەبێت .**
9) **هیچ جۆرە سەرچاوە و ووێنە و هاوپێچی تێدا نیە.**

**مەرجەکانی کورتەی توێژینەوە بۆ ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا :**

شروط ملخص رسالة الماجستير و أطروحة الدكتوراه

Requirements for the summary of the master's thesis and the doctoral thesis

**واتە نوسینی کورتەیەك بە زمانی دووەمی توێژینەوە ، ئەم جۆر لە کورتەی توێژینەوە بەم شێوەیە :**

1) **کورتەیەك لە دەروەازەی یەکەم لە( کورتەی پێشەکی، ئامانج، گریمانە، بوارەکانی توێژینەوەی) پێکدێت.**
2) **کورتەیەکی چەند ڕستەیە لە دەروازەی دووەم ئاماژە بە بابەتەکانی ناوەرۆکی دەروازەی دووەم بدات.**
3) **کورتەیەکی چەند ڕستەیی ڕێکارەکانی توێژینەوەکە ڕوون بکاتەوە.**
4) **ئاماژەیەکی کورت بۆ دەرەنجامەکان** (الإستنتاجات Conclusions) **و پێشنیارەکانی**(التوصيات Recommendations ) **توێژینەوەکە.**
5) **کورتەی توێژینەوە بە زمانی کوردی بەهەمان شێوەی کورتەی توێژینەوەیە بە زمانی دووەم.**

**گرنگی ڕاوبۆچوونی شارەزایان و پسپۆڕان :**

أهمية رأي الخبراء والمختصصين

The importance of the opinion of experts and specialists

**کاتێك توێژەر کارێکی زانستی یان توێژینەوەیەکی زانستی ئامادە دەکات، بۆ ئەوەی ئەنجامی بدات، بۆ دڵنیابوون لە زانستی بوونی بابەتەکەی و چۆنییەتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی پێویست بۆ کارکردن، لە ڕێگەی پرسیارنامەیەکەوە( الإستبيان ) کارەکەی نیشانی چەند شارەزا وپسپۆڕێك دەدات تاوەکو ڕاوبۆچوونی خۆیان لەسەر خاڵی لاواز و بەهێزی کارە زانستییەکەی نیشان بدەن وبە ڕاستکردنەوەی دەرچەی زانستی هاوکاری توێژەر بکەن. هەروەها لە وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی شارەزایان و پسپۆڕان چەند سودێکی دیکە دەبینرێتەوە، ئەمانەن:**

**١) هەڵسەنگاندنی توێژینەوە زانستیەکە لە هەموو لایەکەوە، دیاریکردنی خاڵی بەهێز و لاوازی بۆ توێژەر.**

**٢) دەرکەوتنی ئاستی پەیوەست بوونی توێژەر بە لایەنی بابەتی توێژینەوەی زانستی، ئایا چ جۆرە زیادکردنێك بۆ توێژینەوەی زانستی دەکات.**

**٣) پەرەپێدانی بەرهەم هێنانی زانستی .**

**٤) باشترکردن و کۆنترۆڵکردنی ستانداردەکانی توێژینەوە، کە پێویستە توێژەر پابەند پێیانەوە .**

**٥) باشترکردنی بڕیاردان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی کوالیتی بەرز و ڕازی نەبوون بە توێژینەوەی بێ سوود.**

**٦) هەڵسەنگاندنێکی دادپەروەرانە و دوور لە لایەنگری.**



**کۆنترۆڵی هەڵسەنگاندانی توێژینەوەی زانستی :**

Scientific research arbitration controls ظوابط تحكيم البحث العلمي

**کاتێك توێژەرێك بۆ مەبەستی هەڵسەنگاندنی لایەنی زانستی بابەتی و توێژینەوەکەی ئاراستەی پسپۆڕێك (هەڵسەنگێنەرێك) دەکر یێت، ئەو هەڵە سنگاندنە بەگوێرەی چەند بنەما یەکی سەرەکی جێبەجێدەکرێت، تاوەکو پرۆ سەی هەڵ سەنگاندنەکە شێوازیکی بابەتیا نە وەربگر یێت، لـ یێرەدا ئا ماژە بە چەند خاڵێکی سەرەکی ئەو هەڵەسەنگاندنە دەدەین:**

**١) دەستپاکی و بێلایەنی بۆ ئەو لایەنەی هەڵسەنگاندنەکەی بۆ دەکرێت.**
**٢) پارێزگاری کردن لە نهێنی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی زانستی، لە پێناوی ڕێگری لە دزین و دەستکاریکردنی توێژینەوەی زانستی .**
**٣) هەڵسەنگێنەری توێژینەوەی زانستی پێویستە ڕاوبۆچوون ورخنە و ڕێنماییەکانی خۆی بۆ توێژینەوەی زانستییەکە ڕابگەیەنێت، ئەمە جگە لەوەی هەرجۆرە زیادەیەکی دیکە ئەگەر بەباشی زانی.**
**٤) دیاریکردنی ئەوبڕگانەی توێژەر لە توێژینەوەی زانستیدا دزینی تێداکردووە، هاوپێچ کردنی هەموو بەلگەکان.**
**٥) پێویستە هەڵسەنگێنەر جیاوازی بکات لە نێوان دزینی توێژینەوەی زانستی و هەڵە، چونکە هەندێکجار توێژەر بە کەم ئەزموونی دەکەوێتە ئەو جۆرە هەڵانەوە.**

**لەم خالانەی سەرەوە، گرنگی پێناسەکردنی ستاندارد وکۆنترۆڵە زانستی و تەکنیکییەکان دەردەکەوێت، کە لەبەر ڕۆشنای ئەوان توێژینەوە و تێزەکان بە شێوەیەکی دروست هەڵسەنگاندنی وردیان بۆ دەکرێت، تاوەکو پلەیەکی باش لە توێژینەوەی زانستیدا مسۆگەر بکات .**



**شێوازەکانی نوسینی(بەلگەنامەکردنی) سەرچاوەکان و ئاماژەکان لە توێژینەوەی زانستیدا :**

أساليب كتابة (التوثيق) المصادر والمارجع في البحث العلمي

Methods of writing (documentation) sources and references in scientific research



**بەلگەنامەکردنی سەرچاوەکان (نوسینی سەرچاوەکان)دوو بەش دەگرێتەوە، بەم شێوەیە:**

A. **بەلگەنامەکردنی سەرچاوەکان (نوسینی سەرچاوەکان)لە ناو بابەتە وەرگیراوەکانی لاپەڕەکانی** ( التوثيق في المتن Documentation in the text ) **توێژینەووەکان.**

**واتە ئاماژەدان وبەلگەنامەکردنی هەر بابەتێك كاتێك لە سەرچاوەیەکەوە وەردەگیرێت لەناو توێژینەوەکەدا وەك بابەتێکی زانستی نمایش دەکرێت، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکرێت کە ئەو بابەتەی لێوەگیراوە.**

B. **بەلگەنامەکردنی سەرچاوەکان (نوسینی سەرچاوەکان) لە بەشی تایبەت بە سەرچاوەکان**( التوثيق في المصادر Documentation in the sources) **لە دوای دەرەنجامەکانی توێژینەوە .**

**واتە نوسینەوەی سەرچاوەکان لە کۆتای توێژینەوەدا، بۆ ئەم مەبەستە بەشێکی تایبەت کراوە بۆ نوسینەوەی هەموو سەرچاوەکان بە ڕیزبەندی ( أ ، ب) یان (B،A) دوایەك ڕێزدەکرێن .**

بۆ چۆنییەتی نوسینەوەی سەرچاوەکان، چەند جۆرێك شێواز جیهانی هەیە، هەر زانکۆ، ودەزگا، وگۆڤار، وناو ندێکی زانستی پەیرەوی یەکێك لە شێوازەکانی نوسینەوەی سەر چاوەکان دە کەن، دوا جار تو ێژەر بەگوێرەی ئەو شوێنەی توێژینەوەکەی تێدا دەکات و بلاّو دەکاتەوە، بەگوێرەی ڕێنماییەکانی ئەوان ئا ماژەدان و بەلگەنا مەکردن، نو سینەوە سەرچاوەکان دەکات .

وەك ڕوونکرایەوە، چەند جۆرێك لە شێوازی ئاماژەدان وبەلگەنامەکردنی سەرچاوەکان (نوسینی سەرچاوەکان) لە توێژینەوەی زانستیدا هەیە، لە لایەن زانکۆکان و ناوەندەکانی زانستی جیهانییەوە پەسەند کراون، دیارترینیان بریتین لە:

A. **شێوازی بەلگەنامەکردنی کۆمەڵەی پزیشکانی دەروونی ئەمریکی** APA:

طريقة التوثيق لجمعية الأمريكية للأطباء النفسيين

Method of documentation of the American Psychological Association

B. **شێوازی بەلگەنامەکردنی هارڤارد** :

Harvard Documentation Method طريقة توثيق هارفارد

C. **شێوازی بەلگەنامەکردنی کۆمەڵەی زمانی مۆدێرن** MLA:

Modern Language Association documentation method طريقة توثيق جمعية اللغات الحديثة

D. **شێوازی بەلگەنامەکردنی سستمی شیکاگۆ** :

طريقة توثيق من خلال نظام شيكاغو

Authentication method through the Chicago system



**شێوازی بەڵگەنامەکردنی کۆمەڵەی پزیشکانی دەروونی ئەمریکی APA:**

طريقة التوثيق لجمعية الأمريكية للأطباء النفسيين

Method of documentation of the American Psychological Association(NPA) .




**بڕگەی APA کورتکراوەی کۆمەڵەی دەروونی (American Psychological Association)، سەرەتای هاتنەکایەی ئەم شێوازە بۆ ساڵی 1929، ئەمەش دوای بڕیاری پسپۆڕانی دەروونناسی و ئەنسرۆبایۆلۆژیا، چەند ڕێنماییەکیان بۆ چۆنییەتی تۆمارکردنی سەرچاوەکان دەکرد، ڕێنمایەکان بۆ تۆمارکردنی هەموو سەرچاوە جۆراوجۆرەکان بوو کە لەبواری توێژینەوەدا بەکاردەهێنرا، تاوەکو خوێنەری ئاسان بێت. ئەم هێڵکاریە شێوەی بەڵگەنامەکردنی سەرچاوە بە شێوازی APA ڕوون دەکاتەوە.**

| ناوەندی بلاوکردنەوە | شوێنی بلاوکردنەوە | چاپ | ناونیشان | ساڵی بلاوکردنەوە | ناو | نازناو |
|---|---|---|---|---|---|---|

Author surname(s)، initial(s). (Year Published) **Title**. **Edition**. Place of publication: publisher.

❖ **بەڵگەنامەکردن بە شێوازی ( APA ) بۆ ناو بابەتەکانی ( داخل متن ) توێژینەوە :**

**کاتێك ووشەیەك، بڕگەیەك یان چەند ڕستەیەك دەقاودەق ( إقتباس) لە سەرچاوەیەکەوە وەردەگیرێت، پێویستە بخرێنە نێوان دوو کۆماوە، بەم شێوەیە " " ، بەڵام ئەگەر وەرگیراوەکە بە دەقاودەق نەبوو( تعديل)، ئەوا دەخرێتە نێوان دوو کەوانەوە ( )، دواتر لە دوای دووەم کۆما، یان دوو کەوانە، لە کەوانەیەکدا ( ناوی نوسەر، ساڵ چاپ) دەنویرێت.**

**نموونە : ئەگەر وەرگیراوەکە دەقاودەق (إقتباس مباشر) بوو، بەم شێوانە دەنوسرێت:**

- **ئەگەر سەرچاوەکە یەك نوسەر /** الراتب، ٢٠١٦ ، ص.١٠١
- Alratb، 2020، p.101

**نموونە : ئەگەر وەرگیراوەکە دەقاودەق نەبوو** (إقتباس غيرمباشر) **بوو، بەم شێوانە دەنوسرێت:**

- **ئەگەر سەرچاوەکە یەك نوسەر** / (الشقراوي، ٢٠١٦) .
- Mitchell(2017)………- 2017) …….. ،Mitchell)
- **ئەگەر سەرچاوەکە دوو نوسەر** / (الشقراوي، الصباح ، ٢٠١٨) .
- Mitchell and Simth (2017) …………
- 2017) ،Mitchell & Simth)
- **ئەگەر سەرچاوەکە دوو نوسەر زیاتر** / (الشقراوي، الصباح، الخليفي ، ٢٠١٩) .
- Simth and Tomson (2017) …………،Mitchell
- 2017) ……….. ، Simth & Tomson،Mitchell)

- **ئەگەر سەرچاوەکە دوو نوسەر زیاتر** / الأحمد وآخرون (2017) يان (الأحمد و آخرون، 2017).
- Mitchell et al (2017) …………
- 2017) ………..،Mitcheli et al)
- **ئەگەر سەرچاوەکە ناوەند یان دەزگایەك بوو** / (وزرارة تعلم العالي، ٢٠٢٢) .
- (دليل شامل في الإقتباس، ٢٠٢٢) .
- 2017) ………..،A guide to citation)

- **ئەگەر وەرگیراوەکە لە ٤٠ ووشە کەمتر بوو** / عرف سعيد الغربالي (1996) .........متن....... (ص 60)
- **ئەگەر وەرگیراوەکە لە ٤٠ ووشە زیاتر بوو** / (سعيد الغربالي، 1996،ص 60) .................... متن .

- **ئەگەر وەرگیراوەکە لە ماڵپەڕێکەوە بێت** / (" نظام PA "، 2022)
- 2017) ………..،"APA citation")
- **ئەگەر نوسەرێك چەند سەرچاوەیەکی بەکارهاتبوو/** (هاشمي ،٢٠٢١ أ )
- **ئەگەر نوسەرێك چەند سەرچاوەیەکی بەکارهاتبوو/** (هاشمي ،٢٠٢١ ب )
- a) ………..٢٠٢١،Mitcheli)
- b) ………..٢٠٢١،Mitcheli)
- **ئەگەر نوسەرێك سەرچاوەیەکی بە چەند چاپێکی جیاواز بەکارهاتبوو/** حسنين (٢٠٠٧، ٢٠١١،٢٠٠٩)
- 2017) ………..،2013،Mitcheli 2007)
- 2017) ………..،2013،Mitcheli (2007
- **ئەگەر سەرچاوەی دەزگایەك یان ناوەندێك چەندجارێك بەکارهات/**

| | |
|---|---|
| توثيق الإقتباس للمرة الأولى | 2019،Internation citation Association |
| توثيق الإقتباس للمرة الثانية | 2019،citation Association |

❖ بەلگەنامەکردنی بە شێوازی ( APA ) بۆ لاپەڕەی سەرچاوەکان ( المصادر ) لە توێژینەوە :

بریتیە لە نو سینەوە وتۆ مارکردن هەموو ئا ماژەو سەر چاوەکان ( المراجع و المصادر) کە لە توێژینەوە کەدا سوودیان لێ وەرگیراوە، لە لاپەرە یەکی سەربەخۆدا ( بە شی تاي بەت بۆ سەر چاوەکان) لە کۆتای توێژینەوەکەدا، تۆمارکردنی ناونیشانەکان بەم شێوەیە:

١) لاپەڕەیەکی تایبەت بە سەرچاوەکان دیاری بکرێت.
٢) تۆمارکردنی توێژینەوکان بەگوێرەی ناو نوسەرەکان بە ڕیزبەندی ئەبجەدی( أ ..... ب ).
٣) سەرەتا تۆماری سەرچاوە عەرەبییەکان، دواتر سەرچاوە بیانی.
٤) تۆمار بەم شێوەیە : نازاناوی خێزانی، ( ساڵی چاپکردن، ژمارەی لاپەڕە .... ).
٥) لە کاتی نوسین ماوەی نێوان دوو دێرەکان دەبل وەردەگیرێت( دەبڵ سبەیس Double Space)، لە لاپەڕەی وۆردا هەموو نوسینەکە دیاری دەکرێت، کلیکی ڕاست ئەکرێت ، کلیك لە paragraph ، دواتر لە Line spacing، Double هەڵدەبژێرێت .
٦) پێویستە هەموو سەرچاوەکان لێرەدا بنوسرێتەوەکە لە ناوەوەی توێژینەوە بەکارهێنراون .
٧) ئەگەر نوسەرێك زیاتر لە سەرچاوەکی بەکارهاتبوو لە توێژینەوەکەدا، بەگوێرەی ڕیزبەندی ساڵ تۆماردەکرێن.

بەلگەنامەکردنی لە لاپەڕەی سەرچاوەکاندا بە شێوازی ( APA ) بەم شێوەیە :

نموونە :

| شوێنی بلاوکردنەوە | ناوەندی بلاوکردنەوە | چاپ | ناونیشان | ساڵی بلاوکردنەوە | ناو | نازناو |
|---|---|---|---|---|---|---|

Author surname(s)، Title (Year Published) initial(s). publisher، Place of publication.

❖ ئەگەر سەرچاوەکە کتێب بوو:

❖ إسم عائلة المؤلف ، اسمه ، (سنة النشر)، عنوان الكتاب ويميز بوضع خط تحته ، الناشر، مكان النشر
❖ بكر، ئاسو محمود رضا، (2014)، تأثيرتمارين اليوغا والبدنية في تنظيم موجات الدماغية والكيميا الحيوية، ط١، دارالحامد للنشر والتوزيع ، الاردن.
